2

# هێما

وەرزنامەیەکی فەلسەفی، فیکری و سیاسییە ٭ ساڵی یەکەم ٭ ژمارە (٢) ٭ زستانی ٢٠٢٢



## سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی

ئەنارشیزم و ئازادی

نرخی ئازادی لە دیدگای هونەرەوە

گفتوگۆیەک لە گەڵ د. شێرکۆ کرمانج

ڕێکخراوەکانی کوردستان بە گشتی لەگەڵ دەستەواژەی ئازادییدا بە چ شێوەیەک مامەڵەیان کردووە؟

هێما 2

وەرزنامەیەکی فەلسەفی، فیکری و سیاسییە

ساڵی یەکەم ٭ ژمارە (٢) ٭ زستانی ٢٠٢٢

HEMA

First year - No. 2 - winter 2022

فایلی ژمارەی داهاتوو

## چەمکی یەکسانی

دەستەواژەی یەکسانی واتایەکی سەرنجڕاکێش و ئاڵۆزی هەیە. لە هەندێ حەوزەی کۆمەڵایەتییدا یەکسانبوون و یەکسانی زیاتر، زەروور و ڕەوایە، هاوکات لە تەک ئەوەدا حەوزە و بەستێنی دیکەیش هەن کە لە تەک یەکسانیدا تەبا نین و نابن.

لە بەستێنی شرۆڤەی دیاردەی یەکسانیدا دوو ڕەوتی سەرەکی بەدی دەکرێن؛ لە لایەکەوە پرسی دابەشکاری یەکسانی سەرمایە و سامانی کۆمەڵگە دەبێتە دەغدەغە و لە لایەکی دیکەشەوە پرسی دەرفەتی یەکسان بۆ هەر تاکێک و هەر شارۆمەندێک دەوری سەرەکی دەگێڕێ؛ واوەتر بۆ ئەم بەرنامە تیشک دەخرێتە سەر پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و سەر سەبکی لۆژیک و کاریان، تا بزانین چ دەرفەتگەلێک بۆ بە ئاکام گەیشتنی توانایی و پۆتەنسیالی هەر شارۆمەندێک دەڕەخسێنن. لە ئاکامدا هەردوو جەمسەر دەبێ ناوەرۆک و واتای یەکسانی بە پۆلێنی دادپەروەری و ئازادیەوە گرێ بدەن. بە واتایەکی دیکە، هەرکەس کە لە بەستێنی بیرۆکەی یەکسانییدا هاوڕای مێتۆدی ئیدئالی نۆرماتیڤیی (پێشنیازیی) بێت، ئەوە دەبێ لە بنەڕەتترین هەنگاودا ڕوانگەیەکی تایبەتیشی سەبارەت بە ئازادی هەبێ، هەتا لە هەنگاوی دواتردا بە گوێرەی پێویست گرامەری هزری یەکسانی بخوێنێتەوە؛ ئەو کات لەو ئاستەوە دەتوانێ بە بەڵگە و مەنتیقەوە جیاکاری نێوان یەکسانی بەستێن و حەوزە جیاوازەکان بکات؛ سەرئەنجام دەبێ واتای دەستەواژەی یەکسانی پێگەی ئازادی ڕەچاو بکات و دەرفەت بۆ یەکسانی سیاسی بهێڵێتەوە، چونکە ئەمە خۆی جەوهەری نەزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیموکڕاسییە.

ژمارە سێی گۆڤاری «هێما» هەوڵ دەدات، لە سووچی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەو لایەن و ڕەوتە جیاوازانەی دەستەواژەی یەکسانیی بڕوانێت.

**وەرزنامەیەکی فەلسەفی، فیکری و سیاسییە - ژمارە (٢) - زستانی ٢٠٢٢**

وەرزنامەی هێما، گۆڤارێکی فەلسەفی، فیکری و سیاسییە کە بە چاوی ڕەخنەوە بۆ کۆمەڵگەی سەردەم ئەڕوانێت و گەشە نەرێنی و ناساخەکانی ئەخاتە ڕوو.

واوەتر «هێما» بۆ خۆی کردۆتە ئامانج، لە بەستێنەی ڕەخنە و شیکاریی ئەو دیاردە و گەشە کۆمەڵایەتییانەدا بانگەشەی بەدیل و گۆشەنیگایەکی دیکە بۆ شێوە ژیانێکی «باش» و دادپەروەرانە بکات؛ ژیانێک کە شیاوی «مرۆڤ» و مرۆڤایەتیی بێت.

لەم بەستێنەدا زانستە مرۆییەکان و شرۆڤەی نوێترین ڕوانگە و ڕەوتە فیکرییەکان ئەکرێنە بنەمای ئافراندنی هزر و بیری نوێ.

## ستاندارد و پێوەری بڵاوبوونەوەی بابەت و دارِشتنەکان لە گۆڤاری هێما-دا

- بابەتەکان گرێدراو و بەندن بە تەوەری دیاریکراوی هەر ژمارەیەکەوە.
- بابەتەکان دەبێ بابەتی فیکری، فەلسەفی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و سیاسیی بن. بابەتی بواری ئەدەبی و مێژوویی و ستاتیکا دەبێ یا خاوەن پەیامێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی سیاسیی بن، یاخۆ دەبێ شرۆڤە و لێکدانەوەیەک بکەن کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی کاکڵی تەوەرەکە بێت. هەر بابەتێک دەبێ کۆمەڵێک خاڵی بنەڕەتیی ڕێزمان و فەنی دارِشتن ڕەچاو بکات و لە سەر بنەمای مەنتیق نووسرابێت. هەر نووسەرێک بۆ خۆی لە ڕێزمان و ئەدەبییات و سەبکی دەربڕین بەرپرسە.
- دارِشتنەکان تەنیا بە زمانی کوردی بڵاودەبنەوە، هیچ بابەتێک بە بێ سەرچاوەی شەفافی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەرناچێت، بیروبۆچوونی شەخسیی هەر نووسەرێک دەبێ شەفاف دیار بێت و دەستنیشان کرابێت؛ دارِشتنی دۆگمیی بەبێ سەرچاوە و دارِشتنی تەبلیغاتیی بێ بنەما جێگەیان لەو گۆڤارەدا نابێتەوە.
- بیرۆکەی ئایدیۆلۆجی و ڕادیکاڵ کە دژی بەهاگەلی هاوشێوی تۆلەڕانس و فرەچەشنی و کەرامەتی مرۆڤ بن، لە هێمادا جێگەیان نابێتەوە.
- ئەم گۆڤارە لە گۆشەنیگای چەپ و سۆسیالیزمەوە بۆ دونیا ئەڕوانێت، بەڵام هەر بابەتێکیش کە ڕەخنەی مەنتەقی و زانستیی لەو جیهانبینییە بگرێت، دەرفەتی پەخشبوونەوەی پێدەدرێت.
- درێژیی بابەت دەبێت سێ تا هەشت لاپەڕەی (A4) بێت. لە ئاکامدا ئەوە سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی گۆڤارن کە دوایین بڕیار لە سەر دارِشتنەکان و پەخشبوون و بڵاونەبوونەوەیان دەدەن.

ناردنی بابەت: govari.hema@gmail.com

هێما ٣

**سەرنووسەر** د. هیوا عەلیدوست

**دیزاین** هەژیر

**ماڵپەڕ** www.hema.com

**ئیمەیل** govari.hema@gmail.com

**هاوکارانی ئەم ژمارە** د. دیتمار ڤێبەر، ئەحمەد ئەسکەندەری، حسەین شەبەق، لالە عەبدە، د. شێرکۆ کرمانج، د. باقر فەرەنگیس، ڕەشاد مستەفا سوڵتانی، ئاژوان کوردستانی، د. مەنسور سۆهرابی

# لەم ژمارەدا:

5 سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی - **د. هیوا عەلیدوست**

20 ئاخافتنێکی کراوە لە تەک د. دیتمار ڤێبەر–دا

31 ڕێکخراوەکانی کوردستان بە گشتی لەگەڵ دەستەواژەی ئازادییدا بە چ شێوەیەک مامەڵەیان کردووە؟ - **ئەحمەد ئەسکەندەری**

41 ئەرکی هونەر بەرگری لە ئازادییە - **حسەین شەبەق**

56 نرخی ئازادی لە دیدگای هونەرەوە - **لالە عەبدە**

59 سۆسیالدیمۆکراتیزم و سەرنجێک (١) - **د. هیوا عەلیدوست**

68 گفتوگۆیەک لە گەڵ د. شێرکۆ کرمانج

80 گۆمی زرێوار کەوتووەتە بارودۆخێکی سامناکەوە - **د. باقر فەرەنگیس، ڕەشاد مستەفا سوڵتانی**

90 ئەنارشیزم و ئازادی - **ئاژوان کوردستانی**

100 گفتوگۆیەک لە گەڵ دوکتۆر د. مەنسور سۆهرابی

# سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی



د. هیوا عەلیدوست

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی فیکر و ئەندێشەی سێسەد ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، ئەگەر بە سەرنجی وردەوە بۆ زۆرینەی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بڕوانین، ئەوە گومان لەوەدا نامێنێ کە دەستەواژەی ئازادی چەشنی ئاورینگ و جرەقە گەورەترین وزە و تینی بە داگیرسانی گۆڕانکارییەکان بەخشیوە. کۆمەڵێک دەستەواژەی سیاسی و ئەخلاقی هەن کە لە دونیای هزردا بنەڕەتین و جەمسەرە هەستیارەکان هێڵکێشی دەکەن؛ بەڵام هیچ کام لەو دەستەواژانە ناتوانن بە بێ واتای ئازادی خۆیان پێناسە بکەن. ئازادی بە واتای سەربەخۆیی تاک، گەورەترین وزە بووە بۆ ڕەهابوونی تاک و کۆمەڵ لە دەستی دەسەڵاتدارانی سیاسی و زۆر نۆرمی ئەخلاقی و کەلتووری. هەربۆیە لە فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەستەواژەی ئازادی و دادپەروەری بە گەورەترین پۆلێنەکان لە قەڵەم دەدرێن؛ هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تا بە ئەمڕۆی سەردەمی پەسامۆدێرنیزم، ئەو دوو دەستەواژە گەورەترین دەرفەتیان بۆ دونیای ڕەخنە بەدەستەوە داوە. پێناسەکردن و تێگەیشتن لە ئازادی ئەمڕۆ تەنیا ئەرکی فەلسەفە نەماوە، بەڵکە شاخەزانستی نویرۆلۆجی و دەروونناسی ئەو گۆڕەپانەیان بە فەلسەفە کەم تا زۆر بەرتەسک کردووە؛ هەرچەن هەڵگری مەیلێکی بەهێزن بۆ ئەوەی گوتاری زاڵ و سەرەکییان بەدەستەوە بێ، بەڵام هەروا بە هاسانی بە سەر تواناکانی فەلسەفەدا باز نادەن؛ ململانێی نێوان ئەو دوو بیردۆزە هێشتا لە سەرەتادایە و لە دەیەکانی داهاتووشدا درێژەی دەبێ. من کەمتر خۆم بەو دیاردە تازەوە سەرگەرم دەکەم و زیاتر بە شیاوی دەزانم ئاوڕێک لە سێ فۆرمی ئازادی بدەمەوە کە لە سەدەکانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی تەواو بەرچاو پاڵنەری گەشەی مۆدێرنیزم (ڕۆشنگەرایی) بوون، جا مۆدێرنیزم بە لایەنی دەوڵەتداری، ئەخلاق و پێناسەی تاکەوە. یەکەم مۆدێلی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی وڵاتی ئینگلیز و سەدەی شازدە و حەڤدە و بۆ هزری بیرمەندانی وەک «تۆماس هەبس و جان لاک»، ئەم شێوە لە ئازادی هەر لە سەرەتاوە بە ناوی ئازادی نەرێنی ناوی دەرکردووە (١). دواتر باس لە مۆدێلێکی دیکەی ئازادی دەکەم کە خۆی بە تەواوکاری سەبکی یەکەم دەزانێت و لە هزری بیرمەندانی وەک «ژان ژاک ڕۆسۆ، ئیمانوێل کانت و یۆهان گۆتفرید هێردەر»–وە سەرچاوە دەگرێت و بە ئازادی ئەرێنی ناو دەبرێت (٢). لە دوایین هەنگاودا تیشک دەخەمە سەر ئازادیی کۆمەڵایەتی، ئەم شێوە ئازادییە بە تەواوی واتەوە بە ناوی بیرمەندی ئاڵمانی «گیۆرگ ڤیلهێلم فرێدریش هێگلەوە» گرێدراوە و بۆ خۆی کردۆتە بەرنامە و ئەرک، واتای تیئۆریی ئازادی بەرینتر بکاتەوە و لە کۆمەڵێک پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا وێنا و واقعیی بکات (٣).

## (١)

ئایدیای ئازادی نەرێنی یەکەم بەرنامەی واتاکراوی دەستەواژەی ئازادییە. یەکەم واتای ئازادی کە ئاوڕ لە ماف و دەسەڵاتی تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەداتەوە. یەکەم

واتا کە باس لە مەدەنییەت دەکات و سنووری نێوان دەوڵەت و تاک و نێوان تاکەکان بە گشتی دیاری دەکات. دیارە ئەم ڕوانگە پێش هەموو شت تاک دەخاتە مەڵبەند و بە ئازادییەک لە قەڵەم دەدرێت کە ئازادبوون لە دەستێوەردان و دەستدرێژکردنی بێبنەمایە؛ لەم بەستێنەدا شعور دەور دەگێڕێ، مرۆڤ لە دۆخی سروشتی و غەریزە دێنێتە دەرەوە و لە سەر بنەمای مەعریفە بە ماف و ئازادی دەوروبەرانی ئاشنای دەکات. پرسی ئازادی دەکاتە پرسێکی دوو لایەنە، پرسی من و ئەو، ئازادی تەنیا کاتێک مانای هەیە کە ئازادیی من و ئەو بێ؛ کاتێک کە منی تاک ئازادی خۆم بە بەهایەکی بێهاوتا لە قەڵەم دەدەم، کەوایە دەبێ ئەو مافەش بە دەوروبەرم بە ڕوا بزانم. بە واتایەکی دیکە ئەم گەشە، گەشەیەکی سیاسی بەرین و هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو شارەستانییەت. لە ئاکامدا سەرەکیترین پلەی بیرۆکە و نیزامی دیموکڕاسییە. گەر بە سەرنجی وردەوە بۆ نەزم و نیزامی سیاسیی دیموکڕاسی بڕوانین، ئەوە ناتوانین ئاوڕ لە دەسەڵات نەدەینەوە. لە حەوزەی سیاسیدا دەسەڵات گرینگترین دیاردەیە. دەسەڵات بەو واتای کە دەتوانێت هەم سازێنەر و داهێنەر بێت و هەم ڕوخێنەر و شێوێنەریش بێت. بەڵام من باسم لە دیموکڕاسی کرد، نیزامێک کە دەسەڵات دابەش و کۆنترۆڵ دەکات. هەر بۆیە یەک پرەنسیپی بنەڕەتیی هەیە کە هەم لە بیرۆکەی ئازادی نەرێنیدا و هەم لە نیزامی دیموکڕاسییدا بەرچاوە، ئەویش پرەنسیپی دوولایەنە و گشتییە. هەر کردەوەیەک کە من بۆ خۆمی بە

ڕەوا و مەنتەقیی دەزانم، دەبێ هەمان کردەوەش بە بەرامبەرەکەم ڕەوا ببینم. هەر بۆیە دەسەڵات پێناسەیەکی دیکە وەردەگرێت، دەسەڵات ئەرکی تەنیا ئەمردان نامێنێ، دەسەڵات تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوە بڕیار نادات، چونکە ڕووبەڕووبوونەکان و کردەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بنەمای یەکسانی بەڕێوە دەچن، ئەمە لایەنێکی پرنسیپەکەیە کە لە ژێر ناوی دوولایەندا باسی لێدەکرێت. بەڵام لایەنێکی دیکەی ئەو پرەنسیپە لایەنە گشتییەکەیەتی، ئەم لایەنە ئاماژە بەوە دەدات، کە هەموو نۆرم و یاساکان گشتین و سەردەمی هەڵاواردن و نایەکسانی بەسەر چووە، سەردەمی ژێردەستی و باڵادەستی بڕیاردان بەسەر چووە، سەردەمی ئازادی جیاواز و ئازادی زیاتر و کەمتر بۆ من و بۆ تۆ بەسەر چووە. چونکە جەوهەری ئەو پرەنسیپە ئاوڕدانەوە لە بەهاگەلی وەک کەرامەتی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە بوونەوەری مرۆڤە. ئازادی نەرێنی ئازادبوونە لە دەستی زۆر و خواستی بێبنەمای دەوڵەت. هەربۆیە بیرمەندانی گەشبینی وەک «جان لاک، ئێدم سمیز و جۆن ستوارت میل»، قەناعەتیان بەوەیە کە هەر تاکێک پێویستی بە حەوزەیەکی شەخسیی خۆی هەیە، ئەویش حەوزەیەک کە هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی و دەوڵەت دەستی پێینەگات. پاراستنی یاسایی ئەو حەوزە شەخسییە زۆر کاریگەرە، بە تایبەت بۆ ئەوەی کە هەر تاکێک لەو حەوزەدا دەرفەتی ئەوەی پێبدرێت، خۆی بۆ کورتماوە پەرواێز بخات و بەشداریی ژیانی حەوزەی گشتی نەکات، تا بە وردی بە ناخی خۆیدا

بچێتەوە و بیر لە مانای ژیانی خۆی و سەبکی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی بکاتەوە، بە مەرجێ کە ئەو مافەش بە هەموو تاکەکانی دیکە ڕوا ببینێ. ئەگەر ناوەڕۆکی باسەکەم جەم بکەمەوە، ئەوە دەتوانم بڵێم، هەوڵی سەرەکیی ئازادیی نەرێنی هاوسەنگیڕاگرتنی نێوان سەروەری تاک و دەسەڵاتی دەوڵەتە. هاوکات لە تەک ئەوەشدا سنووری نێوان تاکەکان هێڵکێشی دەکات، هیچ تاکێک مافی نییە سەبکی ژیان و بیرو هزر و جیهانبینیی خۆی بە سەر تاکێکی دیکەدا بسەپێنێت. پلوراڵیزم ئا لێرەوە چەکەرە دەکات و دەبێتە بەهایەکی سەردەمی و تۆلەرانسخوازی. بە سەر ئاماژدان بەو هەموو لایەنە ئەرێنییەی ئازادی نەرێنیدا، نابێ پشت گوێی بخەین کە لە ئاکامی گەشەی ئەو ئایدیادا، کۆمەڵێک خەسڵەتی وەک خۆویستی لە ڕادەبەدر و دوورکەوتنەوە لە هەستی بەرپرسی پەرەیان سەندووە. بیرمەند زۆرن کە ماکی ئازادی نەرێنی بە نەزمی فیکری لیبراڵیزم و نیولیبراڵیزمەوە گرێ دەدەن، ئەو هێڵە ڕەخنەگرە لە گەشەی ڕادیکاڵی ئازادی تاکدا، سەرهەڵدانی ناساخیی بەستێنەی یاسا و ڕەوشت بەدی دەکات؛ واتە دوو شێوە ناساخی کە لەتمەی گەورە لە پرۆسەی دیموکراسی دەدەن. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکانی جیهاندا دوو شێوە تیپ لە مرۆڤ سەریان هەڵداوە کە هەردووکیان ڕەنگدانەوەی ئەو گەشە نەرێنییەن. یەکەم تیپ بریتییە لە جۆرە مرۆڤێک کە لە تەک ئازادی تاکدا بە گوێرەی پێویست مامەڵە ناکات و بووەتە کەسێکی بێبڕیار، چونکە ناتوانێت لە نێوان دیاردە بەرفراوانەکاندا

***«ڕۆسۆ» هەموو جۆرە کردەوەیەک بە کردەوەی ئازاد لەقەڵەم نادات، کردەوەیەک کە لە پێناو حەزدا ئەنجام دەدرێت، بە کردەوەیەکی ئازاد نازانێت و پێیوایە تەنیا کردەوەیەک کە لە پێناو بڕیار و یاسایەکی مەنتەقیدا بەڕێوە دەچێت، ئەویش بەپێی یاسایەک کە خۆمان لە سەر بنەمای مەنتەق بۆ خۆمان بڕیوەتەوە و واژۆمان کردووە.***



بژاردەی بڕیاری سەربەخۆ بکات. دووەم تیپ جۆرە مرۆڤێکە کە بڕیاری ئێستا و ئەمڕۆی تا دوای نیوەڕۆ و ئێوارە بڕ دەکات و بڕستی ئەوەی نەماوە بڕیاری بە بنەمای درێژماوە بدات. کاتێک کە سەردەمی پەسامۆدێرنیزم ڕەوشت دەکاتە ئەمری شەخسی تاک، کاتێک ئایین تەنیا ئەرکی سەبووریبەخشینی ماوە، کاتێک سیاسەتی نیولیبڕالیزم واتای تاک لە شێوەیەک ئەتۆمبوونی تاکدا قەتیس دەکاتەوە، ئەوکات سەرهەڵدانی ئەو شێوە تیپانە لە مرۆڤ چاوەڕواننەکراو نییە. بۆ وێنە لە بەستێنی یاسادا تاکەکان بە شێوەیەک بارهاتوون و پەروەردە کراون، کە لە بچووکترین کێشە، گرفت و وەیکچوونی بنەماڵەی و کۆمەڵایەتییدا پەنا بۆ یاسا دەبەن، ئەوە یاسایە کە دەبێ کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات. ئەی کوا بڕستی ئاخافتن، گفتوگۆ و هاوکاری بۆ نەهێشتنەوەی ناکۆکییەکان؟ بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بەردەوام درووشمی بریقەدار بۆ دیسکورسی مەنتیقی و دیموکراسی دەدرێت. دیارە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئایدیای ئازادی نەرێنی بۆ بەستێنێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە کە تێیدا شەڕی ئایینی و ڕوانگەی موتڵەق باڵادەست بوون و تەبابییە کۆمەڵایەتییەکانی خەوشدار کردبوو. لەو کاتەدا دیاریکردنی سنووری نێوان تاکەکان و بایەخدان بە فیکری سەربەخۆ زۆر پێویست بوو، هەربۆیە ئاکامی ئەو گەشە دەبێتە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵێک پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نیزامی دیموکراسی.

(٢)

بە سەر هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئایدیای ئازادی نەرێنییدا، ئەو ئایدیا تەواو کامڵ نەبوو و پێویستی بە تەواوکاری زیاتر بوو. لە فەڕانسەوە «ژان ژاک ڕۆسۆ»، لە وڵاتی ئاڵمان «ئیمانووێل کانت و یۆهان گۆتفرید هێردەر» بوون کە پەنجەیان نایە سەر کەمایەسییەکانی ئەو مۆدێلە لە ئازادی و چەند دانە توخمی تازەیان پێ زیادکرد، جا گومان لەوەدا نییە کە بەو کارە ئایدیای ئازادیان زۆر دەوڵەمەندتر و کامڵتر کرد. هەروەک پێشتر باسی لێکرا، ئازادی نەرێنی بۆ ڕووی دەرەوەی دەڕوانی و بریتی بوو لە ئازادبوون لە دەستتێوەردانی ناڕەوای دەرەکیی بێبنەما. بەڵام ئازادی ئەرێنی بۆ ناخی تاک دەگەڕێتەوە و بۆ ڕووی ناوەوەی مرۆڤ دەڕوانێت. ئازادی ئەرێنی بریتییە لە پەیوەندییەکی ئازاد لە تەک خودی خۆدا؛ هەربۆیە ئەم ئازادییە زیاتر بە ڕەسەن و «ئۆرجینال» لە قەڵەم دەدرێت. ئەوە «ژان ژاک ڕۆسۆ»یە کە بە هەستێکی ناسک و بیرێکی تیژەوە هەر بە زوویی ئاماژە بە کەموکەسریی ئازادی نەرێنی دەدات و دەڵێ: ئاخر خۆ تەنیا بەرگرتن لە دەستتێوەردانی دەرەوە، ناتوانێ ئازادی پێناسە بکات. هەر بۆیە لە بەرهەمە گەورەکەیدا «بڕیارنامەی کۆمەڵایەتی» باس لە واتایەکی ئاڵۆزی ئازادی دەکات و ئاماژە بە خواستی ئازادی تاک دەدات. «ڕۆسۆ» هەموو جۆرە کردەوەیەک بە کردەوەی ئازاد لەقەڵەم نادات، کردەوەیەک کە لە پێناو حەزدا ئەنجام دەدرێت، بە کردەوەیەکی ئازاد نازانێت و پێیوایە تەنیا کردەوەیەک

که لە پێناو بڕیار و یاسایەکی مەنتەقیدا بەڕێوە دەچێت، ئەویش بەپێی یاسایەک کە خۆمان لە سەر بنەمای مەنتەق بۆ خۆمانمان بڕیوەتەوە و واژۆمان کردووە. دیارە «ڕۆسۆ» زۆر بە باشی وێنەی پێگەیشتنی تاکی سەردەمی مۆدێرنیزمی لە بەرچاوە و لە ڕێگای واتای ئازادییەوە بناغە بۆ فەلسەفەی سەبجەکت و تاک دادەڕێژێت. بەڵام «ڕۆسۆ» هێشتا نە لە «بڕیارنامەی کۆمەڵایەتی» وە نە لە «ئێمیل، یان سەبارەت بە پەروەردە» وێنا و واتای خواستی ئازادیی لە بەر چاودا بووە، هەربۆیە زۆر ناخایەنێت و دوو دانە بیرمەندی دیکە چەکەرەی ئەو هزرە سەرنجڕاکێشە هەڵدەگرنەوە و دەیکەنە هەوێنی دوو هێڵی فیکریی ئازادیی تەواو جیاواز لە یەک. هێڵی یەکەم بە هێڵی «ئیمانول کانت» ناو دەردەکات و هێڵی دووەم بە ناوی «یۆهان گۆتفرید هێرد»ەوە دەبێتە گرامەرێکی سەربەخۆی ئازادی. بۆ کانت زۆر بنەڕەتییە کە مرۆڤ توانا و دەرفەتی ئەوەی هەیە، خۆی سەروەر بێ و یاساداڕێژەری کردەوە و ڕەوشتی خۆی بێت. هەروەک پێشتر «ڕۆسۆ» ئاماژەی پێدەدات، بۆ «کانتیش» تەواو ڕوونە کە خواست نابێ هێچ سات ببێتە بەردەی حەز و ڕەوشتە نامەنتەقییەکان. بە پێچەوانەوە ئەو خواستە هیچ دەرفەتێکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە بێجگە لەوەی کە خۆی یاساداڕێژەری خۆی بێ. چونکە مەنتیق ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەر تاکێک دەبێ بە شێوەیەک ڕەوشت و کردەوەی خۆی میزان بکات، کە هەمان کردەوە بۆ هەموو لایەک هەڵگری مەنتیق بێت و تایبەتمەندیی ئەوەی تێدا بێت، چەشنی یاسایەکی گشتیی خاوەن پرەنسیپی دوو لایەنە و گشتی بێت. واتە ئەو ڕەوشتە دەبێ ئەوەندە مەنتیق هەڵبگرێت کە من هەرگیز لە لایەنی بەرانبەریشمی بە ئیراد نەگرم، واتە چۆن خۆم بۆ خۆمی بە ڕەوا و درووست ئەزانم، دەبێ بەهەمان شێوە بۆ هەموو کەسێکی دیکەشی بەڕەوا بزانم و قەناعەتیشم بەوە هەبێ کە ئەو کردەوە لە سەر بنەمای مەنتیقی بێگەرد دەتوانێ هەموو کاتێک چەشنی یاسایەکی گشتی کاریگەریی هەبێ. دواتر "کانت" لە فۆرمولێکی ناوداریدا زۆر بە باشی کۆبەندی ئەو بیرۆکەیە دەکات و دەڵێ: مرۆڤ پێویستە کردەوەکانی بە شێوەیەک دابڕێژێ، کە هیچ سات نە لەگەڵ تاکە مرۆڤێکی دیکە و نە لەگەڵ مرۆڤایەتی بە گشتی چەشنی کاڵا مامەڵە بکات، واتە هیچ سات مرۆڤ نەکاتە کەرەسە، بەڵکە خودی مرۆڤ بە هۆکاری سەرەکی ببینێ. مرۆڤ دەبێ خواستی ئازادی خۆی لە ئازادیدا پێناسە بکات و دەرفەت بۆ ئەوە نەهێڵێتەوە لە ڕووی هەست و حەزەوە هێڵی خواستی دیاری بکات. لوتکەی ئەم ئایدیا زۆر بەرین و ئاڵۆزە، چونکە کاتێ کە هەر تاکێک باوەڕ و قەناعەتی بە مەنتیق هەبوو، ئەوە دەبێ لە دوایین هەنگاودا خوازیاری نەزمێکی کۆمەڵایەتی بێت کە لە سەر بنەمای مەنتیق بەڕێوە دەچێ و ئەندامەکانیشی خاوەن ڕەوشتێکی مەنتەقین. هێڵی دووەمی پرسی ئازادی ئەرێنی بە ناوی «هێردەر»ەوە گرێدراوە و بە هەمان شێوە سەرنجڕاکێشە، ئەم هێڵە فیکریە لە دەیەکانی ڕابردوودا بووژاوەتەوە و

له بەستێنی دیسکورسی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا بایەخی زۆری پێدەدرێت، ئەویش بە تایبەت لە پرسی ڕوانیین بۆ ژیانێکی باش و خۆپێگەیاندنی تاک. دیسکورسی بەڕەسمییەتناسین ئاوڕ لە ڕەسەنبوون و خۆبوونی تاک دەداتەوە و هزری «هێردەر» دەکاتە سەرچاوە و دەیهێنێتەوە بەرچاومان کە فەلسەفەی ڕەوشتی گەردوونی، لایەنی نادیار و تاریک و لاوازی هەیە و ئەم ڕوانگەی «هێردەر» دەتوانێت بەدیلێک بێت لە بەرامبەر ئەو لایەنە لاوازانەی هێڵی ناوبراودا. «هێردەر» بە پێچەوانەی «کانت» قەناعەتی بەوە هەبوو، کە تاک دەبێ مۆڵەتی ئەوەی پێبدرێت بە ناخی خۆیدا بچێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو خولیا و حەزە ڕەسەنەکانی خۆی بناسێت، دواتر بتوانێت ئەو تایبەتمەندییە شەخسیانەی خۆی بخاتە چوارچێوەی ڕێزمانێکی گشتییەوە. بیرمەندی ناوبراو باوەڕی بەوە هەبوو کە هەر تاکێک خۆی، خاوەن ڕۆحێکی سەربەخۆ و بێهاوتایە، ڕۆحێک کە بە خزمەتگوزاری ڕێکوپێک، چەشنی گوڵێک دەگاتە ئەوپەڕی گەشەی خۆی. هەر تاکێک بتوانێ لە پرۆسەی لەخۆپرسینەوەدا بە تەواوی واتاوە بە قوڵترین ئاستی ناخی، یاخۆ کرۆکی خۆی بگات، ئەو کات بە باشی بۆی ڕوون دەبێتەوە و دەڵێ، ئیتر گومانم لەوە نییە کە گەشەی جیسمی و کەسایەتییم بەو ئاست و شوێنە گەیشتووە کە دەبووا بگەشتایە. هەردوو بیرمەندی ناوبراو، واتە «کانت و هێردەر» لە دوو خاڵی بنەڕەتییدا کۆکن، یەکەم لە سەرە ئەوەی کە ئازادی نەرێنی کەموکووڕیی هەیە و

*لە ڕوانگەی «کانت»ەوە یاساداڕشتن لە سەر بنەمای مەنتیق زۆر پێویستە و لەو بەستێنەدا ئاماژە بە دەستەواژەی ڕێز دەدات، ڕێز لە لای «کانت» هەستێکە، بەڵام هەستێکی زۆر جیاواز لە هەستەکانی دیکە.*



پێویستی بە تەواوکاری هەیە، چونکە ڕووی ئازادی نەرێنی ڕوو بەدەرەوە و دیگەرانە و کەمتر بایەخ بە کرۆکی خودی تاک دەدات. خاڵی دووەم ئەوەیە کە سەرچاوەی بیرۆکەی ئازادی ڕەسەن تەنیا لە وجوودی خودی تاکدا بەدی دەکرێت، بۆ «کانت» ئەو سەرچاوە بریتییە لە خۆ ڕزگارکردن لە حەز و خولیای بێبنەمای نامەنتیقی، حەز و خواستێک کە چەشنی چڵی سەر ئاو گەمە بە تاک دەکات.

هەربۆیە پێشنیاری یاسابەخۆدانێکە کە لە سەر بنەمای مەنتیقی بێگەرد دامەزرابێت، یاسایەک کە تاک خۆی لە ڕووی مەنتیقی خۆیەوە دایدەڕێژێت و دواتر بە تەواوی واتاوە پەیڕەویی دەکات؛ هەتا جێگە و مەیدان بۆ غەریزە و حەزی بریقەدار نەهێڵێتەوە. بەڵام هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا «هێردەر» ڕێگایەکی دیکە هەڵدەبژێرێ، ناوبراو بایەخ بە خۆزگە ڕەسەنەکانی تاک دەدات، بەمەرجێک ئەو ئاوات و خۆزگانە لە دۆخێکی ئازاددا و دوور لە هەر شێوە گوشارێک بە ئاکام و ئەوپەڕی گەشەی خۆیان بگەن. لە ئاکامدا بۆ «کانت» زەروورە کە تاک خۆی داڕێژەری یاسای مەنتەقیی کردەوە و ڕەوشتەکانی خۆی بێت و بۆ هێردەریش زەروورە کە تاک دوور لە هەر چەشنە گوشار و ڕێگرییەک دەرفەتی خۆدۆزینەوەی پێبدرێت. کاریگەری هزری «کانت» لە سەر پرسی سەربەخۆیی، کەرامەتی مرۆڤ و ڕێزی بنەڕەتی بۆ مرۆڤ، جێگای ڕێز و پێزانینە، کاریگەری هزری «هێردەر»یش لە سەر درووستبوونی خواست و خۆزگەی ڕەسەنی تاک ئاوێتەی پرسی کەسایەتی پەروەردەکرن و خۆ پێگەیاندن دەبێت و بەهەمان شێوە جێگەی ڕێز و پێزانینە. واوەتر پاش مەرگی «هێردەر» تا ڕادەیەک ماڵئاوایی لەو ڕوانگە کرا کە ئازادی تەنیا لە کرۆک و ناخی تاکدا دەدۆزرێتەوە، بەڵام لایەنە گرنگەکەی ئەو ڕوانگە کە بریتییە لە بێهاواتایی هەر تاکێک، تا بە ئەمڕۆ کاریگەرە و لە زۆر شاخەزانستی مۆدێرندا دەور دەگێڕێ. لە فەلسەفەی مۆراڵ و ڕەوشتدا، لە بەستێنی پرسی بەڕەسمییەت ناسینی هەر کەلتوور و کەمینەیەکی کۆمەڵگەدا، یاخۆ لە شاخەزانستی پەروەردەدا ئەو پەیامە باڵادەستە، کە هەریەک لە ئێمە، پاش ناسینی خۆ و پاش دەستبەرکردنی شوناسی تاک و گروپ، مافی ئەوەمان هەیە کە خوازیاری بەڕەسمییەتناسران بین، واوەتر کۆمەڵگەش وەڵامدەرەومان بێت و ئەو داواکاریەشمان بە جیددی بگرێت، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ جار داواکاریەکان تەواو ڕەوا و بەرحەقیش نەبن. ڕەنگە ئەمڕۆ پاش ئەوەی کۆمەڵێک دیاردەی پەسامۆدێرن کاڵبوونەتەوە و نیسبی کردنی زۆر بەهای کۆمەڵایەتی خراوەتەوە ژێر پرسیار، هەمان خاڵی هزری «هێردەر» جێگای سەرنج بێت، کە داوای بەناخ گەیشتن و داوای بە ڕەسەنایەتی گەیشتنی ناخی مرۆڤ و تاکی دەکرد. چونکە پێکهاتە دەوڵەتی و کۆمەڵایەتییەکان بە وزەیەکی زۆر گەورەوە ئەرکی پەروەردەی منداڵ و عامیان گرتۆتە ئەستۆ و هەوڵی هاودەستکردنی "تاکی" ئەم سەردەمەن. بۆ «هێردەر» زۆر زەروورە کە هەر تاکێک دەرفەتی ئەوەی پێبدرێت لە پاناتایی کۆمەڵگەدا بە ئازادی و بە

ڕێزمانێکی حەوزەی گشتی سەبارەت بە خواست و خولیا شەخسییەکانی خۆی بدوێ. چونکە هەر تاکێک ڕۆحێکی تەواو سەربەخۆ و نەگۆڕی هەیە، ئەو ناخە چەشنی کاکڵ و تۆمێکە کە گەشە دەکات و بە ئەوج و ئاکامی خۆی دەگات. واوەتر ئەو تاکە هەرچی زیاتر و هەرچی قوڵتر بە ناخی خۆیدا ڕۆبچێت و بە بنەڕەتی فیکر و خولیا جوان و مەقبوولەکانی بگات، ئەوە باشتر وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی خۆی، واتە من کێم؟ دەداتەوە و دەڵێ من ئەوەم کە دەبووا ببم و پێیبگەم، بووشم، پێیگەیشتووم. پاش سەرنجەکانی «ڕۆسۆ» هەم «کانت» و هەم «هێردەر» لەو خاڵەدا هاودەنگن، کە ئازادی نەرێنی ئاوڕ لە پرەنسیپی دوو لایەنە و بازتابی ناداتەوە، واوەتر پرۆگرامی ئازادی نەرێنی خاوەن بەرنامە و دوامەبەست نییە. بۆ هەردوو بیرمەند ڕوونە، کە ئازادی تەنیا ئەو کات دەتوانی هەڵگری واتای ئازادی بێ، کە لە سەر بنەمای خواستی ئازاد دامەزرابێت و تاک بە بەرنامەو مەبەستەوە ڕێگە و ڕچە بۆ خۆی دابڕێژێ و لێرەو لەوێش بەربەستی هەندێک خواستی لامەنتیقی بێت و سنوری ڕەوشت هێڵکێشی بکات. لە ڕوانگەی «کانت»ەوە یاساداڕشتن لە سەر بنەمای مەنتیق زۆر پێویستە و لەو بەستێنەدا ئاماژە بە دەستەواژەی ڕێز دەدات، ڕێز لە لای «کانت» هەستێکە، بەڵام هەستێکی زۆر جیاواز لە هەستەکانی دیکە، واتە ئەگەرچی ڕێز هەستێکە هاوشێوەی هەستە سروشتییەکانی دیکە، لە خاڵێکی تایبەتدا ڕێز دەچێتە چوارچێوەی مەنتیقەوە، ڕێز هاوشێوەی هەستی وەک ترس و حەز نییە، بەڵکە ڕێز زۆرجار بەهایەکە کە لە خۆپەرەستی و خۆخوازی ناساغ دوورمان دەخاتەوە. بە پێچەوانەوە «هێردەر» جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە تاک بە ناخی خۆیدا ڕۆبچێتەوە، هەتا ناخی ڕەسەنی خۆی بناسێ و دوور لە هەر گوشار و گیرۆدەییەک کاکڵی ئەو ناخەی خۆی گەشە پێبدات و بە ئاکام بگەیێنێت و خۆی پێبگەیێنێت. ئەگەرچی لایەنی ئینتزاعیی فیکرەکانی «کانت» وردە وردە بە تێپەڕینی کات ئاوێتەی هێڵی فەلسەفەی (ئینتەرسەبجەکتیڤیتی) دەبێت، بەڵام حاشا لەوە ناکرێت کە لە بواری فەلسەفەی ڕێزی گەردونی، فەلسەفەی سەربەخۆیی تاک و بنەماکانی نەزمی دیموکراسی گەورەترین کاریگەریی هەبووە. بە هەمان شێوە پاش مەرگی «هێردەر» ئەو لایەنەی بیرۆکەکانی کە گوایە تۆم، کاکڵ و ناخی مرۆڤ نەگۆڕەو ڕاستی ڕاستەقینە تەنیا لە ناخی خۆماندا دەدۆزرێتەوە، کەوتە ژێر پرسیاری جیددیەوە، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆڵ و کاریگەریی پەروەردە بایەخی پێدرا و ئەو ڕوانگە باڵادەست بوو کە پەروەردە هەموو شت دەگۆڕێ. بەڵام بە ناخی خۆدا چوونەوە و بە ڕەسەنایەتی خۆ گەیشتن، هێشتا هەر بایەخی پێدەدرێت، بە تایبەت ئەگەر پرس ببێتە پرسی پێگەیاندنی کەسایەتی خۆ و خۆکامڵکردن. گومان لەوەدا نیە کە چ ئازادی نەرێنی و چ ئازادی ئەرێنی لە سەر بنەمای وێنەیەکی تایبەتی مرۆڤ و مرۆڤبوون داڕێژراون، من لێرەدا نارۆمە نێو ئەم باسە، بەڵام ڕەنگە پێویست بێ، زۆر بە کورتی ئاماژە بەوە بدەم کە ئازادی نەرێنی دەچێتە چوارچێوەی

جیهانبینیی لیبرالیزمەوە و ئازادی ئەرێنی تا ڕادەیەک ڕێگە بۆ ئازادی کۆمەڵایەتی خۆش دەکات و لە لایەن کۆمەڵێک بیرمەندی چەپەوە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرێت.

## (٣)

لە دوایین هەنگاوی ئەم داڕشتنەدا ئاماژە بە ئازادیی کۆمەڵایەتی دەدەم؛ تا ئێستا بە باشی بینیمان کە هەم ئازادیی ئەرێنی و هەم ئازادیی نەرێنی تەنیا تاک دەخەنە مەڵبەند و بە هیچ شێوە ئاماژە بە پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نادەن، ئەگەر ئاماژەش بدەن، ئەوە لە هەنگاوی یەکەمدا بۆ تاک دەڕوانن و دواتر بە بێ پلەیەکی دیکەی ڕوون، واتە بە بێ ئاستێک کە بەیەکەوە بیر لە تاک و پێکهاتە بکاتەوە، تاک لە تەک پێکهاتەکاندا ڕووبەڕوو دەکەنەوە. ئەگەرچی بیرمەندانی ئاڵمانی «یورگن هابەرماس و کارل ئۆتۆ ئادۆ» بە تئۆریی پەیوەندی لە سەر بنەمای ئاخافتن هەنگاوێکی گەورە بۆ داڕشتنی ئازادیی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرن، بەڵام سەرەتای ئەو بیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەکانی «گیۆرگ ڤیلهێلم فریدریش هێگل» لە سەر ئەو دوو مۆدێلەی پێشوو لە ئازادی. «هێگل» هەموو لایەنەکانی ئازادیی نەرێنی و ئەرێنی ڕەت ناکاتەوە، بایەخدان بە بەرگری دەسەڵاتی ناڕەوای دەرەکی ناخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکە زۆر زیاتر بۆ دەرفەتی ڕیالیزەکردن و بە ئاکام گەیاندنی ئایدیاکانی ئازادی ئەڕوانێت. بۆ هێگل زۆر گرنگە کە ئازادی تەنیا خولیا و خەیاڵ و ئایدیا نەبێ، بەڵکە ئازادی دەبێ ببێتە دەستەواژەیەکی ڕوون کە لە ناوەرۆکدا بەتاڵ نەبێ، بەڵکە قەوارەیەکی ڕێال و واقعی بێ، قەوارەیەک کە واتایەکی مەنتیقی گشتی لە خۆ بگرێت. هەر لێرەوە جەخت لە سەر واقعی دەرەوەی ئایدیای ئازادی دادەنرێت، واوەتر چاو لە سەر بازنەی تاک لادەبرێت و ئازادی بە پێوەرێکی دیکە پێوانە دەکرێت؛ تا ئێرە و ئەم ئاستە زەروور بوو کە تاک بە ناخی خۆیدا بچێتەوە و حەز، خولیا و مەبەستە ڕەسەنەکانی خۆی بناسێ، بەڵام لێرەوە دەبێ واتای ئازادی بە کەسانی دەرەوەی خۆی و بە کەسانی دەوروبەریەوە گرێ بدات. «هێگل» هەر لە سەرتاوە چاو دەبڕێتە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هاوڕێیەتی (ڕەفاقەت)، ئەوینداریی ڕۆمانسی و دواتر بنەماڵە و خێزان، چونکە دیاردەی ئازادی خۆی لەو پێکهاتانەوە دەردەخات و ڕیالیزە دەکات. لێرەدا زۆر سەرنجڕاکێشە کە «هێگل» ئاماژە بەو سێ دیاردە کۆمەڵایەتییە دەدات، چونکە تاک لەو پەیوەندیانەدا چاوپۆشی لە هەندێ بەرژەوەندی شەخشیی دەکات و بەشێک لە ئازادی خۆی لە دەست دەدات، هەتا ئەو ئازادیە لە ئاستێکی بەرزتردا بەرفراوان و زیاتر بکات. تاک کاتێک کە پەیوەندی لە گەڵ تاکێکی دیکەدا دروست دەکات، ئەوە تا ڕادەیەک لە خۆی دوور دەکەوێتەوە و دواتر لە ئاستێکی دیکەدا لە ناخی کەسێکی دەرەوە لە خۆیدا، خۆی دیسانەوە دەدۆزێتەوە. ئەم دیاردە کارێک دەکات کە تاک کەسی دەرەوەی خۆی بە کەسێکی دیکەی خۆی و هاوشێوەی خۆی ببینێ، چونکە باش دەزانێ کە

چۆن ئەوی دیکە هاوشێوەیەکی ئەمی پێویستە، ئەمیش بە هەمانشێوە ئەوی پێویستە، واتە هەردووک گرێدراو و وابەستەن بەیەکتر، بەڵام قەبووڵ کردنی ئەو وابەستەبوونە هەردوولا ئازاد دەکات. «هێگل» لە بەستێنی دیاردەی ئەویندارییی ڕۆمانسییدا ڕستەیەکی زۆر جوان و پڕ واتای هەیە کە دەڵێت: "با من لە ناخی ئەوی ڕووبەڕوومدا خۆم بدۆزمەوە، لە لای وجودی ئەو خۆم بدۆزمەوە و بە خۆم بگەمەوە." بێگومان «هێگل» لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەکانی بیرمەندی پێش خۆی «فیشتە»دا بووە، هەربۆیە دواتریش فەلسەفەی بەڕەسمییەت ناسینی خۆی لە سەر بیرۆکەکانی «فیشتە» دادەڕێژێت. من مەبەستم نییە لێرەدا بە وردی ئاوڕ لە فەلسەفەی بەڕەسمییەتناسین بدەمەوە، ئەگەرچی بۆ تێگەیشتن لە ئازادی، تێگەیشتن لەو بابەتە زۆر گرینگە، بەڵام تاوتوێکردنی پرسی بەڕەسمییەتناسین هەڵدەگرم بۆ شوێن و بەستێنێکی دیکە. بەڵام لە درێژەی ئەم بابەتەدا بە کورتی دەگەڕێمەوە سەر دەستەواژەی بە فەرمیناسین. بۆ «فیشتە» زۆر گرینگ بوو کە پرسی ئازادی و یەک بەڕەسمیەتناسین بە پرسی ماف، یاسا و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرێ بدات، واتە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن مەنتیق دەبێ خۆی و دەوروبەری بۆ ئەوە هان بدات، کە بە مەنتیقەوە خۆی بناسێ و پێناسە بکات. بۆ «فیشتە» زۆر زەرووره بیخاتە بەرچاو، کە مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە ئازادی و بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن بتوانێت خاوەن کردەوە (بکەر) بێت، ئەوە دەبێ بزانێت کە

**«هێگل» هەموو لایەنەکانی ئازادیی نەرێنی و ئەرێنی ڕەت ناکاتەوە، بایەخدان بە بەرگری دەسەڵاتی ناڕەوای دەرەکی ناخاتە ژێر پرسیارەوە.**

دەوروبەرو و هەموو هەبووەکان بەرەنگاربوونە پیشان دەدەن و سنوور دەخەنە بەر دەمی. «فیشتە» لەو بڕوادایە کە هەر تاکێک لە پلەی یەکەمدا «ئەبجەکتێکی» خاوەن مەنتیقە، بەڵام لە پلەیەکی دیکەشدا خودی خۆی «سەبجەکتە» کە بە مەنتیقەوە بۆ «ئەبجەکت» ئەڕوانێ. لە هەمان کاتدا ئەو «ئەبجەکتە» بە شێوەیەک نوێنەرایەتی سەبجەکت دەکات، بەڵام ئەو نوێنەرایەتییە دەبێ بە شێوەیەک بێت کە خودی سەبجەکت بە دیاردەیەکی دەرەکی لە خۆی بزانێت، کە لە ئاکامدا کاریگەریی لە سەر خودی سەبجەکت دادەنێت. سەبجەکت بۆ ئەوەی خۆی وەک سەبجەکت بناسێ، بۆ ئەوەی ببێت بە تاک، پێویستە ئەو ئەزموونە بکات کە تەنیا وەک ئەبجەکت سەیری نەکرێت، بەڵکە وەک سەبجەکت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. واوەتر پێویستە کە ئەو نوێنەرایەتییە کراوە بێت و لە ناوەرۆکدا موتڵەق نەبێ، چونکە واتای ئازادی نابێ

له خاڵ و واتایەکدا قەتیس بکرێتەوە. خودی ئەو نوێنەرایەتییە کە واتایەکی کراوەی هەیە، هەمان واتایە کە «فیشتە» بە هاندان بەرەو ئازادی لەقەڵەمی دەدات، هاندانی بوونەوەرێکی خاوەن دەرک و مەنتیق. ئا لێرەوە کاکڵ و تۆمی ئازادیی کۆمەڵایەتی بەرەو چەکەرەکردن دەڕوات، چونکە ئازادی تەنیا لە بەستێنی پەیوەندیدا دەبێتە خاوەن واتای بە بنەما. لێرەوە خۆویستی موتڵەق و ناساغ سنووردار دەکرێ، چونکە تاک لە سەر بنەمای مەنتیق ناچار دەبێ هەندێک لە ئازادییە تاکەکەسی و شەخسییەکانی خۆی لەدەست بدات، بۆ ئەوەی لە بەستێنی ئازادی کۆمەڵدا شێوەیەکی دیکە لە ئازادی بە دەست بێنێت، ئازادیەکی ئاڵۆزتر کە هەڵگری مەنتیقە. ئەم شێوە بیرکردنەوە زۆر گرینگە، چونکە وەرگرتنی ئەو شێوە ئازادیە چوارچێوەیەکی تایبەتی پێویستە، نەزم و یاسا و ڕێسایەکی پێویستە کە خودی خۆی لە سەر بنەمای مەنتیق دامەزرابێت. کەوایە «فیشتە» بیرۆکەی ئازادیی کۆمەڵایەتی و خودی مەنتیق لە یەک جیا ناکاتەوە. واوەتر کاتێک هەموو پێکهاتە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بنەمای مەنتیق دامەزران و بوونە هۆی پەروەردەیەکی مەنتیقیی تاکی نێو کۆمەڵگە، ئەوە زۆر بە ئاسانی واتای ئازادییەک قەبووڵ دەکرێ کە خوازیاری چاوپۆشییە و هەر تاکێک بەوە ناچار دەکات، کە تەنیا لە بەستێن و هەوڵی دەستەبەرکردنی ئازادی تاکەکانی دیکەدا دەتوانێ ئازادیی تاکەکەسیی خۆی دەستەبەر بکات. بێگومان ئەو ئازادییە

**لە سەدەی بیستدا ئایدیای ئازادی لە ژێر سێبەر و گەشەی بیرۆکەی سۆسیالیزمدا هەنگاوێکی گەورەی دیکەی ئەرێنی هەڵدەگرێت.**

پێویستی بە کۆمەڵێک پێکهاتەی سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتییە کە گشتی و فەرمیی دەکەن، کە لەم جیل بۆ ئەو جیل دەیگوازنەوە، بە مەرجێ کە لە چوارچێوەدا دەرفەتی ئالووگۆڕ و گەشەسەندن بهێڵێنەوە، ئەگینا ئەو واتا هیچ پەیوەندیەکی بە واتای ئازادییەوە نامێنێ. پرۆگرام و بەرنامەی فەلسەفەی بەڕەسمییەتناسین دەبێتە جەوهەری تێگەیشتنێک لە ئازادی، کە ئاماژە بە چەند ئاست و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەدات، هەروەک پێشتر بە کورتی ئاماژەم پێدا، «هێگل» بۆ دامەزراوەی هاوڕێیەتی، ئەویندارییی ڕۆمانسی، بنەماڵە و دەوڵەت دەڕوانێت، واتە بۆ ئەو پێکهاتانە کە هەرکامەیان بە شێوەیەک دەرفەت بۆ پەروەردەی تاکی مەنتقیی و ئازادیخواز دەخولقێنن. تەنانەت ئەمڕۆ زۆر تیئۆریی دەروونناسی ئاماژە بەوە دەکەن کە بە چ شێوەیەک دایک و باوک و کەسانی دەورووبەر دەتوانن کاریگەری لە سەر منداڵ دابنێن

و به چ شێوەیەک هەوڵی دروستبوونی کەسایەتییەکی پتەو و بڕوابەخۆ بدەن، واتە هەر لە تەمەنی شەش مانگییەوە دەکرێ بە شێوەی ئەرێنی یاخۆ نەرێنی کاریگەری لە سەر کەسایەتی منداڵێک دابنێت. منداڵ هەر لە تەمەنی شەش مانگییەوە دەزانێ کە دایک، باوک (یان هەر کەسێک کە خێوی منداڵەکە بێ) کەسێکی جودا لە خۆیین و ئەوانیش خواست و خولیا و داواکاریی شەخسیی خۆیان هەیە، ئەم دیاردە هەندێ جار دەبێتە هۆی ناڕاحەتی و سەرلێشێوانی منداڵ، بەڵام بۆ هاتنە دەرەوە لەو دۆخە، پێویستە کە خێو زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەی تەکدا بکەن. زۆر جار ئەو منداڵە لە بەر ئەوەی کە لە تەک کۆمەڵێک زانیاری زۆردا ڕووبەڕوو دەبێتەوە و هەموو ئەو دیاردە تازانە بە خێرایی هەزم ناکات، دەست دەکات بە لێدانی خێو و تەنانەت بە گازگرتن و هەندێ کردەوەی توندوتیژ، هەموو ئەو کردەوانە بۆ ئەوەن کە سنوورەکانی خۆی بناسێ، واتە لەو ئاستەدا ئەو وێنەی کە لە دایک یاخۆ باوک هەیبوو، واتە وێنەیەک کە دایک و باوکی تێدا تەنیا هاوشێوەی ئەبجەکت هەڵگرتبوو، لە ناو ببات، چونکە ئەو ئەبجەکتە تەنیا بۆ بە ئاکام گەیاندنی حەز و خواست و داوکارییە سەرەکییەکانی خۆی بەکار دەهات، بەڵام پاش سڕینەوەی ئەو وێنە تەک وێنەیەکی دیکەی کەسە نزیکەکانییدا ئاشنا دەبێ، وێنەیەک کە بە ڕوونی دەیخاتە بەرچاوی کە ئەوانیش بە چەشنی خۆی خاوەن خواستی شەخسیی خۆیانن و تەنیا بۆ خزمەتکردن بە خواست و پەیداویستییەکانی ئەو دروست نەکراون. لێرەوە یەکەم هەنگاوەکان بەرەو سەربەخۆ بوون و بەرەو بڕوا بە خۆبوون، دەستپێدەکەن. لێرەدا دەبێ خێو هەستی ئەمنییەت و ئەرخەیانی بەو منداڵە بدات، هیچ سات بە تووڕەیی و بە توندوتیژی مامەڵەی لە گەڵدا نەکەن، ئەو کات منداڵەکە بە هەستێک دەگات و دەزانێت کە دایک و باوکیش خۆیان ژیان و خواستی خۆیان هەیە، بەڵام هیچ سات منداڵەکە وەلانانێن و بەردەوام هەستی ئەرخەیانی پێدەبەخشن. دواتر ئەو منداڵە دەتوانێت بە هەستێکی پتەو و باوەڕبەخۆبوونێکی مەزنەوە بێتە نێو کۆمەڵگەوە و بتوانێ خاوەن کەسایەتی و خاوەن خواست و هەڵوێستی خۆی بێت. واتە کەسێک بێ، کە پێشبینی بۆ ژیانێکی باش و شیاو هەبێت و بەو هەڵوێستەوە بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بڕوانێت و دەورووبەر و کەسانی دیکەش قەبووڵ کات و مافی ئازادیش بەوان ڕوابببینێ. ئەمە بنەمای هەمان مەنتیقە کە «فیشتە» باسی لێدەکات و «هێگل» چوارچێوەی بۆ دادەڕێژێت. کاتێک کە منداڵ لە سەر بنەمای پەروەردەیەکی سڵامەت بڕوابەخۆبوونێکی پتەو دروست دەکا، دواتر لە سەر بنەمای مەنتیق ئازادیی خۆی بە ئازادی تاکەکانی دیکەوە بەند دەکات و بۆ ڕێزگرتن لە ئازادی خۆی ئامادەیە ڕێز لە ئازادی دەورووبەر بگرێت، ئەوکات لە پلەی سێهەمدا ئامادەیە ڕێز لە پۆتەنسیال و چالاکی و توانایی داهێنانی هەر تاکێک بگرێت و خۆشی هەوڵی ئەوە بدات بە توانا و تایبەتمەندییەکانییەوە بە کەڵکی کۆمەڵگە بێت و چاوەڕوانی ئەوەی لە

کۆمەڵگە هەبێ کە ئەو تایبەتمەندیانەی بە ڕەسمییەت بناسێ. خەسڵەتی باوەڕبەخۆبوون، دواتر خەسڵەتی ڕێزگرتن لە سەر بنەمای مەنتیق، یاخۆ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی و توانا بێهاوتاکانی هەر تاکێک بۆ کۆمەڵگە، ئازادیی شەخسی و ئازادیی کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو زیاد و زیادتر دەکەن. کۆمەڵناسی ئینگلیزی «تۆماس هامفرەی مارشاڵ» زۆر بە وردی دیخاتە بەرچاومان کە چۆن دەستەواژەی ئازادی لە ساڵی ١٨٣٠ وە دەڕژێتە چاورچێوەی یاساوە. هەربۆیە زۆر چین و توێژێکی کۆمەڵگە بە ئاسانی جیاوازی و نایاکسانی یاسایی قەبووڵ ناکەن و یاسا بەرگی یەکسانی لەبەردەکرێ، بە تایبەت لە نێو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا کە هەنگاوی جیددی بەرەو نیزامی دیموکراسی هەڵدەگرن. لە جەرگەی ئەو دیاردەدا پەیامێک باڵادەستە، ئەویش ئەو پەیامە کە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە مافی ئەوەی هەیە، خۆی بە شارۆمەندێکی تەواو و خاوەن مافی یەکسان لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا بزانێ. ئەو کات هیچ مەنتیقێک وەری نەدەگرت کە ڕێگری لە هەندێک کۆمەڵ و توێژ بکەیت و وایان لێبکەیت لە بڕیارە سیاسییەکاندا بێدەنگ و بێڕەنگ بن. لە سەدەی نۆزدەدا ڕاپەڕین و تێکۆشان و هەوڵ زۆرن کە لە شارە گەورەکانی ئەورووپادا بەڕێوە دەچن و خوێندن و بەشداری منداڵ لە پرۆسەی خوێندندا بە یاسایی دەکەن. ئەم گەشە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر بە نرخە و بۆ داهاتوو و بۆ ڕاهێنان و بۆ پرۆسەی بەرینکردنی دیموکراسی دەڕوانێت، بۆ ئەوەی شارۆمەندانی داهاتووی کۆمەڵگە بە باشی لە ڕێزمان و گرامەری دیموکراسی و یەکسانی و دادپەوەری بگەن. لە سەدەی هەژدەدا ئازادی تاک و ئازادی لیبراڵ ڕژانە چوارچێوەی یاساوە، لە سەدەی نۆزدەدا بەشداریکردنی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی دەنگ و بڕیاری سیاسییدا کۆڵەکەیەکی دیکەی پتەوی بە بیرۆکەی دیموکراسی و یەکسانیخوازی زیاد کرد. لە سەدەی بیستدا ئایدیای ئازادی لە ژێر سێبەر و گەشەی بیرۆکەی سۆسیالیزمدا هەنگاوێکی گەورەی دیکەی ئەرێنی هەڵدەگرێت. ئاخر خۆ ئازادی دونیایەک دەرفەت و ئیمکانیاتی پێویستە، چ شارۆمەندێکی نەدار و هەژار دەتوانێ کەڵک لە ئازادی وەربگرێت، یاخۆ چینی کرێکار و چینی چەوساوە چۆن دەتوانێت لە مانای ئازادی بگات و چۆن دەتوانێت ئەو ئازادیە کە تەنیا پەیامێکی بریقەدارە بە ئازادی خۆی لە قەڵەم بدات و تەبایی لە تەکدا هەبێت. لە ساڵی ١٨٣٠- یەکانەوە بگرە، جا چ لە لایەنگرانی «ڕۆبەرت ئۆڤن» لە وڵاتی ئینگلیز یاخۆ لایەنگرانی «ساینت سیمۆن» لە فەرەنسا، هەموو ئەم بیرۆکانە پەنجەیان دەنایە سەر گەشەی نەشیاوی سەرمایەداری و ڕەخنەی جیددیان دەخستە بەر دەست و پێشانیان دەدا کە چۆن ئەو نیزامە بێڕەحمە ئازادیی کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگە پێشێل دەکات. بێگومان دەستەواژە گەوەرکانی شۆڕشی فەرەنسا هەر کاریگەر مابوون

و چەشنی هێمایەک و چەشنی کەرەسەیەکی بەهێزی ڕەخنە کەڵکیان لێوەردەگیردرا، بە تایبەت لە لایەن بزوتنەوەی سۆسیالیستییەوە. من لێرەدا بازنەی فیکرەکانی خۆم دەبستم و تاوتۆکردنی بیرۆکەی ئازادی و سیستەمی فیکری سۆسیالیزم هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە. ئەوەی کە لێرەدا نابێ نەگوتراو وەمێنێ ئەوەیە کە بیرۆکەی سۆسیالیزم ئازادی تاک بە ناکامڵ و ناتەواو لە قەڵەم دەدات، بەڵام هەنگاوێکی پێویست کە دەبووا ئەو کات بزووتنەوەی سۆسیالیستی هەڵیبگرتبا و هەڵی نەگرت ئەوە بوو، کە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئازادی تاک و ئازادی نەرێنی تەنیا ڕوویان کردە بواری ئابووریی نیزامی سەرمایەداری و چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی چینی کرێکار، بەڵام واتای گەورە و بەرینی ئازادیی کۆمەڵایەتییان گرێ نەدا بە زۆر بواری گرینگی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. ئەم کەمتەرخەمییە بە یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی سۆسیالیزم لە قەڵەم دەدرێ. بیرۆکەکانی «هێگل»، جا بە سەرنجی قوڵ و ڕەخنەگرانەیەوە بۆ بوارە جۆروجۆرەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن (بنەماڵە، نیزامی دەوڵەتداری (دیموکراسی) و بواری ئابووری) و پۆتەنسیال و دەرفەتی ئازادی دەستەبەرکردنیان، دەیتوانی زۆر ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ دەستکەوتی مێژوویی گەورەتر، بەڵام بیرمەندانی چەپی ئەو سەردەمە زۆر ساکار دووریان لە «هێگل» کرد و هەلێکی گەورەیان بۆ خزمەتکردن بە ئایدیای ئازادیی کۆمەڵایەتی لە دەست خۆ دا.

**مانگی مارسی ٢٠٢٢**

ئەرکی بەسەرداچونەوە و هەڵەچنیی ئەم دارِشتنە کەوتۆتە سەرشانی زۆر بەڕێز ئەسعەد درودی.

## گفتوگۆ

# ئازادی بە شێوەیەکی دیکە



## ئاخافتنێکی کراوە لە تەک دوکتۆر دیتمار ڤیبەر-دا

ئامادەکار: د. هیوا عەلیدوست

**دوکتۆر ڤێبەر ساڵانێکی زۆر لە زانکۆی شاری دارمشتات (وڵاتی ئاڵمان) لە بواری پەروەردەدا دەرسی وتۆتەوە، ناوبراو ئێستا بەڕێوەبەر و سەرپەرشتی خوێندنگەیەکە لە هەمان شاردا. دوکتۆر هیوا ئەم دیدارەی لە مانگی ژانویەی ٢٠٢٢–دا ئەنجام داوە و ئەرکی وەرگێڕانی گفتوگۆکەشی لە زمانی ئاڵمانییەوە بۆ سەر زمانی کوردی گرتۆتە ئەستۆ.**

*«بەڵێ، گەر من لێرەدا سەبارەت بە پرسی ئازادی بدوێم، ڕەنگە سەبکی لێدوانەکەم تا ڕادەیەک لە سروشتی فەلسەفەوە دوور بێت، هەر بۆیە هەندێ بوێری دەوێت. بە پێی تێگەیشتنی شەخسی خۆم، یا بڵێین لە ڕوانگەی منەوە، دەستەواژەی ئازادی خۆی لە خۆیدا و خۆی بۆ خۆی دەستەواژەیەکی بنەڕەتیی شەفاف نییە، تا ڕادەیەک بەتاڵە؛ بۆ وێنە ئەگەر لە تەک دەستەواژە گەورەکانی دیکەی فەلسەفەدا بەراوردی بکەین: ئەوە سروشت دستەواژەیەکی شەفافە و خۆی خۆی پێناسە دەکات. چونکە ئازادی بەبێ بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێگەیشتنی ئەستەمە و هاوشێوەی دەستەواژەی تەندروستی زیاتر بە لایەنە نەرێنیەکەیەوە پێناسە دەکرێت؛ دەستەواژە و واتای تەندروستی زۆر شەفاف دەیهێنێتە بەرچاومان کە مەبەستم لە چییە، ئێمە هیچ سات بە باشی ناتوانین بێژین کە تەواو تەندروستین، کێ دەتوانێ بێژێ، بەڵێ من تەواو تەندروستم. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە ئێستا ئێش و ئازارمان نییە و دوورین لە ناڵین، بەڵام گەر هەرکام لە ئێمە ڕوو بکاتە پزیشک و بێژێ، تکایە فەحسێکی گشتییم بۆ بکە، ئەوە بێگومان پزیشکەکە شتێک هەر دەدۆزێتەوە؛ جا ڕەنگە هەندێ ناساخیش بۆ هەڵکشانی تەمەن و ئەو جۆرە شتانە بگەڕێنەوە. ئازادی تەنیا لە پێشبینی دۆخێکی دوور لە خودی ئازادیدا پێشبینی دەکرێت، واتە بۆ دۆخێک کە تێیدا هەست بە نائازادبوون دەکەم، هەبۆیە ئازادی بە لایەنە نەرێنیەکەیەوە پێشبینی و پێناسە*

**بوونی ئێمە بە کاتەوە گرێدراوە، کەوایە لێرەدا پرسی خاوەن سەروزمان دێتەوە ئاراوە، چونکە ئەوە منێکی تاکی خاوەن سەروزمانم کە مانا و واتا بە کات و هەبوونی خۆم دەدەم، ئەم دەرفەتە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئازادبوون و ئازادی. هەرکەس ئەم دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا و نەیتوانی واتا بە کات و هەبوونی خۆی بدات، ئەوە ئازاد نامێنێ.**

*دەکرێت. بە سەر هەموو ئەوانەشدا ئازادی مانا و واتایەکی تایبەتی هەیە بۆ ژیانمان، لە لای «ئیمانوێل کانت» ئازادی چەشنی ئایدیایەکی بەرنامەڕێژە، ئازادی چەشنی ئایدیایەک کە ئێمە چەشنی بەرنامەیەک وەدوای دەکەوین، لە ڕوانگەی منەوە ئەو تێگەیشتنە لە سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی ئیدئالیستیدا دەخرێتە چوارچێوەی دەستەواژەوە.*

*دیارە مێژووی ئایدیای ئازادی بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە، من بۆ خۆم بە شیاوی دەزانم کە سەرەتای ئەو تێگەیشتنە بۆ پێشتر و بۆ سەردەمی «ڕێنەسانس: بووژانەوە» بگێڕمەوە. یانی بۆ کاتێک کە سروشت هێشتا دەورێکی گرینگی دەگێڕا و لەو خاڵەوە بۆ دونیایەکی نەزمپێدراو هەنگاو هەڵدەگیرا. کاتێک کە لە تێگەیشتنی کۆسمۆلۆجیەوە بەرەو دونیای ماتریالیستی دەڕۆیشتین، هەتا دەگەینە سەروبەندی شۆڕشی فەڕەنسا، ئەو شۆڕشەی کە بە ئاکامی سەردەمی ڕۆشنگەرایی لە قەڵەم دەدرێت. ڕەنگە پێشتر ئازادی تەنیا ئایدیایەک بووبێت، بەڵام شۆڕشی ناوبراو دەیخاتە چوارچێوەیەکی بەرنامەدارەوە؛ دواتر کە زۆر بیرمەند کاری جیددی و بەرینتری لە سەر دەکەن و باشتر و دەقیقتر پێناسەی دەکەن. لە لووتکەی ئەو گەشەدا بۆ کەم ئیرادکردنەوەی ژیان و هەبووی مرۆڤ دەڕواندرێ، بیرۆکەی ڕۆشنگەرایی بەو قەناعەتە گەیشت کەساڵیانی ساڵ لە ناشیاوترین دۆخدا ژیاوین، کەوایە با لە ئێستا بەولاوە بۆ باشترین و شیاوترین دۆخ بڕوانین و بەرنامەش بۆ گەیشتن بەو دۆخە دابڕێژین، واتە کاتێ مەترسییەکەمان بەدی کردووە، با بە زووترین کاتیش ئەو مەترسییە بۆ سەر «بوونی» مرۆڤ قەڵاچۆ بکەین. لە ڕوانگەی منەوە ئەو گەشەیە درێژەی دەبێت و دەگات بە خاڵێکی گرینگ، ئەویش ئەو خاڵەیە کە هەوڵی دەرفەت ڕەخساندن بۆ ژیانێکی سەربەخۆ دەدات. ئەم تێگەیشتنە خۆی لە تێگەیشتنی ئازادی ئیدیالیستیی جودا دەکاتەوە، چونکە هەر زۆر بە خێرایی*

دێتە بەرچاو کە لێرەدا بوون (واقعییەت) بایەخی پێدەدرێت، جا دۆخی واقعی بە دەرفەتەوە گرێدراوە، واتە ئێمە دەبێ لە زۆر شوێن و بەستێنی ژیانی کۆمەڵایەتییدا دۆخی هەبوو، بە هەموو دەرفەت و ڕێگرییەکانییەوە وەربگرین. هەروەک «فرینسیس بێکن» ئاماژەی پێدەدات، مرۆڤ دەبێ ملکەچیی یاسا سرووشتییەکان بکات، واتە پێش هەموو شت ئێمە دەبێ خۆمان ژێر دەستی ئەو یاسا سرووشتیانە کەین، هەتا بتوانین ئازاد بین.

ئەم شێوە لە ئازادی کە بە سەربەخۆیی ناودەبرێت، بۆ من ئەوکات بەبنەما و بەرینتر دەبێتەوە کە باس لە خاوەن سەروزاربوون دەکات، کە ئێمە خاوەن خواستی خۆمان بین و توانا و دەرفەتی دەربڕینی ئەو خواستە سەربەخۆیەمان هەبێت. دەرفەت خولقاندن و دەرفەت ڕەخساندن بۆ خۆ هێشتنەوە، جا ئەم خۆ هێشتنەوە تەنیا مانایەکی ماتریالیستی و بایەلۆجیی نییە، بەڵکوو دەرفەتی ئەوەی لە دۆخێکدا بژین کە خۆمان داهێنەری مانای ژیانی خۆمان بین؛ ڕەنگە ئەم دوایین سەرنجەم هێشتا هەر گرێدراوی فەلسەفەی ئیدیالیستی بێت، واتە هەوڵ بۆ ژیانێکی پڕ مانا و پڕ واتا، هەوڵ بۆ ئازادییەکی ئیدئالی کە لە سەرەوەی هەموو ماتریالبوونێک هەبوونی هەیە. کاتێک کە ئاماژە بە مێژووی گەشەسەندنی ئەو شێوە ئازادییە دەدەین، ئەوە نابێ هیچ سات لە یادی بکەین کە ئێمە باس لە بەستێنێکی کەلتووری تایبەت دەکەین. گومانم لەوە نییە کە فەرهەنگی دیکە تەواو بە شێوەیەکی دیکە بیر لە ئازادی دەکەنەوە، نەک تەنیا هاوشێوەی ئەو بیرۆکە ئەورووپاییەی کە لە چەرخی ڕۆشنگەراییەوە چەکەرە دەکات. واوەتر ڕەنگە زۆر کەس بەم بەرنامە ڕازی بن و بتوانن ژیانێکی باش بژین، بەڵام هیچ سات ئەوەندە لە خۆبایی نیم کە بێژم تەنیا ئەمە بەرنامەیەکی شیاو و بەجێی ئازادییە. من ئەو مافە بە خۆم نادەم، بێژم هەموو کەلتوورەکان دەناسم و ئەم فەرهەنگە بە شێوەیەکی باشتر و قووڵتر تەک بیرۆکەی ئازادییدا مامەڵە دەکات و ئەو کەلتوورە کەمتر. من لە بەستێنی فەرهەنگی ئەورووپادا دەژیم و دەزانم کە ئازادی ئیدیئالی تەنیا بە تێگەیشتنی کۆمەڵ پێناسە دەکرێت و دەبێتە ئازادی، بەڵام ئەو ئازادییە زۆر جار تاک پیادەی دەکات و وەک پێوەری ژیانی باشی خۆی بۆی دەڕوانێت. بە واتایەکی دیکە ئازادی کە تەنیا بریتی بێ لە ئازادی و سەربەخۆیی تاک، ئیمکانی نییە و بگرە ئەو ڕوانگە خەیاڵییە. بە بێ ئاوڕدانەوە لەو پەروەردە و فەرهەنگەی کە منیان کردووە بە من، هیچ سات ناتوانم هەبوونێکی ئازادم هەبێ. بە بێ ئەوەی کە لێرەدا ئاوڕ لە دەستەواژەی هاوپشتی بدەمەوە، چونکە بۆ پێناسەکردنی ئازادی خودی ئەو دەستەواژە دەرفەتی زۆر مەزن بەدەستەوە دەدات. نەک بۆ دۆخێکی ئەنارشی بەبێ بەرنامە بڕوانم، بەڵکە بۆ ئازادییەک کە لە هاوپشتی و هاوئاهەنگیدا بە ئاکام دەگات، ئازادییەکی بە قەیدوشەرتەوە، ئەگینا کاتێک من تەنیا خۆمم لە یاد بێ، ئەوە لە هەنگاوی دووهەمدا ئازادی بەیاساکراوی دەورووبەر دەخەمە ژێر پرسیارەوە؛ کەوایە باس لە ئازادییەکە کە تەنیا لە

بەستێنێکی کۆمەڵایەتییدا و بە هاوکاری دەورووبەرانم بە ئاکام دەگات. بۆ وێنە لە بەستێنی خوێندن و خوێندنگادا بە باشی دەیبینین، کە چۆن خوێندکار بە یەکەوە، بە کۆمەڵ لە خوێندنگادا دۆخێکی ئازاد بۆ یەکتر تەرخان دەکەن و درووست بە پێچەوانەی ئەو ئایدیایە کە گوایا تەنیا ئازادی تاک و خواستی تاک ئازادیبەخشە. بۆ وێنە گەشەی ئەو ئازادییە بە ئاستێک گەیشتووە کە تەنیا مڵکی شەخسیی وەک پێناسەی ئازادی دەبینرێ، بەڵام هیچ سات باس لەوە ناکرێت کە مڵکی گشتیی و کۆمەڵگە دەتوانێ ئازادی گشت لایەک زۆر و زیاتر بکات. بۆ وێنە سەرهەڵدانی پاندێمی کۆرۆنا بە باشی پیشانی دەدا کە ئازادبوونمان لە دەستی ئەو پاندێمییە تەنیا بە کۆمەڵکاریی دەکرێت، نەک بە هزری تاکە کەسیی و نوخبەیەکی بێهاوتا، زۆر جار باس لە داهێنانی مادەی «بایۆنتێک» دەکرێ، گوایە چەندە گرنگ و بێهاوتایە و چ هزرێکی لە پشتەوەیە، بەڵام ئەگەر بە باشی چاومان بکەینەوە، ئەوە لە تەک ئەو ڕاستییەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە ئەو داهێنانە هیچ سات کاری تاکە کەس نییە، بەڵکە کاری کۆمەڵێک زانستکار و زانای تەواوی ئەم گەردوونەیە. جا زەروورتر لەوەش ئەوەیە کە تەنیا بە هاوکاری و هاوپشتی و بە زانستبەدەستەوەدانی شەفافی هەموو لایەک ئاوا سەرکەوتنێک دەستەبەر دەکرێت. پاشان ئەو پاندێمییە کاتێک لە تەواوی جیهاندا قەڵاچۆ دەکرێ کە لە لایەکەوە بە ڕێژەی پێویست ڤاکسین پەخش بکرێتەوە و لە لایەکی دیکەوە هەموو یەکگرتووانە یارمەتیدەری یەکتر بین و پارێز بکەین؛ نەک بەو شێوەی کە زۆر کەس چەشنی بازرگان خوازیاری ئەوەیە، ڤاکسینەکە وەک مڵکی شەخسی لە لای خۆمان ڕابگرین، بۆ ئەوەی پەکمان نەکەوێت، بێگومان ئەو شێوە مامەڵە هیچ سات لە دەستی کۆرۆنا ئازاد و ڕزگارمان ناکات.

هەموو ئەو دیاردانە پیشانی دەدەن، کە تێگەیشتنی ئازادی لە سەر بنەمای تاک و تاکخوازی کەم و کەسری زۆری هەیە، ئەگەر چی منی تاک هەروا تاک و تەنیا ئازادی خۆم هەست پێدەکەم، بەڵام هەست بە ئازادییەک کە لە نێو کۆمەڵدا فۆرمی وەرگرتووە. گەر لێرەدا ئاماژە بە دوایین خاڵم بدەم، ئەوە دەبێ ئاماژە بە کات بدەین، چوونکە بوونی ئێمە بە کاتەوە گرێدراوە، کەوایە لێرەدا پرسی خاوەن سەروزمان دێتەوە ئاراوە، چونکە ئەوە منێکی تاکی خاوەن سەروزمانم کە مانا و واتا بە کات و هەبوونی خۆم دەدەم، ئەم دەرفەتە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئازادبوون و ئازادی. هەرکەس ئەم دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا و نەیتوانی واتا بە کات و هەبوونی خۆی بدات، ئەوە ئازاد نامێنێ. دیسانەوە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە و مانابەخشین بە کاتی خۆ، تەنیا کاتێک بە ئاکام دەگات کە خۆمان و کاتمان بخەینە ئێختیار حەوزەی گشتییەوە، ئەگینا لە ڕوانگەی منەوە بەرنامەی ئازادی بڕی بەرنامەیەکی پڕ واتای نامێنێ».

**هێما:** زۆر سپاس بۆ ئەو پێشەکییە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین ئەو ڕوانگەیەی ئێوە زیاتر لە ڕوانگەی

«هێگڵەوە» نزیکە، واتە ئازادی و واتای ئازادی تەنیا لە بەستێنی گشتیی و کۆمەڵگەدا خۆی پێناسە دەکات؛ بە پێچەوانەوە تێگەیشتنی لیبراڵیزم و لیبەرتاریانیزم لە ئازادی، تێگەیشتنێکە کە لە سەر بنەمای تاک پێناسە دەکرێت، واتە تاک دەخرێتە مەڵبەندەوە، واوەتر ئازادی بریتییە لە بەرگرتن بە هەرشێوە دەستێوەردانێکی بێبنەماوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بایەخ زۆر بەم هێڵە دراوە و گەشەی ئەو ڕوانگە بەوپەڕی ئاستی گەشەی خۆی گەیشتووە. هەربۆیە زۆر جار دەگوترێت کە ئەم گەشە کۆمەڵێک ناساغی کۆمەڵایەتی درووست دەکات؛ بۆ وێنە بیرمەندی شاری فرانکفورت «ئاکسل هۆنێت» ئاماژە بە سەرهەڵدانی دوو شێوە لە کەسایەتی دەدات کە بریتین لە، یەکەم: تیپێک کە خاوەن بڕیاری درێژماوە نەماوە، بڕیاری ئێستای تەنیا کورت بڕ دەکات و بۆ ئەمڕۆ و سبەی و کورتە ساتە، واوەتر تیپێکی دیکە جۆرێک لە مرۆڤن کە لە نیسبی بوونی ئازادی و لە بەستێنی گەشەی ئازادی نەرێنیدا باوەڕ و قەناعەتیان بە دیسکورس و ئاخافتن نەماوە، بەڵکە لە بچووکترین دۆخی ناکۆکییدا پەنا بۆ یاسا دەبەن و هەموو ڕێگاچارەیەک دەخەنە ئەستۆی یاساوە، تەنانەت ڕەنگە تیپێکی دیکەمان هەبێ کە هەر توانای بڕیاردانی نەماوە، چونکە ئازادی و هەستی بەرپرسیارێتی پێکەوە گرێ نادات. ڕای ئێوە لە سەر ئەم گەشە چییە؟

**د. ڤێبەر:** لە ڕوانگەی منەوە ئەو دیاردەی کە ئێوە ئاماژەتان پێدا،

***من لە بەستێنی فەرهەنگی ئەورووپادا دەژیم و دەزانم کە ئازادی ئیدیئالی تەنیا بە تێگەیشتنی کۆمەڵ پێناسە دەکرێت و دەبێتە ئازادی، بەڵام ئەو ئازادییە زۆر جار تاک پیادەی دەکات و وەک پێوەری ژیانی باشی خۆی بۆی دەڕوانێت.***

ئاکامی ترسێکە کە ئێخەی زۆرانی گرتووە، ئەویش ئەو ترسەی کە بە لەدەستدانی مانا و بەرژەوەندی تاکەوە گرێدراوە. خاوەنی بڕیاری خۆت نەبی و توانای بڕیاردانت نەمابێت، ئەمە خۆی لە ئاکامی ترس لە ئازادیدا دێتە پێشەوە. با بزانین گەورەترین مەترسی مرۆڤی ئەمڕۆ چییە، بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا؛ ژیانی ئەمڕۆمان هەمووی بە بەرنامەوە هێڵکێشی و دیاری کراوە، کوا کاتی ئازادمان ماوە، هەتا لە بێتاقەتییدا بیرۆکە و ئایدیای تازە دابهێنین، تا هەوڵ بدەین کردەوەیەکی بە کەڵک پێناسە بکەین و خۆمانی پێوە سەرقاڵ کەین. خۆ کێشانەوە بۆ خەڵوەتی، بۆ تەنیایی، ئەم کارە لە سەردان لە هەموو ستودیۆیەکی وەرزشی بەکەڵکترە، بۆ ئەوەی بەدوا مانا و واتادا بگەڕێین، چ

شتێک لەوە بێکەڵکترە تا ئەوەی تەنیا کات تێپەڕ بکەی، چەندە بێمانایە کە مرۆڤ تەنیا کات تێپەڕ بکات، بەجێگەی ئەوەی سوود لە کات وەربگرێت. ترس لە ئازادی و لە کاتی ئازاد، ترس لەوەی کە کەڵک لە کات وەربگریت، ئەمەیە پرسی سەرەکی. ئەم کات بەهەدەردانە هەست پێدەکرێت، بەڵام هێشتا بە تەواوی ماناوە لە کاردانەوەی ئەو گەشە تێنەگەیشتووین، کاتێک کە لەو دیاردەیە گەیشتین، ئەوکات زیاتر بەرەو واتای ئەو تاکەوە دەچین کە خاوەن خۆبوونی دەوێت و خۆی بە بکەر دەبینێ، تاکێک کە خۆی هەبوونی خۆی دەسەلمێنێ، هەبوونێک بە واتاوە، واتایەک کە خۆی بە خۆی دەبەخشێ. بەڵام تاکێک نا کە تاکی خاوەن دەسەڵات بێ، تاکێکی بەستێنی جیهانبینی پیاوسالاری. تاکی سەردەمی فیئۆدالی نا، تاکی پاشائاسا نا، ئەو تاکەی نا کە بە ڕوونی باوەڕی بە جیاوازی جنسەکان هەبێ. یاخۆ تاکی خاوەن سەرمایە و بەهێزی نیزامی سەرمایەداری، نا ئەو جۆرە تاکە بەهێزەمان ناوێ، بەڵکە تاکێکی خاوەن هەست و شعور کە خۆی بە بەرپرس بزانێ. بۆ من زۆر گرینگە کە هیچ نەبێت پاش «دۆستەیەڤسکی» جوداکاری نێوان تاوان و بەرپرسیاریەتی بکەین. داستانێکی دیکە هەیە، بۆ وێنە زۆر جار دەگوترێت: بێگومان خۆم بە تەواویی بۆ دۆخی نارەوا و نادادپەروەرانەی جیهان بە بەرپرس دەزانم، بەڵام خۆ تاوانی من نییە کە زۆران لە برسا دەمرن، بەڵام خۆ تاوانبار نەبوون لە دەستی هەستی بەرپرسایەتی ڕزگارم ناکات. دەرفەت و هەبوونی ئازادییم لە دەستی ئەرکی ئەخلاقیم ڕزگارم ناکات، کە گەورەترین هەوڵی خۆم بۆ نەهێشتنەوەی ئەو دۆخە ناپەسەندە نەدەم. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هزر و فیکرە دێرینە کلاسیکی و جیکەوتووەکان بدەین، تەنانەت لە پەرتووکی ئاسمانی قوئاندا لە شوێنێکدا هاتووە، کاتێک بەرامبەر بە تاکە کەسێک تاوان ئەنجام دەدەم، هەروەک وابێ بەرامبەر بە تەواوی مرۆڤایەتی تاوانێکم ئەنجام دابێ، کاتێک مرۆڤێک ئازار دەدەم، هەروەک وابێ هەموو مرۆڤەکانم ئازار دابێ، یانی ئازادی تەنیا بە واتایەکی گەردوونیەوە دەبێتە ئازادی.

**هیما**: دیدێکی سەرنجڕاکێشە، لێرەدا بە شیاوی دەزانم بپرسم کە ئایا ئەو تاکەی کە ئێوە لە پێش چاوتانە، ئەمڕۆ لە چ دۆخێکدا خۆی دەبینێتەوە، واتە لە دونیای واقعییدا دۆخی ئەو سەبجەکتە چۆنە؟

**د. ڤێبەر**: بەڵێ، بەڵی، ئێستا دەبێ بڕوانینە کاریگەریەکانی سەردەمی پەسامۆدێرنە و هەڵوەشاندنەوە، هەربۆیە ئەو دیاردە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە تاک لە خۆجێیەکدا گیری کردووە، بەربڵاو و فرەڕەهەند بیرناکاتەوە. هەوڵەکان زۆرن بۆ ئەوەی کە تاک لە بەشی پارچە پارچەدا خۆی ون بکات و کەمتر گشتیی بڕوانێت، تەنیا ئەزموونی تاکی خۆی بکاتە پێوەر، ڕەنگە لێرەدا ئاماژە بە «ئادۆرنۆ» شیاو بێت، چونکە ئەو لەو بڕوایەدایە کە ڕەنگە تەنیا سەرنەگرتنی ئەزمونێک یا خۆ بەرگرتن بە ئەزمونێکی تاک، بتوانێت خالیسی و ئەسڵی خودی تاک بسەلمێنێت. واتە کاتێک کە تاکێک بەو ئەنجامە دەگات، ئەوە لێرەدا

ئەزموونێکم کرد، واتە ئەزموونێک کە هێنایە بەرچاوم کە بە هیچ ئەزموونێکی تازە ئاشنا نەبووم. بەڵام لە ئاکامی ئەو هەڵوەشاندنەوەدا، یا لە ئاکامی هەر هەنگاوێکی ئەو هەڵوەشاندنەوەدا تەنیا بە تاک پیشان دەدرێت کە پرسی خاوەندارێتی پەرە بە ئازادی شەخسی دەدات. پەیامی سەرەکی دیاردەی هەڵوەشاندنەوە بەم شێوەیەیە، بەڵام زۆر لەمێژە کە بەو قەناعەتە گەیشتووین کە ئەو ڕوانگە بێبنەمایە، با وەیاد خۆمانی بێنینەوە کە قەیرانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨ چ کاردانەوەیەکی هەبوو. لەو بەستێنەدا هاتە بەرچاو کە تاک، تاکی سەردەم تەنیا بۆ یەک سوچ و یەک زاویە دەڕوانێت، دواتر بە وەڵامی زۆر پرسیار ناگات و وەڵامدەرەوەی زۆر قەیران و گێژاوە نییە. هەربۆیە تاک زۆر جار بە دوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێ، بەڵام تاک کەوتۆتە دۆخێکەوە کە هەرچی زیاتر بەدوای شوناسی خۆیدا بگەڕێ، ئەوە هەر زیاتر خۆی لە نیمچەشوناس و شوناسی پارچە پارچەدا گوم دەکات.

**هیما:** ئەو ڕوانگە دوو دانە پرسیار دێنێتە ئاراوە، لە لایەکەوە دەبێ لە ئاکامی ئەو گەشەدا بۆ پرسی دیموکراسی بڕوانین، چونکە زۆر جار دەگوترێت کە تەنیا لە هاوکارییدا، لە هاوپشتییدا و لە دابەشکاری پیشەدا، ئایدیای دیموکراسی زیندوو دەمێنێتەوە و گەشە دەسێنێت و واتای خۆی بەرینتر دەکاتەوە؛ واوەتر بیرمەند زۆرن کە پرسی ملک و خاونداریەتی بە جیددی دەخەنە ژێر پرسیارەوە، ڕەنگە زۆر ڕادیکاڵتریش هەتا سی، چل ساڵی ڕابردوو، بە

***تاک زۆر جار بە دوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێ، بەڵام تاک کەوتۆتە دۆخێکەوە کە هەرچی زیاتر بەدوای شوناسی خۆیدا بگەڕێ، ئەوە هەر زیاتر خۆی لە نیمچەشوناس و شوناسی پارچە پارچەدا گوم دەکات.***

تایبەت پرسی پاندێمی کۆرۆنا هێنایەوە زەینمان کە ئایدیای ئازادی ناتوانێت لە سەر بنەمای ملکی شەخسیی پێناسە بکرێت. تەنانەت خۆ ئازادکردن لە ملکی شەخسیی بە بەدیلێکی باشتر لە قەڵەم دەدرێت و بە تەباتر لە تەک ئازادیدا دەبینرێ.

**د. ڤیبەر:** ئەوەی ڕاستی بێ، هەر لە دێرینەوە مرۆڤ خولیای ئەوەی بووە کە بۆ بەجێهێنانی پێداویستییە بنەڕەتیەکانی خۆی خاوەنداری هەندێ ملکی شەخسیی بێ، من ئەوش بە درووست و پێویست دەزانم، هەبوونی مرۆڤ بە هەبوونی هەندێ ملکی شەخسییەوە گرێدراوە. هەربۆیە من بە شیاوی نازانم کە باسی ئازادی و ملکی شەخسی پێکەوە گرێ بدەم، بە تایبەت بەو شێوە نا کە ئێوە ئاماژەتان پێدا. بۆ من پرسی سەرەکی ئەوەیە کە

**بۆ من پرسی سەرەکی ئەوەیە کە مرۆڤ نابێ دەست بە سەر دەرفەتی مرۆڤی دیکەدا بگرێ، نابێ دەست بەسەر ئەو دەرفەتانەدا کە دەبنە هۆی پەیداکردنی بژێوی ژیانی تاک.**

مرۆڤ نابێ دەست بە سەر دەرفەتی مرۆڤی دیکەدا بگرێ، نابێ دەست بەسەر ئەو دەرفەتانەدا کە دەبنە هۆی پەیداکردنی بژێوی ژیانی تاک. واتە کاتێ من دەرفەت و دەسەڵاتی ئەوەم هەبوو دەرفەتەکانی تۆ بەرتەسک و کەم بکەمەوە، ئەو دەرفەتانەی کە بە بژێوی ژیانی تۆوە بەندن، یانی کاتێ دەست بە سەر ئیش و شوێنی ئیش و پیشەتدا بگرم، ئەوکات دەستێوەردانی ئازادی تۆ دەکەم. بەڵام من مەبەستم لەوە نییە کە مڵکی شەخسیت لێ بستێنمەوە و لێ زەوت بکەم. بە واتایەکی دیکە من دژی ئەو شێوە لە ملک و خاوەندارێتیەم کە ژینگەش دەکاتە ئامانج، کە ئاو، کەش، هەوا و تەنانەت با دەخاتە قاڵبی کاڵاوە. بەڵام خۆشبەختانە ئەو مەبەستە ناتوانێت بە ئاکام بگات.

**هێما**: بەداخەوە گەشەکە درووست بەرەو ئەو هێڵە بەڕێوەیە، بەڵام با ئاوڕێک لە دیموکڕاسی بدەینەوە. وێنەی تاکگەرایی و دیموکڕاسی چەندە بە یەکەوە تەبان، ئەگەر گەشەی ئازادی نەرێنی هەروا درێژەی هەبێت، نەزم و نیزامی دیموکڕاسی بە کوێ دەگات؟

**د. ڤێبەر:** بەڵێ ئەو پرسیارە دەچێتە چوارچێوەی پرسیارێکەوە کە بەم شێوە فۆرمووڵە دەکرێت: شەڕ چی بە سەر دیموکڕاسی دێنێت؟ ئەگەر هەموو مرۆڤەکان ژەهرخوارد بکەین، دیموکڕاسی چی بە سەر دێت؟ بێگومان دیموکڕاسیش لە ناو دەچێت. دیموکڕاسی بەبێ ژێربەنا دەمێنێتەوە. واوەتر ڕەنگە دیموکڕاسی لەم بەستێنەدا کەمتر پرسی سەرەکی بێت.

**هێما**: لە ڕوانگەی ئێمەوە گەشەی ئازادی نەرێنی کەمتر یارمەتیدەری گەشەی دیموکراسی دەبێت، بەڵکە ئەوە ئازادی کۆمەڵایەتییە — بەپێی ڕوانگەی «هێگل» — کە واتایەکی بەهێزتری هەیە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگە تەک خۆیدا هەڵدەگرێت و باشتر دەتوانێ کەم و کەسریەکانی دیموکڕاسی بسڕێتەوە.

**د. ڤێبەر:** نازانم، بۆ من دیموکڕاسی نەزمێکە بۆ پێکەوە ژیان، نەزمێک کە کەم و کەسری خۆی هەیە، بەڵام مرۆڤ و مرۆڤایەتی تا بە ئەمڕۆ نەزمێکی لەوە باشتریان بۆ پێکەوەژیان پەیدا نەکردووە، مەرج نییە کە ئەو نەزمە هەتا هەتایە هەروا جێگای پەسەند بێ. ئەوەی کە ئێمە پێشتر باسمان کرد پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە نەزمی سیاسییەوە نەبوو.

**هێما**: بەڵام خۆ زۆر نەزم و سیستەمێکی دیکەی سیاسیمان هەیە کە هەر ئاوڕ لە

ئازادی ناداتەوە.

**د. ڤێبەر:** بەڵام من تەواو لە لام شەفاف نییە کە دیموکراسی لە ڕادەبەدەر بایەخ بە ئازادی بدات، لێرەدا بە ڕاستی گومانم هەیە، ڕەنگە دیموکراسی تەنیا فۆرمێک بێت بۆ ماڵی کردنی ئازادی، ئەمە بۆ من جێگای پرسیارە، من نازانم، ئەوەی کە دیموکراسی تەواو پێویستیەتی ئەوەیە کە دەبێ تاک باوەڕی بەوە هەبێت کە دەتوانێ ئازاد بێ. بەڵام هەمان ئامانج دەکرێ لە بەستێنێکی ئایینیدا بە ئاکام بگات. مەرج نییە کە دیموکراسی بتوانێت ئازادی دەستەبەر بکات. ئازادی دەبێ هەستێکی تاکی بێت، بە کۆڕوکۆمەڵ و گشتی ئەزموونی بکەین، واوەتر دەستکەوتەکانی ئازادی دەبێ بۆ هێشتنەوەی خودی ئازادی بە کەڵک بن، جا چ نیزامێک ئەم پرۆژە گەشە پێدەدات و ڕادەگرێ، ئەوە پرسیارێکی دیکەیە، جا دیموکراسی بێ، یاخۆ سەرکردەیەکی لێهاتوو. نەک ئەوەی من بێژم کە دەستکەوتەکانی دیموکراسی کەم بوون، بە پێچەوانە دەستکەوتی باشی بووە، بەڵام بۆ پرسی ئازادی وابەستەی دیموکراسی نیین.

**هێما:** لە ڕوانگەی ئێمەوە دیموکراسی دەتوانێ چوارچێوە و هێڵی شیاو بۆ ئەوە تەرخان بکات، هەتا لە نێو کۆمەڵگەدا بە گشتی پێشبینی ژیانێکی باش دابهێنرێت، واتە وزە بە خواستێکی گشتی بۆ شێوە ژیانێکی باش ببەخشێت. ئەو پرسە سەرەکییەی کە ئەمڕۆ لە فەلسەفەی ئەخلاق و ڕەوشتدا بایەخی پێدەرێت.

**د. ڤێبەر:** وایە، بەڵێ وایە، بەڵام من لە گوماندام کە دیموکراسی دوایین وەڵامی ئەو پرسە بێ، دیارە دیموکراسی ئەمڕۆ مودیریەتی ئەو پرۆژە، ئەو گرفتە دەکات، جا ئەو گرفتە گرفتی کێیە، واتە ئازادی بۆ کێ گرفتە، خۆی پرسیارێکی زۆر سەرنجڕاکێشە.

**هێما:** وەک دوایین پرسیارمان، شاخە زانستی نۆیرۆلۆجی چۆن بۆ ئازادی دەڕوانێت؟ چونکە ئەمڕۆ کۆمەڵێک زانستی تازە دەستێوەردانی جیددی فەلسەفە دەکەن و تەنانەت لەو بڕوادان کە خۆیان دوایین وەڵامیان هەبێ. گوایە فەلسەفە ئازادی تەنیا لە قەوارەی هیوادا پێناسە دەکات. گوایە بیرو هزری تازە زەروورن بۆ ئەوەی کە ئازادی باشتر لە فەلسەفە پێناسە بکەن.

**د. ڤێبەر:** من ئاماژە بە سەرەتای باسەکەم دەدەم، من زانستی نۆیرۆلۆجیش بە ڕێنسانسەوە (بوژاندنەوە) گرێ دەدەم، من دووپاتی دەکەمەوە، ئێمە تەنیا کاتێک ئازادین کە دەرفەت و دۆخی ژیانی ڕۆژانەمان قەبووڵ بکەین، واتە دەبێ ملکەچی یاسا سروشتییەکان بین، هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەمان نییە، ئەگەر نۆیرۆلۆجیش خۆی بە زیاتر لە زانستی سروشت دەزانێت، ئەوە لە ڕوانگەی منە خۆی دەکاتە ئایدیۆلۆجیەکی بێبنەما. بەڵام چونکە زانستی نۆیرۆلۆجی زانستێکی سروشتیە، باشترە کە سەبارەت بە ئازادی هیچ پەیامێکی نەبێت، بەڵکە تەنیا ئاماژە بەو دەرفەتانە بدات کە دەتوانن ئازادی دەستەبەر بکەن. بێگومان زۆر زانستکار هەن کە لە بواری زانستی سروشتییدا چالاکن و خۆیان هاوشێوەی پێغەمبەر


دەبینن، چونکە لە سەر بنەمای هەندێ زانیاری بەدەستهاتوو هەوڵی خوێندنەوە و تەفسیری دونیا دەدەن، بەڵام ئەوە نە پیشە و نە ئەرکی زانستی سروشتییە.

**هێما**: کەوایە لەم خاڵەوە دیسانەوە فەلسەفە دێتە کایەوە؟

**د. ڤێبەر:** بێگومان زۆر کەس دەتوانن هەوڵی ئاوڕدانەوە یاخۆ هەوڵی تێگەیشتن لە بنەڕەتی "هەبوون" و دونیا بدەن، بەڵام بۆ ئەو ئەرکە دەبێ حەوزەی زانستی سروشتی بەجێ بێڵێت. خۆی ئەمە گەورەترین هەڵەیە کە لە بایەلۆجی و بایەلۆجی گەشەدا و لە زانستی نۆیرۆلۆجییدا ئەنجام دەدرێت، ڕەنگە لێرەدا ئاوڕدانەوە لە بەرهەمەکانی «هێرمان هاکن» و «مۆسکۆڤیچی» بە سوود بن.

ئەرکی بەسەرداچوونە و هەڵەچنی کەوتۆتە سەر شانی بەڕێز محەمەد فەرهادزادە.

# ڕێکخراوەکانی کوردستان بە گشتی لەگەڵ دەستەواژەی ئازادییدا بە چ شێوەیەک مامەڵەیان کردووە؟



ئەحمەد ئەسکەندەری

لە زۆربەی فەرهەنگ و سەرچاوەکاندا پێناسەی بنەڕەتیی بۆ چەمکی ئازادیی بریتییە لەوەی کە: مرۆڤ دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بە دڵخوازی خۆی بجووڵێتەوە، چالاک بێت، بدوێت، بنووسێت، گوێ بگرێت و هەروەها بۆ خۆی شوێن و شێوەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت. واتای ئازادیی بۆ تاک ئەوەیە کە بە کۆیلە نەکرێت، زیندانی نەکرێت، لە دۆخێکدا بێت کە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی شتی نەخوازراو، ئازاربەخش و ناخۆشەوە. بێ گومان لێرەدا مەبەست مرۆڤە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پیاوە یان ژن، کورە یان کچ. ئەم پێناسەیە بۆ ئازادیی پێناسەیەکی گەردوونییە، واتە هەموو جیهان دەگرێتەوە و ناتوانرێت بە چوارچیوەیەکی جوغرافیایی تایبەتەوە گرێ بدرێت. ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە کە بە بیانووی جۆراوجۆرەوە یەک یان چەند لایەنی ئەو ئازادییانە لە بەشێک لە دونیادا بە ڕەوا بزانرێت و لە بەشێکی تردا بخرێتە پشت گوێ یان لەوەش خراپتر، قەدەغە بکرێت. هیچ چەشنە پاساوێکی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە و ئێتنیک ناتوانێ ڕەواییی بدات بە وەها بەربەست دانانێک بۆ ئازادیی.

لە هەموو وڵاتان، لە ئەفریقا و ئاسیا، لە ئەمریکا و یان لە ئورووپا، لە زمان هەموو دەسەڵاتداران، بەرپرسان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە دەبیسترێت کە ڕێز لە ئازادیی دەگرن، لەو بارەیەوە لێدوان دەدەن و بەڵگە دەهێننەوە. لە قانوونی ئەساسی (دەستوور) ئەمریکادا ئازادیی بە شێوەیەکی بەربڵاو باس کراوە و ڕێوشوێنی بۆ دیاریی کراوە و لە زۆر بواردا ئەم قانوونە لە ئاستی دونیادا ئاماژەی پێ دەدرێت و بەرجەستە دەکرێتەوە. تاکەکەس و تاقمە لاوازەکانی کۆمەڵگای ئەمریکا زۆر جار بە گەڕانەوە بۆ دەقی ئەم قانوونە توانیویانە مافی خۆیان وەدەست بهێنن، هەرچەند کۆنخواز و کونسێرڤاتیڤەکانی کۆمەڵگا، سەرمایەدارانی گەورە و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە هەموو هەوڵی خۆیان داوە بۆ سنووردارکردنی ئازادیی تاک لە ئەمریکا. لەم وڵاتەدا و بەو مێژووە ڕوونەوە سەبارەت بە ئازادیی و دیموکڕاسی، دەسەڵاتداران وایان کردووە کە هەڵبژاردن بۆ کۆنگرە و هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بکەوێتە ژێر سێبەری بەرژەوەندیی حیزبە سەرەکییەکان و سەرمایەدارانی گەورە. دەرکەوتنی دیاردەی ترامپ و ترامپیسم بەشێک بووە لەو هەوڵدانەی دەسەڵاتداران بۆ پێشێلکردنی ئازادیی و دیموکڕاسی.

یەکێکی تر لە نموونەکانی بەرتەسک کردنی ئازادیی لە ئەمریکا، بابەتی لەباربردنی منداڵ بۆ ئەو کچ و ژنانەیە کە — بەبێ خواستی خۆیان سکیان پڕ بووە — و ناتوانن ببنە دایک بۆ ئەو کۆرپەی خەریکە لە ناو منداڵدانیاندا دروست دەبێت. لایەنی کۆنخواز لە ڕوانگەیەکی ئایینی مەسیحییەوە دەڵێ لەباربردنی کۆرپە وەکوو کوشتنی بە ئەنقەستی مرۆڤ وایە! ئەمە لە کاتێکدا کە ساڵی ١٩٧٣ دادگای باڵای ئەمریکا پێداگریی کرد لەوەی کە قانوونی ئەساسی مافی ژیانی تاکەکەسیی بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات دەستەبەر کردووە و ئەو برگەیەی باس لە ئازادیی هەڵبژاردنی ژیان دەکات، مافی کچان و

ژنان بۆ لەباربردنی منداڵیش دەگرێتەوە. هەڵبەت ئەم ئازادییە هەتا ئەو کاتەیە کۆرپەڵەکە لە سکی دایکیدا بەتەواویی شکڵی نەگرتووە.

هەر وەها ئەوەش دەزانین کە لە سەر کاغەز ئازادیی لە بولغارستان، لەهستان (پۆلەندا)، تورکیا، فیلیپین، چین، ڕووسیا و ئێران و زۆر وڵاتی تریش دەستەبەر کراوە و دەسەڵاتدارە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانی جیهان خۆیان بە لایەنگری دیموکڕاسی و ئازادیی دەدەنە قەڵەم.

لە پڕۆگرامی هەموو حیزب و ڕێکخراوێکدا لە سەرانسەری جیهان باسی ئازادیی و دیموکڕاسی نێوخۆ دەکرێت و هیچکەس نکوڵی لەوە ناکات. سەرەڕای ئەوەش لە زۆر وڵاتدا ململانێی توند و پاشقول گرتن و خاڵی کردنی ژێرپێی نەیاران لە ناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی وڵاتانی جیهاندا دەبینرێت و ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێت. ئەگەر ئەمە بە بنەما وەربگرین، دەتوانین ئاوڕێک بدەینەوە سەر ژیانی سیاسی لە کوردستان بۆ ئەوەی تێ بگەین لەگەڵ چەمکی ئازادییدا چۆن هەڵسوکەوت کراوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا ئەم ئازادییە لە ڕەوتی چالاکبوون و هەڵسووڕانی سیاسی و لە ناو ڕیزی ڕێکخراوەکەدا بە کردەوە بەدی دەکرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت یان نا؟

«هانا ئارێنت» فەیلەسووفی ناوداری ئاڵمانی لە وتارێکدا لەژێر سەردێڕی "ئازادیی و سیاسەت" کە ساڵی ١٩٦٠ لە 'گۆڤاری شیکاگۆ'دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێ:

"لە ڕێکخراوەیەکی سیاسییدا، ئازادیی لە ڕاستییدا ئەو هۆکارەیە وادەکات ژیانی پێکەوەیی گونجاو بێت. بەبێ هەبوونی ئازادیی، وەها ریکخراوەیەک بێ مانایە. فەلسەفەی هەبوونی سیاسەت ئازادییە و مەیدانی تاقیکردنەوەی [ئەو ئازادییە] لە کرداردا دەردەکەوێت."

سەرنجێک بۆ سەر هەڵسوکەوتی ڕێکخراوەکانی کوردستان دەری دەخات کە ئەوان بە گشتی لەگەڵ دەستەواژەی ئازادییدا بە چ شێوەیەک مامەڵەیان کردووە. ئایا حیزب و ڕیکخراوەکانی کوردستان لە پڕۆگرامدا، لە ڕابردوویاندا، لە تێکۆشان و هەڵسوکەوتیاندا بەڕاستی ڕەچاوی دەستەواژەی ئازادییان کردووە؟ ئازادیی لە چوارچێوەی هزر و جیهانبینی حیزبەکانی کوردستاندا چ ڕۆڵێکی گێڕاوە؟ ئایا حیزبێک کە بانگەشەی ئازادیی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکات، لە هەمان کاتدا بەدەربەستە بۆ ڕەچاوکردنی ئازادیی لە ناو خودی ڕێکخراوەکە، لە کۆمەڵگادا و بۆ هەموو تاکێکی کورد؟ ئەی چۆن دەڕوانێتە یەکسانی و ئازادیی جیندەری؟ ئەگەر لە سەرۆکی هەر حیزبێک پرسیار بکەین کە ئایا لە ڕیکخراوەیەکدا — بچووک یان گەورە — ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن هەیە، وەڵامی هەموویان ئەوەیە کە بەڵێ! ئەی ئەگەر ڕەخنە لە سەرۆک و کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی باڵا بگیرێت چی؟ لێرەدا دەگوترێت، "بەڵێ، بەڵام"! واتە ئەگەر ڕەخنەکە تێکدەرانە نەبێت، ڕووخێنەر نەبیت! جارێ خودی ئەوە پرسیارە کە کێ بڕیار دەدات ڕەخنەیەک تێکدەرانەیە یان نییە، ڕووخێنەرە یان نا؟ ئەزموونی دوور و نزیک ئەوەی نیشان داوە کە ئەگەر بە بۆچوونی یەک یان چەند ئەندامێک هەڵوێست یان کردەوەیەکی

کۆمیتەی سەرەوە یان ڕێبەر هەڵە بێت، زۆر جار وەکوو دوژمن و نەیار چاو لە ڕەخنەگر دەکرێت. بیستراوە کە دەڵێن فەرموو هەرچی ڕەخنە بۆ چاککردنی سیاسەتەکانی حیزب هەیە بیخەنە ڕوو، بەڵام ڕووشاندنی ناوبانگی سەرۆک و تێکدانی یەکگرتوویی ناو ڕێکخراوەکە هێڵی سوورە!

هۆکار ئەوەیە کە لەم چەشنە ڕێکخراوانەدا سەرۆک یەکسانە بە حیزب و پاش ئەویش کۆمیتەی بەڕێوەبەر هەموو ڕێکخراوەکەیە، رەخنەگر دەبێ وریا بێت بە دژایەتیی کردنی حیزب تۆمەتبار نەکرێت. لە ناو حیزبەکانی کوردستاندا بەو کەسانەی کە ڕەخنەی تا ڕادەیەک توند لە سەرۆکایەتی دەگرن، وشەگەلی وەکوو لادەر، قین لە دڵ، شکستخواردوو، ترساو، بەزیو و چەندها شتی تریان دەدەنە پاڵ.

لەوانەیە لە ناو هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا کۆمەڵەی "خۆیبوون" [جڤاتا سەرخوەبوونا کورد] کە ساڵی ١٩٢٧ لە لوبنان دامەزرا، تاقە ڕێکخراوەیەک بێت کە لە سەر مودێلی حیزبە ستالینییەکان دانەمەرزرابوو. لە زۆربەی ڕێکخراوەکاندا سانترالیزمی دیموکراتیک گرینگییەکی تایبەتی هەبووە. بەم پێیە دەگوترا لە ناو حیزبدا "ئازادیی ڕادەربڕین، مشتومڕ و بەڵگەهێنانەوە هەیە، بەڵام لە کردەوەدا هەمووان یەکگرتووین". هەر لەم ڕوانگەیەوە کۆمیتەی ناوەندیی نوێنەری هەموو ئەندامانە، دەفتەری سیاسی نوێنەرایەتی کۆمیتەی ناوەندیی دەکات و سەرۆک، ڕێبەر یان سکرتێری گشتی لە سەرووی ئەوانیشەوەیە.

خۆ ئەگەر لە کەشوهەوایەکی دیموکراسییدا ئەم پرۆسەیە بچێتە پێش، شەفافییەت هەبێت و دەسەڵاتی سەرەوە بەرامبەر بە خوارەوە و ئەندامان و ئۆرگانەکانی ڕێکخراوەکە بەرپرسیار بن، ڕێبەر، سکرتێری گشتی و بەرپرسانی باڵا هەمیشەیی نەبن و قابیلی ئاڵوگۆڕ کردن بن، لەوەها دۆخێکدا دەتوانین باسی ڕیکخراوەیەکی تەندروست بکەین. لێرەدا ئاڵوگۆڕ لە کۆمیتەکان، ڕێبەران و بەرپرسان بە شێوەیەکی ئاسایی و بەبێ کێشە و گیروگرفت دەچێتە پێش. ئازادیی بۆ تاکێکی ناو ڕێکخراوەیەک ئەوەیە کە وەکوو ئەندام بە مەرجی کارزانیی، ویست و لێهاتوویی بتوانێ لە هەموو ئاستەکانی ناو حیزبەکەیدا جێگای خۆی ببینێتەوە. لە ناو حیزب و ڕێکخراوەکانی ولاتانی ئورووپادا کێبڕکێ و ململانێی توند دێتە پێش و جاری وایە زۆر توند لێک هەڵدەبەزنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا مافی کەسەکان وەکوو ئەندام پارێزراوە و ڕێگای شەفافییەت و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکان و ڕوانگەی جۆراوجۆر لە ڕیزەکانی حیزبەکەدا ئاوەڵایە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو و لە ناو حیزب و ڕێکخراوەکانیشدا کاتێک باسی پێگەی شارۆمەندان یان ئەندامان دێتە پێش هەم باسی مافەکانیان و هەم پێداگریی لەسەر ئەرکەکانیش دەکرێت. لای ئێمە بەپێچەوانە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کاتێک کێشەیەک یان ململانێیەکی حیزبیی دێتە پێش، بەرپرسان و کۆمیتەکانی باڵا بەردەوام لەسەر ئەرکەکانی تاک بەرامبەر بە کۆمەڵگا و حیزب پێ دادەگرن و مافەکان دەکەونە پەراوێزەوە.

پێویستە ئاماژە بکرێت کە ئەگەر ئازادیی لە ناو حیزبەکەدا ڕەچاوبکرێت، چەند پێش مەرجێک هەیە بۆ ئەوەی ڕێگای گەشەکردنی ئەندامان بەدڵنیاییەوە دەستەبەر بکرێت. سەبارەت بە چۆنییەتی کارو چالاکیی بەرپرسانی ڕێکخراوەکە دوو هێڵی بەتەواویی لێک جیاواز لێرەدا خۆی دەنوێنێ. یەکەم 'سەرکردایەتیی' کردنە کە تێیدا 'سەرکردە'کان لە ژوورەکەی خۆیانەوە فەرمان دەردەکەن و هەڵبەت چاوەڕوانن کە لە ڕیزەکانی خوارتر لە خۆیان جێبەجێ بکرێت. مودێلی دووهەم، بە پێچەوانە بریتییە لە ڕێبەرایەتیی کردن. واتە ڕێبەر لە ڕەوتی ئەنجامدانی کار و ئەرکەکاندا لەگەڵ دەبێت و ئاگاداری هەموو ئەو هەنگاوانەیە کە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەرک و کارەکان هەڵدەگیرێت. هاوکات ئەم ڕێبەرانە ئامادەن بەرپرسیارەتی شکستەکان، گیروگرفت و پێشنەچوونەکانی ڕێکخراوەکەی خۆیان بگرنە ئەستۆ، دەست لە کار بکێشنەوە و تەنانەت بە شێوەیەکی کراوە لەبەردەم کۆمیتەیەکی چاودێردا وەڵامی لێکۆڵینەوە و پرسیارەکانیش بدەنەوە. لەم پرۆسەیەدا، ڕێگا خۆش دەکرێت بۆ دەرخستنی تواناییەکان و لێهاتووییەکان و لە ئاکامدا زەمینە ئامادە دەبێت بۆ پەروەردەکردنی ڕێبەرانی داهاتووی ڕێکخراوەکە. واتە بە پێچەوانەی مۆدێلی سەرکردایەتیی کردن، لەو ڕیکخراوەدا کە ڕێبەرایەتیی هەیە، ڕێبەر هەم ڕێنوێنە هەم هاوکارە و هەم دەبێتە هۆی فێرکردن و بارهێنانی نەوەیەکی نوێ بۆ دەستاودەست کردنی ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی حیزبەکەی.

***واتای ئازادیی بۆ تاک ئەوەیە کە بە کۆیلە نەکرێت، زیندانی نەکرێت، لە دۆخێکدا بێت کە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی شتی نەخوازراو، ئازاربەخش و ناخۆشەوە.***



ئەوەی کە چ شێوەیەکی ڕێبەرایەتی کردن لە حیزبێکدا هەڵدەبژێردرێت دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارەتی بەرپرسان و بە دیارییکراویی سەرۆکی حیزبەکەوە. ئەویش بریتییە لە ڕێگا خۆش کردن بۆ گەشەی ئەندامان بە پێی توانا نەک بە پێی دووری و نزیکی لە ئەم یان ئەو ئەندامی سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە. ئەم ڕەوتە بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکە بە چوار پلەدا تێدەپەڕێت:

یەکەم، ئایا خواستی فێربوون و بەرەوپێشچوون لە ئەندامەکەدا هەیە؟ دووهەم، ئەگەر ئەو ویستە هەبوو، ئایا توانایی واتە فێرکاری و پەروەردەی شیاو و بە ئەندازەی پێویست لەبەردەستدا هەیە؟ سێهەم، ئایا ئەگەر ئەو مەرجانەش هەبن کەش و هەوای ناوخۆی ڕێکخراوەکە ڕێگا بەو ئەندامە دەدات کە بوێرێت مەبەست و ئامانجی خۆی دەرببڕێت؟ چوارەم، ئایا ئەگەر ئەندامێک ویستی هەبوو، توانایی هەبوو، بوێریشی هەبوو، بۆی هەیە و ڕێگای دەدرێت هەنگاوی پێویست بۆ مەبەستەکەی خۆی هەڵبگرێت؟

لە ڕاستییدا دۆخەکە لە کوردستان بەو شێوەیە نەبووە. ئەگەر سیستەمی بنەماڵەیی و لە باوکەوە بۆ کوڕ — دەڵێم کوڕ چونکە زۆر بە دەگمەن کچ دەگرێتەوە — پەیڕەو نەکرێت، نەبوونی کەشوهەوای ئازاد و دوورئەندێشیی، ئاکامی زۆر خراپ و جاری وا بووە بۆ حیزبێکی دیارییکراو، ڕووخێنەری لێ کەوتووەتەوە. کاتێک کە سیمای سەرۆکەکان، ڕێبەران و کەسانی دەسەڵاتداری ناو ڕێکخراو، کونگرە پاش کونگرە و ساڵ لە دوای ساڵ وەکوو خۆی دەمێننەوە، ئیتر مەودایەک بۆ پەروەردەکردنی کادر و گەشەی ئازادانەی ئەندامان نامێنێتەوە. ئەمە وادەکات کە وردە وردە دەسەڵاتداران لە شوێنە گرینگەکان جێ پێی خۆیان قایم دەکەن و کۆمەڵێک ئیمتیاز، بەرژەوەندی و کەسانی گوێڕایەڵ لە دەوروبەریان کۆ دەبنەوە. بەو پێیە بیروباوەڕ، بۆچوونی سیاسی و ئامانجەکانی حیزب دەکەونە پەراوێزەوە و لەگەڵ بەرژەوەندیی تاکەکان جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت.

ئەو کەسانەی کە لە سەرەتاوە هەموو پێکەوە حیزبەکەیان دامەزراندووە و بۆ یەک ئامانج خەباتیان دەست پێ کردووە، لەگەڵ دەرکەوتنی ناکۆکی و دۆزی ئاڵۆزکاودا، دەستەو یەخەی یەکتر دەبن. ئەگەر نەک بە جەستە بەڵکوو بە نووسین و بە گوتاری زبر، ڕووشێنەر و نەیارانە یەکتر دەدەنە بەر گورزی زۆر توند و تێکشکێنەر.

لە کوردستان بەهۆی هەبوونی بزووتنەوەی چەکدارانە و سیاسەتی داپڵۆسێنەری هێزی داگیرکەرەوە، زۆر جار توندو تیژی لە نێوان جودابیران، بەرهەڵستکاران و ڕکەبەرانی سیاسیی، سێبەری خۆی بەسەر بارودۆخەکەدا ڕادەکێشێت. هاوبیرورِا نەبوون لە کونگرەیەکدا یان هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی ڕێبازێکی نوێ و جیاواز، لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی دۆستانی پێشوو لە یەکتر و دەستپێکی ململانێی توند و دوژمنایەتی. بە بۆچوونی من دیاردەیەکی سەیر ئەوەیە کە کورد لە ناوخۆدا زوو کێشەیان لێ پەیدا دەبێت، زوو دەکەونە شەڕ و پێکدادان و درەنگ لەگەڵ یەکتر ئاشت دەبنەوە و پێک دێن. کەچی هەر هەمان

ئەو هێزە کوردییانە لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەردا درەنگ کێشەیان لێ پەیدا دەبێت، درەنگ شەڕ دەست پێ دەکەن و زوو ئاشت دەبنەوە و ئاگربەس و دانووستاندن قبووڵ دەکەن!

لە ئاستی حیزبدا بە بیانووی سەیر و سەمەرەی وەکوو تێکدانی ڕیزەکانی حیزب و لادان لە ڕێبازی سەرەکیی ڕێکخراوەکە، ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵ ڕێبەرایەتییدا هاوڕا نین دەکەونە بەر شاڵاوی ڕەخنە و جاری وایشە ناوزڕاندن و دەرکردن. لە ئاستی وڵات و لە پەیوەندیی نێوان حیزبەکاندا بە بیانووی ئەوەی کە ڕێکخراوی ڕەخنەگر لە "ڕێبازی میللەت" لای داوە، دەیدەنە بەر پەلاماری توند و بانگەشەی ناڕاست و تۆمەتی جۆراوجۆری ئاراستە دەکەن.

«یۆڤال نوح حەراری» نووسەری ئیسرائیلی کە کتێبە بەناوبانگەکەی واتە "هۆمۆساپیەنس (مرۆڤی هۆشمەند)، کورتە مێژوویەکی مرۆڤایەتیی" لە هەموو جیهاندا دەنگی داوەتەوە، بەم دواییانە لە قسەوباسێکدا دەڵێ "دیکتاتۆری وەکوو بژار وایە و لەوانەیە لە هەموو شوێنێک بڕوێت. بەڵام دیموکراسی وەکوو گوڵێکی ناسک وایە! پێویستیی بە پێشمەرج هەیە بۆ سەرکەوتن و یەکێک لە پێشمەرجەکان متمانەیە لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا." ئەم دەربڕینەی «حەراری» لە هەلومەرجێکی دیارییکراودا دەتوانێ ئەندامانی نێو حیزب و ڕێکخراوەکانیش بگرێتەوە.

نموونەی زۆرمان هەیە کە لە ناو هێندێک لە حیزب و ڕێکخراوەکاندا سەرۆک یان بەشێک لە بەرپرسان پێویستیان بەوەیە بێمتمانەیی لە ناو ئەندامەکاندا پەرەبستێنێت بۆ ئەوەی بتوانن ئاسانتر بە مەبەستی خۆیان بگەن. زۆر جار دەربڕینی هەڵوێستی بەرپرسێکی حیزبی بەرامبەر بە هاوڕێیەکی ناو حیزبەکەی خۆیان کە وەکوو ئەو بیر ناکاتەوە ئەوەندە زبرە کە پێت وا نییە ئەمە ڕکابەری ناوخۆیە بەڵکوو زۆرتر وەکوو دوژمن دێتە پێش چاو. جاری وا بووە کە هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە هاوڕێیەکی جودابیر زۆر توندتر بووە لە کاردانەوە بەرامبەر بە بەرپرسێکی حیزبی ڕەقیب. بەداخەوە دووبارەکوتنەوەی سەرۆک و بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی کوردستان لە پۆستەکانی خۆیان، جا چ بە داخوازی خۆیان بێت یان لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئازادانە و شەفافدا، دیاردەیەکە زۆر بە دەگمەن هاتووەتە پێش.

سەرنجێکی سەرپێیی بە پەیڕەوی ناوخۆ دەری دەخات کە ئەو کەس و ڕێکخراوانە لەبیریان دەچێتەوە لە پەیڕەوی حیزبەکەیاندا پێداگرییان کردووە لەسەر پارێزگاریی کردن لە ئازادیی و دیموکراسی لە ناوخۆی ڕێکخراوەکەدا. ئەو کەسەی لە هەڵبژاردندا دەیدۆڕێنێت، جا چ هەڵبژاردن بێت بۆ کۆمیتەی ناوەندی یان لە نێوان چەند حیزبدا بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، کەسی دۆڕاو حیسابی دوژمن بۆ لایەنی براوە دەکات نەک ڕەقیبێک کە لەم دۆخەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

لەو وڵاتانەی دیموکراسی تێیدا زاڵە، دەبینرێت کە سەرۆکی ئەو حیزبەی لە هەڵبژاردندا دۆڕاندوویەتی، یەکەمین هەڵوێستی ئەوەیە کە پیرۆزبایی لە سەرۆکی حیزبێک دەکات کە

سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. بەپێچەوانە لە وڵاتانی نادیموکراتیک و لە ناو هێندێک لە ڕیکخراوەکان، سەرکەوتنی لایەنی بەرامبەر بە فێڵکردن، پاشقولگرتن و گرتنەبەری هەنگاوی نایاسیی دەژمێردرێت. خۆ لەوانەیە لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا، بەهۆی نەبوونی شەفافییەت و دیموکراسی ناوخۆیی وا بووبێت! دیارە ئەمە بە مانای ئازادییخواز و دیموکرات بوونی لایەنی دۆڕاو نییە!

مێژووی حیزبەکانی کوردستان پڕە لە هەڵوێستی دوژمنکارانە بەرامبەر بە هاوڕێیانی هاوکۆمیتە، بەرامبەر بە ئەندامان و بەرپرسانی خوارەوەی ڕێکخراو یان بەرامبەر بە حیزبی ڕەقیب. لە پرۆگرامدا نووسراوە مافی فراکسیۆن هەیە، بەڵام ڕێک لەو کاتەدا کە فراکسیۆنێک یان چەند کەسێک پێکەوە هەڵوێستێکی جیاواز ڕادەگەیەنن، دەکەونە بەر پەلاماری توندی دام و دەزگای ڕاگەیاندنی ڕەسمیی. لە پرۆگرامدا دەڵێن ئازادیی ڕادەربڕین هەیە و هەموو ئەندامان دەتوانن لە سەر هەموو بابەتێک ڕا و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن. بەڵام کاتێک ئەندامێکی چالاک دەکەوێتە ململانێی فکری لەگەڵ بەرپرسەکان، ئەو کارە بە بەزاندنی هێڵی سوور و تێکدانی ڕیزەکانی ناو حیزب مەزەندە دەکرێت. لەم بوارەدا لە هەموو بەشەکانی کوردستان، زۆر بەداخەوە نموونە زۆرن؛ هەر لە سڕکردن لە ئەندامەتییەوە بگرە هەتا دەرکردن، زیندانی کردن، کوشتن و شەڕی چەکدارانەی نێوان ڕیکخراوەکان. لە هەمووی سەیرتر ململانێی توند و شەڕ کردنە لە سەر نێو و مێژووی حیزبەکە! فراکسیۆن مافی ئەوەی نادرێتێ هیچ بەشێک لە نێوی ڕێکخراوەکەی پێشووی هەبێت! "ئێوە لادەرن، کۆمەڵە نین، دیموکرات نین، پارتی نین، یەکێتی نین، فیدایی نین و هتد"! لە وڵاتانی ڕۆژاوا زۆر بە ئاسانی نێوی حیزبەکان دەگۆڕدرێن و حیزبی تازە دادەمەزرێت کە بەڕیوەبەرانیان بەشێکیان ئەندامانی سەرۆکایەتیی حیزبێکی زۆر ناسراوی پێشوو بوون. وابووە کە حیزبە تازەکە پاش چەند مانگ یان ساڵێک بەتەواوی جێ پێی بە حیزبە کۆنەکە لێژ کردووە و بەتەواویی جێگای خۆی کردووەتەوە. لەم بوارەدا لە ئیسرائیل و لە تورکیا نموونەی زۆر ڕوون هەیە. لە کوردستان و وڵاتانی هاوشێوە پێداگرییەکی سەیر هەیە لەسەر ڕوانین بۆ ڕابردوو هەروەها خۆهەڵواسین بە ناوی ڕێبەرانی خۆشەویست و گیانبەختکردووانی حیزب و ڕێکخراوەکە.

بۆچوونێکی زۆر هەڵە باوە کە ئەگەر ناوی حیزبەکە بگۆڕن، ئیتر بەشە میراتی ئەو ڕێبەرانە و ئەو کەسایەتییە خۆشەویستانە لە کیس دەچێت! بەڕاستی با ورد بینەوە بزانین لە ناو خەڵکدا چەندە باسی ئەوە کراوە کە با فلان سیاسەت و ڕێباز و هەڵوێستی چەوت و هەڵەی ئەم یان ئەو حیزب قبووڵ بکەین چونکە ساڵەها لەوە پێش ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ یان ئەندامگەلێکی فیداکار، ژیر و لە خۆبوردوویان هەبووە. وەها بیرۆکە و بۆچوونێک لە ڕاستییدا سووکایەتیی کردنە بە ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک. چاوەڕوانیی نەوەی نوێ و خەلک بە گشتی بریتییە لە هەڵوێستی نوێ و داڕشتنی سیاسەتی نوێ بە مەبەستی گەشەپێدانی کۆمەڵگا

و بەرەوپێش بردنی ئاستی ژیان و هۆشیاریی، دۆخی ئابووری و ئازادیی لە وڵات، نەک ڕەنگی ئاڵا و وێنەی سەرۆکێکی خۆشەویستی ڕابردوو.
گرفتێکی کاری سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکان و تەنانەت دەسەڵاتدارانی سیاسی لە وڵاتە نادیموکراتیکەکان ئەوەیە کە بەردەوام پێ دادەگرن لە سەر ئەرکەکانی ئەندامان و دانیشتوان بەگشتی. لەم پێداگریی کردنەدا ئەوەندە دەچنە پێش کە هیچ بوارێک بۆ مافەکان ناهێڵنەوە. بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە کە ئێوە ئەرکی سەرشانتانە ئەمە بکەن و ئەوە بکەن، خزمەت بە ئامانجی حیزب، نیشتمان و دەوڵەت بکەن! ئیتر گرفت نییە ئەگەر مافی ئەندامێک پێشێل بکرێت، کەسێک بکەوێتە دۆخێکی دژوارەوە، برسییەتی، نەداریی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێت.
بیرمەند و نووسەری ناودار «ئایزایا بێرلین» ساڵی ١٩٥٨ لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی "دوو چەمکی ئازادیی" دەنووسێت:
*ئەگەر گرینگ بوونی ئازادیی نەبێتە بەشێک لە فەرهەنگی کۆمەڵگا، یان ئەوەی وەکوو ڕێسا و نەریتی سیاسی بە قووڵیی هەم لای ڕێبەران و هەم لای شارۆمەندان ڕیشەی دانەکوتابێت، ئیتر هەرچەندیش لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکاندا بە دووروودرێژی باسی ئازادیی کرابێت، ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێت خۆی لەبەردەم دوژمنانی ئازادییدا بپارێزێت.*
تەنانەت هەڵسەنگاندنی ڕابردووی حیزب و باسی مێژوویش دەبێتە مەیدانێک بۆ ململانێی باڵەکان و کەسایەتییەکان.
ڕێزگرتن لە ئازادیی ئەوەیە کە هەموو کەس بتوانێت بە سەربەستییەوە ڕا و بۆچوونی خۆی لەسەر ئەم یان ئەو قۆناخی مێژووی ڕیکخراوەکە یان کوردستان دەرببڕێت. بەشیکی زۆر لە بەرپرسان دەیانهەوێت خۆیان بکەن بە خاوەنی دەستکەوتە باشەکانی ڕابردوودا کە بەداخەوە زۆر نین. لە بەرامبەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی شکست و کێشەکانی پێشوودا هیچ کەسێکیان ئامادە نییە بەرپرسایەتی سەرنەکەوتن و کەموکووڕییەکانی ئەو مێژووە بگرێتە ئەستۆ.
پارێزگاریی کردن لە ئازادیی بۆ حیزب و ڕێکخراوەیەکی پێشکەوتنخواز ئەوەیە کە بوێرانە و بەکردەوە لە بەرامبەر نایەکسانی و ستەم و چەوسانەوەدا ڕابوەستیت. تێکۆشان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتیی و پشتیوانیی کردن لە مافی دیاریی کردنی چارەنووسی گەلی کورد بۆ کەسێک یان لایەنێک خۆی بە چەپ و پێشکەوتنخواز بزانێت دەبێ زۆر بە ڕوونی و لێبڕاوانە بریتی بێت لە خەبات و پێداگریی کردن لە دادوەریی کۆمەڵایەتی. ئەم خەباتە دەبێت کۆڵنەدەرانە و بەبێ هیچ بیانوو یان پاساو هێنانەوەیەک پارێزگاری کردن لە ئازادیی کۆمەڵایەتی، دادپەروەریی ئابووریی، سەربەستیی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئازادیی جیندەری و مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان بگرێتەوە.
بە یەکگرتوویی مانەوەی حیزب و ڕیکخراوەی سیاسییش زۆر جار بووەتە هۆی ململانێ و کێشەی قورس لە ناو باڵە جیاوازەکاندا. "یەکگرتووبوونی

ڕیزەکانمان هێڵی سووره و هیچ کەس بۆی نییه بیبەزێنێت!" ئەم دربڕینه به دارشتنی جۆراوجۆرەوه له بەرپرسان و کارەبەدەستان و کادرەکانی ئەم یان ئەو حیزب دەبیستین. وردبوونەوه له ناوەرۆکی ئەو گوتەیه له ڕاستییدا هەم سست بوونی بناغەی ڕێکخراوەکه دەگەیەنێت و هەم ترس و دڵەڕاوکێی بەرپرسان له دابەشبوون و لێک جیابوونەوه! یەکگرتووبوون له ڕێکخراوەیەکی سیاسییدا له ڕێگای هاوڕا بوون و پارێزگاریی کردنی وشیارانه له پرۆگرامێکی سیاسی دیارییکراو و هەروەها تێکۆشان بۆ گەیشتن به ئامانجێکی هاوبەش دەستەبەر دەکرێت. لێرەدا پرسیارێک بەرجەسته دەبێتەوه؛ ئایا پێکەوه مانەوه له حیزبێکی ناسەرکەوتووی پڕ له کێشه و کاری نابەجێدا و هەروەها پێکەوه مانەوەی ژمارەیەک ئەندامی دڕدونگ و بەگومان لەیەکتر ئەوەنده پیرۆزه که چوونەدەر له وەها چوارچێوەیەک گەیشتن به ئامانجی سەرەکی وەدوادەخات؟ دیاره وا نییه و له نەبوونی کەش و هەوایەکی ئازاد و گفتوگۆی هاوڕێیانەدا کاربەدەستان و سەرکردەکانی ناو حیزب به شوێن بزنەڕەشدا دەگەڕێن که تاوانی بێ هیوایی و سەرنەکەوتنی خۆیانی بخەنه ئەستۆ. ڕاگرتنی 'یەکرِیزیی' ناو ڕێکخراوەکه به زەبری هەڕەشه و تۆقاندنی ئەندامان و کادرەکان، به گەڕانەوه به گوته بەنرخەکەی «یۆڤال حەراری»، به مانای ڕێگا خۆشکردنه بۆ دەرکەوتنی بژاری سەرەڕۆیی و کەسانی دیکتاتۆر و له هەمان کاتدا تێکدانی ئەو بارودۆخەیه که گوڵی ناسکی دیموکڕاسی بتوانێت تێیدا گەشه بکات.

**مانگی یەکی ٢٠٢٢**

# بیرۆکەی ئەرکی هونەر بەرگری لە ئازادییە



حسەین شەبەق

لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرم بە کۆپلەیەک لە قسەکانی شاعیر و نووسەری ئازیز، فەریدون ئەرشەدی دەست پێدەکەم:

***"لەسەردەمانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا و بەڕێوەبردنی ئیدارەی شار و گوندەکانی لە لایەن خەڵک و حزبە سیاسییەکانەوە، هەر وەها لە پاش هێرشی هەمەلایەنەی دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران بۆ کوردستان و بەرخۆدانی پێشمەرگە قارەمانەکانی گەل و نیشتمان، سەرهەڵدانێکی چاوەڕوان نەکراو لە ئەدەب و هونەری بەرگریی لە ڕۆژهەڵاتدا دێتە ئاراوە کە سەرەڕای هەموو بێ ئیمکانی و کەم ئەزموونییەکان، پڕ بایەخترین و درەوشاوەترین بەرهەمی ئەدەبیی و هونەریی لێکەوتۆتەوە ...."***

پرسیار ئەوەیە بۆچی؟ بۆچی ڕێک لەم دەورەیەدا، ئەم ڕێنسانسە ئەدەبییە لە ڕۆژهەڵات ڕوودەدا؟

من لام وایە وەک چۆن گوڵ بە ئاو و خاک و هەتاو دەپشکوێ، هونەریش ئاوا بە ئەرز و ئاو و هەوای تایبەت بە خۆی دەپشکوێ. ئەشقی خەڵک بە ئازادی لە کاتی خەفەقاندا، خەبات لە پێناو پاراستنی ئازادی لە سەردەمی دیکتاتۆرییەکاندا و گیانفیدایی شۆڕشگێڕانی پێشڕەو بۆ پەرەدان بە ئازادی لە ڕۆژگارە ڕەشەکاندا، ئەو ئاو و خاک و هەتاوە تایبەتیەن کە تۆوی هونەری بەرگریی دەگرنە خۆ و بە نهێنی هێز و وزەی پێدەبەخشن و لە هەڵکەوتی خۆیدا دەیکەن بە گوڵی ئازادی و لە یەخەی گەلی دەدەن.

ئاوا نیە کە تەنیا لە سەردەمەکانی شۆڕشدا هونەری بەرگری بوونی هەبێ. نا، تۆوی هونەر وە بە تایبەت هونەری بەرگریی، لە کاتی خەفەقان و لە زستانی سیاسی و دیکتاتۆریدا دەنێژرێ. هونەری بەرگریی ڕێک وەکوو هێز و هزری خەبات، لە تەنگانەکانی خەڵکدا، لە ئەستووری زۆرداری دا، لە جەنگەی غەدر و ستەمکاریدا، لە کاتی ڕەشەکوژی ناو کۆمەڵگا و ئێعدام و لە سێدارەدانی لاواندا، لە قووڵایی ئێش و ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیاندا، لە کاتی هەستکردنی مرۆڤ بە سووکایەتی و لە زەلکاوی ڕیاکاری و گەندەلێدا و ڕێک لەو دیوی ڕووناکایی ئازادی و، کوت و مت لە ناو دڵی تاریکی دنیاداگردا گەرا دادەنێ و هەوێنی بوونی لە منداڵدانی کۆمەڵگادا دەمەیێ. هونەری بەرگری ڕەگ و ڕیشەی لە خاکی ڕەشی چەوسانەوە و لە مەینەتی کارەساتی کۆیلەتی و لە برینی مائەساتی داگیرکاریدا دادەکوتێ. دواتر هەر قومە بارانێکی هزری ئازادی، هەر نەرمە هەوایەک کە بۆنی هیوا و شادی پێوە بێ، پەنجەی ڕەگەکانی لە ناو خاکی ڕەشدا بڵاو و درێژ و بە هێز دەکا و هەر ترووسکاییەکی ئومێد، بەهاری عومری نزیک و نزیکتر دەکاتەوە. ڕاستە ئەو کاتە دەپشکوێ کە دەورە دەگۆڕێ، کە شۆڕش بەرپا دەبێ. بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ لە دۆخی ڕزگاریدا، هەست بە ئازادییەکی بێ ئەوپەڕ دەکا و دەتوانێ باڵەکانی تەواو بکاتەوە و پڕ بە گەرووی خنکاوی خۆی دەنگ هەڵێنێ و بێ پەنا و پەردە و بێ سایە و سانسۆر قسەی دڵی خۆی بکات.

با هەر لە سەرەتاوە ڕوو ڕاست بین. من شتێک لەو دیو سنووری هونەری

بەرگرییەوە، بە ناوی هونەر ناناسم. هونەر واتە بەرگری لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی. هەر بەرهەمێک ئەگەر رەوایی بە خولیایەکی خەڵک نەدا و تەزوو بە لەشی هیواکانیدا نەهێنێ و دنەی نەدا بۆ بووژانەوە، هەر بەرهەمێک ئەگەر شادی نەخاتە ناو ماڵ و خێزانی دیل و هەژارانەوە و درووپەک لە قاڵبی خەڵک دەرنەهێنێ و ئۆخنابییەک نەخاتە ناو هەناوی ئاشقانەوە، هەر بەرهەمێک ئەگەر باوەڕ بەخۆیی گەنجێک بۆ یاخی بوون لە ستەم قایمتر نەکا و گوڵێک لە یەخەی خەزاڵێکی رەنگ زەردی وڵات نەدا، هەر چیرۆکێک ئەگەر نەهایەتەن بزەیەک نەخاتە سەر لێوی دایکێکی جەرگسووتاو، چۆن دەتوانێ نازناوی پیرۆزی هونەری لێ بنێیت؟ هەر بەرهەمێک کە رێز لە رۆحی بەهاکانی مرۆڤایەتی نەگرێ، من بە هونەری نازانم و یەکسەر فڕێی دەدەمە ناو یەکەم زبڵدانی پەنا دەستم.

هونەر راچڵەکاندنی خەڵکە لە خەوەبەردینە. هونەر یاخیبوونە لە ستەم. هونەر خەباتکردنە لە پێناوی ئازادی و بەختەوەری مرۆڤدا. هونەر رەخساندنی دۆخی شادی و خۆشحاڵیە بۆ خەڵک بۆ گەنجان، بۆ منداڵان. هونەر بەرگریکردنە لە ژن و مافە لێزەوتکراوەکانی کە هەر ئێمە خۆمان کردوومانەتە یەخسیری ئەبەدیی سەدەکان. هونەر لێدان لە شەرارەتی جەهل و بەرگرییە لە زانست و جوانی و شادی و فراوانی و پێشکەوتن. هەر بەرهەمێک ئەگەر بۆن و بەرامەی ئەوانەی پێوە نەبێ، من تووڕی دەدەمە ناو یەکەم قەناتی ئاوەڕۆوە.

ئەی ئەو کەسەی لە ناو تاریکیدا بۆ دۆزینەوە رێگای خۆت دەستەدەکوتە دەکەی، ئاگاداربە ئەوەی وردە وردە چرای رۆشنی رۆحت کز و کزتر دەکا و بەرچاوت لێڵ و تاریکتر دەکا و کەم کەم وەجاخی بیر و تێگەیشتنت کوێر دەکاتەوە و سەرشۆڕ و خەفەتبارت دەکا و سەرەنجام بە چۆکت دادێنێ، ئەوە هونەر نیە. ژەهری تاریکیە، حۆقەبازێک بە هەڵکەوت بەرگی بووکێنی لەبەر کردووە.

ئەوەی هەوڵ دەدا بتترسێنێ و دەروونت پڕ کا لە خۆف و ئەژنۆی هیوات بشکێنێ و لە مرۆڤێکی داهێنەر و پڕ بەهرەوە بتکا بە کۆیلەیەکی چاو لە دەست و دەستەمۆ، هونەر نیە، چەقۆیەکی ژەهراویە بە هەڵکەوت قاتڵێک هەڵیگرتووە. قاتڵێک کە بەرگی قارەمانیان لەبەر کردووە.

ئەوە هونەری دەسەڵاتدارانی فاشیست و دیکتاتۆرە کە، دەر و ژووری ژیان و گیانت پڕ کەن لە خۆف و ترس و بێباوەڕیی و داوەشان. ئەوان ئەو کارە بە مەلاکان و بە مەداحانی خۆیان دەکەن. بە چیرۆکی زۆر ترسێنەری دوور لە واقع. بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی جەهەننەم و مار و دوپشکی بەقەد وشتران. نەکرا بە سەرنیزە و رەشبگیر و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام و سێدارە دەیکەن. هەر نەکرا ئینجا بە مەواد بڵاوکردنەوە لە ناوخەڵک و لاوەکاندا دەیکەن. هونەری ئەوان بڵاوکردنەوەی تریاکە جا چ ئەو تریاکەی کە رۆحتان دەکووژێ و چ ئەو تریاکەی کە جەستەتان لەناو دەبات.

ئەی ئەو کەسەی لە ناو تاریکیدا بە دوای دۆزینەوەی حەقیقەت و رێچارەدا دەگەڕێی، ئاگاداربە! هونەر ئەو کرووزانەوە و پاڕانەوە و ئەو لاڵانەوە و نووشتانەوە و ئەو عەزا و شین و شەپۆڕ و باوکەڕۆییە

نیە کە پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست تۆوی پیسییان لە ناو زەلکاوەکانی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە.

سێ جومگەی سەرەکیی هونەر، سێ کوچکەی بنەڕەتی هونەر، سێ پایەی ئەسڵی هونەر، سێ وشەی هەمیشە ئازیز لای من، ژیان و شادی و ئازادییە. رەگی ئەم سێ بنەمایەی هونەر هەتا نەهایەتی بێسنووری هەبوون لە ناو دڵ و هزری مرۆڤ دا رۆچۆتە خوار و هونەرمەندان هەرگیز، ئەبەداوئەبەد لە وەسفی ئەم سێیە تەواو نابن. گەر رۆژێک دیتت هونەرمەندێک بۆنێکی لەم سێ بۆنانە، رەنگێکی لەم سێ رەنگانە، دەنگێکی لەم سێ دەنگانە پێنییە، هەتا زووە لێی دوور کەوە. هەتا زووە پشتی تێکە با دەرفەتت لێنەهێنێ، با زەفەرت پێ نەبا و زیانت پێنەگەیەنێ.

بۆ تۆی خوێنەری هونەردۆستیش زۆر گرینگە کە بۆ دۆزینەوەی هونەر، لە کۆسپی ئیسم و میسمان تێپەڕی. ئەم ئیسم و میسمانە ئێستا هەن، رێک وەک پەرژینی بێستان وان. تۆ پێویستە لێیان تێپەڕی و خۆت بگەیەنیە بەرهەمی بێستانەکە. زۆر گرینگە بۆ تۆی تازە نووسەریش کە پەرژین و پەردە تار و مارەکان لە دەوری بیر و هزر و خەون و خولیای خۆت لادەی و لە کۆتاییدا هونەر وەک خۆی کە هەیە بەدی بکەی. بە راستی و پاکی و زوڵاڵی و لە کانی و سەرچاوەی رەسەنی خۆیەوە کە هەمانا ژیان و ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکە.

هەر بەند و رستە و هەر وشە و شێعر و گۆرانییەک، جوانییەکی سەرنجڕاکێشی دەروونی هەبوو کە ژێیەکانی ویژدانی مرۆڤبوونی تۆی هەژاند، کە هانی دای بەرەو جووڵە و پێشکەوتن، هەر دەنگێک کە هەستت کرد لە دڵەوەڕا هات و راست نیشتە سەر دڵت، هەر هاوارێک بانگی کردی تا لە ستەم یاخی بی و قەت کۆڵ نەدەی، هەر هێمایەک کە هانی دای تا لەخۆڕادیو و شاد و دڵخۆش و سەرفراز بی، هەر نیشانەیەک کە نەهی کردی تا ویژدانت نەفرۆشی و بەها ئینسانیەکانی خۆت لە دەست نەدەی، بزانە کە ئەوە رێک خودی هونەرە، هونەری بەرگرییە.

ئەم وینە و تابلۆ و شانۆ و ئاواز و مۆسیقایەی دڵت خۆش دەکات و دەتخاتە پێکەنین و سەما، یان هێزت دەداتێ و هەستی جوانیپەرستیت دەباتە لووتکە، بزانە کە ئەوە هونەرە. هونەری رەسەن دایمە دڵڕفێن و رۆح هەژێن و هێزبەخش و نشات هێنە.

ئەم وتانەی کە باوەڕ بەخۆبیت زیاد دەکا و هیوات بە داهاتوو دەبووژێنێتەوە، بزانە هونەرە. هونەرە، چوونکە لە توێ توێی رەنگ و دەنگ و وشە و وتە بە نرخەکانیدا هەوڵدەدا تا وشیارت کاتەوە، هەوڵ دەدات تا خەوت بزڕێنێ و بەرگری لە خۆت و داهاتوو و هیوا و ئارەزووەکانت بکات.

**قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت**<br>
**هیچ دەفتەر و هیچ کاغەزێ**<br>
**نەیانزانی**<br>
**رووی لە کوێ کرد**<br>
**چونکە ویستیان دای بدەن و**<br>
**خۆی بە خۆی بکووژێننەوە!**<br>
**چونکە ویستیان وا بنووسێ**<br>
**هەر بە تەنیا سوڵتانەکان**<br>
**بیخوێننەوە!**

شێرکۆ وا دەڵێ: ئەو بەم چەند وشە کەمە ڕەوایەت لە خەفەقان دەکات. شێرکۆ بەو چەند ڕستەیە تابلۆی دیکتاتۆریەت نیشان دەدا. ئەم شاعیرەی بەرەی بەرنگاریی و شۆڕش، هەوڵ دەدا تا تۆی هاووڵاتی، تۆی نووسەر و شاعیری تازە پێگەیشتوو لە خەتەرێک ئاگادار کاتەوە. شێرکۆ هەرگیز بەر لە نووسین بیری لەوە نەکردۆتەوە کە چ بنووسێ و چۆنی بنووسێ و لە سەر چ ڕێباز و سبک و ئیسمێک بینووسێ. ئەو دەزانێ کە پۆست مودێرنیسم و پەسا مودێرنیسم و سەدان ئیسمی دیکە، نازناوی کاتیی و کەم بەهان و خاوەنی هیچ ڕەسەنایەتییەک و هەڵگری هیچکام لە ڕەساڵەتەکانی هونەر نین. جەوێکن ساز دەبن و تەمێکن بە سەر سرووشتی کۆمەڵگادا دەکشێن و بەرگێکن لەبەر دەکرێن و هەور و هەوایەکن کە دێن و دەڕۆن.

هاوڕێم، هونەر بۆ هونەر و هەروەها هەموو ئیسمەکان وەک هەوری سپی ئاسمانی هاوین نەزۆک و بێ بارن. زۆر نابا کە لە بەرابەر خۆری حەقیقەتدا کەم کەم، کەم دەکەن و دەتوێنەوە. هونەر ئەوەیە کە لە هەناسەیەکدا، دڵ و مێشک و گەرووت پڕ کا لە هەستێک، لە هەوایەک، لە شتێک کە تۆ خۆیشت نازانی چیە، بەڵام حەزی پێدەکەی. هەستێک کە نشاتت پێدەبەخشێ و پڕت دەکاتەوە. بریسکەیەک، هەوایەک کە بەر چاوت ڕووندەکاتەوە. شتێک کە وا دەکات تا هەستێکی توانابەخش دەروونت دادەگرێ، هەبوونێک کە بەراستی ئاسان نییە پێناسەکەی. بەڵام ڕێک دوای هاتنی، دوای دیتنی، دوای گوێ لێگرتنی، پاشی خوێندنەوەی، ئیتر تۆ هەست دەکەی کە ئەو کەسەی جاران نەماوی، گەورەتربووی، بیر ڕوونتر بووی. بەهێزتر بووی، قایمتربووی و وشیارتربووی و پشوویەکت هاتۆتەوە بەر و نــــوێ بوویەوە.

دوو ئیسم بەڵام لە مێژووی هونەردا هەن کە باوەڕ پێکراون و ڕاستەقینەن. ڕەگیان لە زەوی و سەریان لە ئاسمانە. **ڕئالیسم** و **ڕۆمانتیسم**. هەموومان دەزانین کە بوون و نەبوون، مەرگ و ژیان، شەو و ڕۆژ، خێر و شەڕ، تاریکی و ڕووناکی و جەهل و دانایی دوانەی یەک زگ و تەواوکەری یەکترن. بـۆ وایـە؟ من نازانم. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لە جیهانی ئەدەبیاتیشدا، **واقع** و **خەیاڵ**، ڕئالیسم و ڕۆمانتیسم ئاوان. تەواوکەری یەکترین. هیچکامیان بە بێ ئەویتریان نابن. هەر کامەیان بە بێ ئەویتر سیس و ژاکاوە و وەک وێنەیەکی شێواو و ناکامڵ دەنوێنێ.

هونەرمەند هەیە وەک «ژوڵ ورن» کە بەهرەکەی زیاتر لە نبووغی خەیاڵە سەرکەش و بزۆزەکەی دایە و شاکاری وەک "سەفەر بۆ ناوەندی زەوی"، "بیست هەزار فەرسەخ لە ژێر دەریا"، "دەوری زەوی بە ٨٠ ڕۆژ"، "سەفەر لە زەوییەوە بۆ مانگ"، "پێنج حەوتوو لە ناو باڵۆن "ی نووسیوە. نووسەرێک کە زۆر بە دەگمەن خاکی شار و وڵاتەکەی خۆی فەڕانسەی جێهێشتووە. تەنیا خەیاڵی کردووە. ئارەزوو و خەیاڵەکانی خۆی نووسیوەتەوە. لە سەردەمی ئەودا هێشتا نە تەیارە بوونی هەبوو، نە ژێردەریایی، نە قەتار، نە سەفینە و نە نەخشەی ورد و دەقیقی دنیا کە هەموو خەڵک و

زمان و کلتوورەکان نیشان بدا. «ژوڵ ورن» هەموو ئەو دیاردانەی بە خەیاڵ نەخشاندووە. ئەو لە راستیدا ئارەزووی گشتیی و هاوبەشی هەموو مرۆڤەکانی لە رۆمانەکانیــدا نەخشاند. ئەم خەیاڵە سەرکەشە، «ژوڵ ورن»ی کردە یەکێک لە ١٠ کەڵە نووسەری گەورەی هەموو جیهانی سەردەم.

نووسەریشمان هەیە وەک «چێخۆف» زۆر واقعگەرا و رئالیستە. یان وەک «داستایووسکی» کە کەسێکی زۆر گەڕیدە و دنیادیدە بووە و هەرچی دیویەتی نووسیویەتەوە. بۆ نموونە "براکانی کارمازۆف". ئەم دوو نووسەرە هەر دووکیان توانایی ئەوەیان هەبووە هەرچی کە دەیبینن کوت و مت بیهێننە سەر کاغەز. بە جۆرێک کە ژیانی ناو کۆمەڵگای سەردەمی خۆیان وەک تەماتەیەک قاش دەکەن و ناوەکەی بە جوانی نیشانی خەڵک دەدەن و پێیان دەڵێن:

***"ئەوەتا خەڵکینە! تەماشا کەن! ئەوە ئێوەن. ئێــوە ئــاوا دەژین.***

هاورێی من ئەگەر تۆ دەتەوێ هونەرمەند و نووسەر و نەقاش یان شاعیرێکی رەسەن بی، گوێ مەدە ئیسم و میسمەکان. بنووسە. بەرگری بکە لە خۆت، لە مافەکانت و لە خەونەکانت. بەرگری بکە لە ئارەزووت، لە خەیاڵت لە هیواکانت. چاوت لە دووی ئافەرینی کەس نەبێ و دەس لە کیسەی پیس و پڕ لە خوێن و چڵکاوی گەورەکانی دەور و بەرت رامەکە.

شەو و رۆژ دێن و دەڕۆن، ئاشقان دێن و دەڕۆن، فەقیر و دەوڵەمەند دێن و دەڕۆن، حیزب و گرووپ دێن و دەڕۆن. دەوڵەتەکان دەڕۆن. کلیسا و مزگەوتیش دێن و دەڕۆن. کەم و زۆر چاک و خراپ دێن و دەڕۆن، بەڵام واقع و خەیاڵ هەر دەمێنن. هەبوون و ئارەزووەکان هەر دەمێنن. هەرێمی ژیان و هومێدەکان هەر دەمێنن. بەرهەمی هونەری رەسەنیش بێگومان هەر لە هەوار و هەرێمی ئەم خەون و ژیانەوە، دیسانەوە لە دایک دەبن.

دۆستانی من! راستە کە هەنووکە ستەمکاریی و ریاکاریی و گەندەکاریی باوە. راستە کە ئێستا باو باوی رێوییە و شێری بێشە هەنگاوی شل و خاوە. بەڵام ئەمە دۆخێکی کاتییە و تێدەپەڕێ. لە سەرووی هەورە رەشەکانی شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی و چۆڵپەرەستیدا، رۆژی روونی حەقیقەت و بیر و خەونی ئازادیخوازی و ئەڵماسی مافخوازی و زێڕی سپی شادی، هەردەم لە درەوشانەوە دایە و دەبێ. پێویستە کە تۆ لەوە دڵنیابی کە خەونی بەختەوەریی و جوانیخوازیی مرۆڤ و، داکۆکی لە مرۆڤایەتیی، چەشنی رووباری خورێنی بەهارە کە بە شڵپ و هۆڕ و کەفچڕێن دێ و تێدەپەڕێ و قەت قەت لە شەپۆل و جووڵە ناکەوێ. ژیان و خەونەکانمان هەدا نادەن!

«لنگستۆن هیوز» شاعیری رەشپێستی ئەمریکی دەڵێ:

**هیواکانت لە دەس مەدە.**
**چونکە ئەگەر هیواکانت لە دەست بدەی،**
**دنیا وەك بیابانێکی رووت و بەرەهووتی لێدێ.**

کورد و جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی کورد پێویستی بە هیوا و هیممەت و جەربەزە بووە و هەیە بۆ ئەوەی گەلی کورد، لە کۆست و تەنگانەکاندا بەسەر کێشە و شەڕ و گرفتەکانی دا سەر کەوێ. شێعر و سروودەکانی بەرەنگاریی، شان بە شانی گوللەی تێکۆشەر و خەباتکاران لە بەرەی جەنگی کورددا، لە بەرەی خەڵکی بەشمەینەت و چەوساوەدا، ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە شەڕدا بوون و هەن و بەردەوام شکۆ و شاکاری نوێ دەخولقێنن.

شێعر و هونەری بەرەنگاریی ئاوێنەی باڵانوێنی ئاواتەکانی خەڵک و خەبات و شۆڕشن. هونەری بەرەنگاریی بە حەق دەوری سەرەکی گێڕاوە لە هیوا و هومێد بەخشینەوە بە جووڵانەوە و دۆزی رەوای کورد. شاعیرانی کورد لەم بوارەدا بوونە لووتکەی بەرزی لە شکان نەهاتوو. مێژوو شاهیدە کە زۆربەیان لە ریزی رابەرانی پێشڕەوی خەباتی گەلی کوردا بوون وهەن.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبیی کورد دا بخشێنین، بە تایبەت مێژووی ئەدەبیی سەردەم، تاقە یەک شاعیری گەورەی کورد نابینی کە شێعری بەرەنگاریی نەوتبێ.

بۆ نموونە گۆران. با لە گۆرانەوە دەست پێبکەین. گۆران، گۆرانی جوانی ناس، گۆرانی رچەشکێنی شێعری نوێی کوردی لە باشوور. گۆران شاعیری، شێعری "ئافرەت و جوانی"، "گوڵی خوێناوی"، "بۆ جوانی لادێ"، "لە درزی پەچەوە"، "جوانی بێ ناو"، "بۆ بلبل"، "گەشت لە هەورامان" و دەیان شاکاریتر کە شێعرەکانی کوت و مت تابلوی نەقاشیین، تەنانەت ئەو شاعیرە یەکجار جوانیپەرەستەش نەیتوانیوە خۆ بە دوور بگری لە وتنی شێعری بەرەنگاریی. لە راستییدا ئەوە شێعرە بەرنگارییەکانیەتی کە زیاتر گۆرانیان لە ناو خەڵکدا ناساندووە و خۆشنێویان کردووە. شێعرە بەرەنگارییەکانی بوونە شاکارەکانی دیوانەکەی. بۆ نموونە لە شێعری "بەستەی نەبەز" دا لە ساڵی ١٩٥٣ دا دەڵێ:

**من ئەو دیـــلەم لە زیندانی تاریکا**
**هەتاوی بیر ڕووناك ئەکا بەرچاوم؛**
**بە ناو هەزار حەڵقەی داوی باریکا**
**قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!**

❋

**من ئەو دیـــلەم لە پشت شووڕای پۆڵاوە**
**ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز ون ناکەم؛**
**لە ڕووی ئاسمان بە گڕی سوور نووسراوە**
**بـەندە بـەندەی ئـایین نـامەی بـــڕواکەم!**

❋

**من ئەو دیـــلەم ئامانجم قیبلەی گشتە؛**
**با سامدار بێ و پڕ درِك بێ ڕێی ڕاستم،**
**مـادام هێـزی زۆربـەی گـەلم لە پشتە:**
**درِك گـوڵە و تـرس ئـارامە بۆ خواستم!**

❋

**من ئەو دیلەم کە سرنجی بێ باکم،**
**سڵ لە چـاوی پـڕ لە قینی زەق ناکا؛**
**دانەچیرەی گورگی هاری سەر لاکم**
**زاتـی گیـانی نـەلـەرزیـوم لەق ناکا!**

❋

من ئەو دیلەم کە دیل کەری زۆردارم
دڵی لەبەر گـــوڕی ناڵەم ئەلەرزێ؛
تا شـڕتر کا کەڵبەی لەشی زامارم،
خـــۆی خراپتر لەناو خوێنا ئەگەوزێ!


*

من سـەربازی ئامـانجێکم: پیـــرۆزە،
فیـداکاری ڕێگایەکـــم: بێ گــەردە،
ڕەنجێك ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە،
لە ڕێیەکا بێ باك ئەمرم: ڕێی مەردە!

ئەمە تەنیا یەک نموونەیە. گۆران دەیان شێعری بەرەنگاریی هەیە وەک: "زیندانی ئەژدەهاک"، "تاسەی دیدار"، "نەورۆز"، "بەری بەیانە"، "دەمی راپەڕینە" و "ساوای ئاشتیخواز" و هتد.

فایەق بێکەس کە شاعیری ناسراوی کوردە، دوای شەڕی جیهانی یەکەم، گەرای هەست و بیری داکۆکی لە کورد و کوردستان و خەڵکەکەی خۆیەتی. کەس ناتوانێ بڵێ کە فایەق بێکەس شاعیری بەرەی بەرەنگاریی و شۆڕش نەبووە. هەمووان دەبینین کە بێکەسی باوک لە سەردەمی خۆیدا و دوای خانی و حاجی قادری کۆیی یەکێک لە پێشڕەوانی هونەری بەرگریی بوو. هۆنراوەی "بیست و حەوت ساڵە"کەی کە تیایدا داگیرکەرانی کوردستان سووک و ریسوا دەکات، کراوە بە سرووی نەتەوەیی و هەتا ئێستاش وێردی زمانی چووک و گەورەیە لە کوردستان.

هێمن شاعیری رقی پیرۆز،
دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە رق ئەستوورترم،
لێمدەدا، ئەمما لە سەر داوا رەواکەم سوورترم،



کێ هەیە
"دەلالۆ لالۆ هەستەوە"ی
شێرکۆی نەبیستبێ و
دەیان جار سروود و
گۆرانیەکەی
لێ نەدابێتەوە؟

**دەمکوژێ، ئەمما بە گڕ جەللادەکەم**
**دا دێمەوە،**
**کوردم و ناتـوێمەوە، ناتوێمەوە،**
**ناتوێمەوە.**

یەک لە گەورەترین شاعیرانی کوردی دوای شەری جیهانی دووهەمە. هێمنی راستگۆ و رەوان بێژ و هەست ناسک، دەیان شێعری بەرەنگاریی هەیە کە زۆربەیان کراونەتە سروود و گۆرانی وەک: "ئەمن کوردم"، "تۆم هەر لەبیرە"، "رۆژگاری رەش"، "بەغدا نیوەی رێیەت بێ"، "تەپلی ئەمان"، "پەری شێعر"، "مەتەرێژی شەرەف"، "تروویکی رزگاری"، "شەو و شەیتان"، "سنوور"، "ئارەق و تین"، "کاروانی خەبات"، "بناری هەڵگورد"، "رقی پیرۆز"، "بەهاری ئاڵ"، "فرمێسکی رونوو"، "زیندە بە چاڵ"، "دەسترێژی لاوان"، "رەوەز ورد نابێ"، "بەهار هەر دێ" و زۆری دیکەش.

کتێبی "بۆ کوردستان"ی هەژار هەڵدەیەوە، لە کەم جێگا تووشی شێعر و هۆنراوەیەک دەبی کە بۆنی بەرەنگاریی پێوە نەبێ. هەژار هێندە لە شێعری بەرەنگاریی و فیکری بەرەنگاریدا قاڵ بووەتەوە کە بەراستی دیدی خۆی بچوک کردۆتەوە و بە جارێک خۆی هەژار کردووە و ئەو کاتانەی کە ئاگرە توندەکەی دەروونی هەڵیگرتووە رکێفی لە دەست دەرچووە و تەنانەت پەلاماری خەڵک و نەتەوەی تریشی داوە.

قانع شاعیری چەوساوەکان، شاعیری راساو لە بێعەداڵەتیی و زوڵم و جەوری دەرەبەگ و شێخ و مەلا و دەوڵەتەکان، هەرگیز قەناعەتی تەنیا بە جوانی و جوانیناسی و هونەر بۆ هونەر نەبووە. قانعی حەقبێژ کەم شێعری هەیە کە لە رەنجێک و ئازارێکی قووڵی دەروونی خۆی و ژیانیەوە سەرچاوەی نەگرتبێ:

**ئاخرین ماڵی ژیانم گونجی**
**بەندیخانەیە**
**ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی**
**دێوانەیە،**
**زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرِزرەی زنجیر**
**ئەکەم**
**سەیری ئەم زنجیرە کەن! وەك**
**زیوەری شاهانەیە**
....
**گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی**
**ئازادییە**
**تۆپ و شەستیر و کەلەپچە، لام وەکو**
**ئەفسانەیە**
**چاوەڕوانی میللەتم بۆ ئەو مەبەستە،**
**کردەوەی شێرانەیە،**
.....
**شۆڕشێکم عالەمێ رزگار بکا**

سوارەی تیژ و وردبین و خۆشبێژ و جوانەمەرگمان کە رچەی شێعری نوێی کوردی لە رۆژهەڵات شکاند، هەر تەنها بە کارتی "خەوە بەردینە"وە دەتوانێ بچێتە ریزی شاعیرانی بەرەی بەرەنگاریی و شۆڕش. ئەوە بێجگە لەوەی کە شێعری دیاری وەک "شار"، "کچی بەیان"، "خێڵی درۆ" و "بر خوان خورشید"یشی هەیە.

بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئیبراهیم ئەحمەد کە وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کورد دێتە ئەژمار، بە گشتیی دەچنە بەرەی هونەر و شێعری بەرەنگارییەوە. ئەگەر هەر بە تەنیا باسی شێعری "شیرین بەهارە"کەی بکەین، دەبینین کە چۆن لە کاتی خوێدا ژیلەمۆی کوردایەتیی

گەشاندۆتەوە و ئاگرێکی سەراسەری بەرەنگاریی لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان هەڵایساندۆتەوە.

پەشێو، پەشێوی ئاشقە حەق و ئاشقە جوانی هێشتا گەنجێکی کەم تەمەنە کە ژیان لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر رەد دەکاتەوە و رێگای شاخ و هەندەران دەگرێتە بەر.

**دەریان کردم،**
**چوونکە شێعرم**
**مناڵێکی چەتوون ئاسا،**
**پلووکەبەردی هاویشتە**
**ماڵی شووشەبەندی گەوران!**
**دەریان کردم،**
**چوونکە شێعرم هێڵی بەزاند،**
**لە ڕووی گەنجینەی دزراو**
**گلۆپێکی**
**دە هەزار فۆڵتی داگیرساند!**

زۆرینەی کار و تابلۆ و بەرهەم و شێعرەکانی قانع، هێمن، هێدی، هەژار، پیرە مێرد، دڵدار، رەفیق سابیر، پەشێو، شێرکۆ بێکەس، جگەر خوێن، لەتیف هەڵمەت، جەلال مەلەکشا، هادی زیائەدینی، شۆڕش ئاهی، شەریف، ئاسۆ، چاوە، رێبوار، کەماڵ میراودەلی، قوبادی جەلیزادە، سارا فەقێ خدر، حەمە سەعید حەسەن، ئەحمەد بازگر، ن. حیسامی، فەرهاد سەنگاوی، رەحمان بێساران، رەحیم لوقمانی، فەریدون ئەڕشەدی، بێبەش، کاکە، و زۆر شاعیر و نووسەر و وێنەکێشی دیکەشمان دەچنە قاڵبی شێعر و بەرهەمی بەرگرییەوە.

ئەگەر مانای بەرەنگاریی بە قووڵی وەرگرین و بزانین کە داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ بە گشتیی و دیفاع لە مافی چین و توێژ و کەمایەتیە نەتەوەییەکان بە تایبەتی، هەر هەمووی دەچێتە خانەی بەرەنگاریی‌یەوە، ئەوسا هیچ نووسەر و شاعیر و هونەرمەندێکی رەسەنی کورد نابینییەوە کە بەرهەمەکانی مۆری بەرەنگارییان لێ نەدرابێ.

کورد وەک نەتەوە ئەوە ٥٠٠ ساڵە لە دۆخی بەرەنگاری لە خۆی دایە. بـــۆ؟! چونکە چەندین نەتەوەی خۆ بەزلزان و دڕ و مرۆڤکوژی دیکەی دەور و بەری، ئاشتیخوازییان کردە خاڵی لاوازیی و پەلاماری خۆی و خاک و کلتوورەکەیان دا. قابیلە کە هونەرەکەی رەنگدانەوەی بەرگریکردن لە خۆی و خاک و کلتوورەکەی نەبێ؟

تــۆ بــڕۆ ملوانکەی شینی شەریف هەڵدەوە، تاقە یەک شێعریم نیشان بدە کە شێعری بەرەنگاریی نەبێ. دیل، فرمێسکێ بۆ فەلەستین، قوتابخانە، نامە بۆ کۆڕی شاعیران، کۆچ، رووبار، ژار، دایە گیان بگری، هەڵاڵە، لانەی بایەقووش و هتد.

بەڵام رێگەم بدەن با من خۆ لە ناوهێنان بپارێزم چونکە یەکەم هەموو هونەرمەندانی جیلی خۆم و جیلی نوێ ناناسم و دووهەم ئەگەر ناو ریز بکەم دەبێ باسی زیاتر لە ٣٠٠ شاعیر و نوسەر و شانۆکار و نەقاش و هونەروانی دیکەی کورد بکەم کە لەم کورتە باسەدا بۆم جێ بە جێ نابێ.

من تێدەگەم کە تۆی نووسەر، شاعیر یان هونەرمەندی ئەمڕۆ کە هەنووکە لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان دەژی، هەڵبەتە دەبێ هونەرەکەت رەنگدانەوەی سەردەمی خۆت و خەون و خەیاڵی خۆت



هێمن
یەک لە گەورەترین شاعیرانی کوردی دوای شەری جیهانی دووهەمە.
هێمنی راستگۆ و رەوان بێژ و هەست ناسک، دەیان شیعری بەرەنگاری هەیە.

و خەڵکەکەت بێت. دەبێ بەم ژان و حەزە نوێیانەوە ژانت بێتێ و بژیی و بێیە دەنگ کە هەنووکە خەڵکەکەت پێوەی دەشەکێن و دەشکێنەوە. راستە کۆمەڵگای کوردستان ئێستا چینایەتی و هاوکات چەند توێژە بۆتەوە و دۆخەکان ئێستا زۆر لە سەردەم و زەمانی ئێمەمانان ئاڵۆزترە و دەرد و ژانە کۆمەڵایەتیەکان بەژانتر و چەقۆ لە سەر زامی دڵی خەڵک قووڵتر چووەتە خوار. بەڵام ئایا بە راستی هەر ئەم دۆخە نالەبارە نیە کە خۆی لە خۆیدا بۆتە هۆکاری سەرەکیی کاردانەوەی هەموو رۆژەی خەڵک و خەبات و بەرخۆدان و خوڵق و خوو و کردەوەی بەرگری و خەون و خولیای رزگاریی؟ ئەی باشە ئەگەر وایە، ئەو هونەرەی کە راست لەم دۆخە دەدوێ، راستیە تاڵ و حاشاهەڵنەگرەکان دەردەخا، باس لە ئارەزووەکان دەکا و بیر و خەونی گۆڕینی ئەو دۆخە دێنێتە ئاراوە، هونەرێکی رەسەن نیە؟ من پێم وایە هەر راست ئەمەیە کە بووەتە سەرچاوەی هونەری رەسەن. هونەری رەسەن دووان لە واقع و لە خەون و ئارەزووەکانی ئێمەیە. هونەری رەسەن، رەسەنایەتیەکەی لە بەرگری لە خەڵک و ئارەزووکانی خەڵک و تێکۆشان بۆ گۆڕینی دۆخی هەبوو (وضع موجود) وەردەگرێ. هونەری رەسەن، هونەری بەرگرییە. گەرای شاکارە گەورەکان لێرە دەبەسترێ و حیماسە و تراژیدیایەکان لێرە لە دایک دەبن و رۆمانە هەرە گەورەکان لێرەوە دەست پێدەکەن.

مێژووی کلتوور و ئەدەبی کوردی خۆیشی خەزێنەیەکی پڕ بایەخی هونەری بەرنگارییە. ئەگەر بەم دیدەوە

**گەرچی شیعری بەرگری ژیانێکی نوێ بەبەر مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیان دەکاتەوە و دەبێتە دەنگی دلێری ئەشق و ئازادی، بەڵام گرینگتر و خۆشتر لەو شیعر و هونەری بەرگرییەش، ژیان خۆیەتی.**

بێین چاوێک بە شێعر و گۆرانی و بەیت و باوەکانی کۆنی کوردی دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر دەمێکە لە وڵاتی پان و بەرینی کوردستان هونەر و شێعری بەرگری خەریکی خەبات و تێکۆشانە بۆ خزمەت بە خەڵک و بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کورد:

....

بێگانە نەڵێن کە کورد نەزانن
بێ نووسەر و هۆنەر و زمانن
پێمان نەڵێ وێژەوانی بیر ورد
دڵداری نەبوو لە نێو کورد
کوا ئێوە نە دڵتەڕن نە دڵبەر
لەم ڕێگە نە ڕێڕەون نە ڕێبەر

....

کورد نە هێندە گێل و گێژ و کاسن
داخم ئەوە بێکەسن، کەساسن
ژیر و بەدڵن گەلێك دەزانن
بێ خێوییە بێ سەر و زمانن

....

ئەمە چەند کۆپلەیەک لە پێشەکی مەم و زینی ئەحمەدی خانییە کە نزیک بە ٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە. هەژار هێناوێتە سەر دیالێکتی سۆرانی.

شێعری زۆربەی لایە لایەی دایکانی کورد بۆ کۆرپە ساواکانیان دەچێتە خانەی هونەری بەرگرییەوە.

بێگومان زۆربەتان گوێتان لە لایە لایەکەی ماملێ بووە کە چەنە بە سۆز و دڵهەژێنە. وابزانم شێعرەکەی هی مامۆستا هەژارە و لە ڕاستیدا لە فۆلکلۆر وەرگیراوە. برۆ جارێکی دیکەش گوێی لێ بگرەوە بزانە ئایا ئەمە ناچێتە خانەی هونەری بەرگرییەوە؟

لەم ڕۆژگارە ڕەشەی نێزەبەدەستانی ڕەشپۆشی چەقۆ وەشێنی فاشیزمدا، لە دەورەی مرۆڤ سووتێنەکاندا، سەیر نیە ئەگەر کەسی دەربەدەر و شێعر و شاعیری دەربەدەر، زۆریش دیار نەبن. ئەمە بەڵام زۆر گرینگ نیە. دەربەدەریی و دووریی فیزیکی ئێمە لە خەڵک، تا ڕادەیەک وێنەی ڕوخساری ئێمەی لە زەینی کۆمەڵگادا کاڵ کردۆتەوە. خەڵک بە تایبەت گەنجی وا هەیە کە ناماننناسێ و بۆژۆیی بە بوونمانەوە دەکات. ڕوخساری ئێمە چەشنی زەردەی خۆری پاییز، تیشکەکەی بەرەو ئاوابوونە. من خۆمان دەڵێم ها، نەک هونەر.

لە هونەردا بەڵام، بە گشتیی ڕەمز و ڕازێک، حەز و خوازێک، خەون و خولیایەک، هەست و هەوایەک و دەرد و دەوایەک و دوڕ و گەوهەرێک هەیە، کە نەگۆڕ و گشتیی و ئەبەدیە. تێپەڕینی ڕۆژگار کۆنی ناکات. ئەوە هیچ پەیوەندی بە دیاربوون و دیارنەبوونی فیزیکی ئێمەوە نیە. ئێمە ببین و نەبین هەر وایە. هەر ڕێک لەبەرئەوەشە کە شێعر

و نووسین و تابلۆکانی ئێمەمانانیش هەمیشە خوێنەر و بینەری خۆی هەیە و دەیبێ و قەت لەبڕەو ناکەوێ و هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

لـە دڵی خوێنـم من دەخوێنـم
پـڕ بە دنیـــا دەنگ هەڵدێنـم
جەهەننـەمی ئـەم دنیــایە
هەرگیز جەستـەم پێی رانـایە

ئــــەی لاوەکان ئـەی مناڵان
خەرمانی خـەم بەن بە تـاڵان
گـــۆرانی نــــوێ بـڵێـنـەوە
گـــوڵی هیــــوا بـژێـنـنـەوە،

نـەرگسەکان چـاو هـەڵێـنـن
دەشتــی ســووتاو بخەمڵێنن
مەلی شـەیدا دەنگ هـەڵێنە
بە سـەد نەغمــە بچـریکێنـە
با بـــەهار و شــەیـدایی بێ
پـــەژارە و خــەم کۆتایی بێ
ژیــــان ئـەمـرۆ زینــــدانییە
دنیــــای ئـێـمە بـەیـانییە.

ئەمە شێعری منە. قسەی دڵی منە. ئێمە شاعیرانی بەرەی بەرەنگاریی، خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەم بارودۆخەی ئێستاین. بە هونەرەکەمان بۆ پێک هێنانی ئەم ئاڵوگۆڕە تێدەکۆشین. هونەری ئێمە هەڵوێستی ئێمەیە. هەڵوێستی ئێمە دەنگی ئێمەیە. دەنگی ئێمە هاواری خۆشەویستی و جوانی و ئەشق و ئازادییە.

من کە سەرگوزەشتەی خۆم دەخوێنمەوە دەبینم کە شەپۆلە سەرکەشەکانی کۆمەڵگا بە بێ خواستی خۆم هەڵیانگرتم و لەگەڵ خۆیانیان بردم. بێ خواستی خۆم بووم بە شاعیرێکی دەربەدەر. دەربەدەرێک کە هەڵبەتە ئێستا لەم زستانە سیاسییەی ژیانی کۆمەڵگادا، شێعرەکانیشی قاچاخ و دەربەدەرن. تاری جاڵجاڵووکەی سیخوڕەکانی دیکتاتۆری هیچ کون و قوژبنێک نەماوەتەوە کە بە چەکی چەپەڵکاری خۆیان نەیان تەنی بێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا و رێک لەوەها سەردەمێکیش خەڵک و بە تایبەت لاوەکان شێعری ئێمە دەست بە دەست دەگێڕن و دەیکەن بە گۆرانی و سروود. بـــۆ؟ رێک لەبەر ئەوەی کە لە رێگایەک، لە هەوایەک، لە نەوایەک، لە دەوایەکی تازە دەگەڕێن. لە رێگایەک تا بیکەنە رێبازی دەرچوونیان لە دۆخی نالەباری ژیانیان. لە هەوایەک کە پشوویەکی تێدا بدەن، نەفەسێک تازە کەنەوە. لە دەوایەک کە وەکوو مەرهەم بیخەنە سەر دڵی بریندار و تەشەنای خۆیان.

کێ هەیە "گۆمە شین"ی ئەحمەد بازگری بە دەنگی رەزازی نەبیستبێ و پێی خۆش نەبوو بێ؟

کێ هەیە "دەلالۆ لالۆ هەستەوە"ی شێرکۆی نەبیستبێ و دەیان جار سروود و گۆرانیەکەی لێنەدابێتەوە؟

کێ هەیە "ئاگرە سوورەی"ی نەکەرۆزی بە دەنگی کاک نەجمەی غولامی نەبیستبێ و نەبووبێـتە وێردی دڵ و زاری؟

کێ هەیە "کینە ئەم"ی شوانپەروەری گوێ لێ نەبووبێ و هەموو مووی بەدەنی راست نەبووبێـتەوە؟

زۆربەی گورانیبێژە گەورە و هەڵکەوتەکانی کورد، کاتێک ناویان

دەرکەوتووە و خەڵک ئامێزی خۆشەویستی بۆ کردوونەوە کە شێعری شاعیرێکی بەرەی بەرەنگارییان کردووەتە سروود یان گۆرانی. نموونەی هەرە دیاری ئەم ئیدعایە تاهیر تۆفیق، شوانپەروەر، ڕەزازی و نەجمە غولامین. پرسیار ئەوەیە: ئەو ئازیزانە بۆ ئاوا خۆشەویستن؟ من لام وایە کە ئەوەی ئەوانی ئاوا شیرین کردووە لە ڕاستیدا ئەو دەنگ و نەغمە و ئەو وشە و ڕستانەیە کە شاعیرەکان گوتویانە و هۆندویانەتەوە. ئەوانە ئەو وشە بەنرخانەن کە خەڵک، خەڵکی داگیرکراو، خەڵکی ڕەنجکێشاو و ئازاردیتوو، خەڵکی لە زوڵم و ستەم وەگیانهاتوو حەز بە بیستنی دەکەن. حەز بە بیستنی دەکەن چونکە کوت و مت خۆیان و خەون و خەباتی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. چونکە ڕەوایەت لە ڕەنجێک یان خولیایەکی ئەوان دەکات. لێرەدایە کە کەسی ژیر و وردبین بۆی دەردەکەوێ کە شێعری بەرەنگاریی چەکێکە کە خەڵک دژی داگیرکەران بەدەستییەوە دەگرن و بەمشێوەیە پارێزگاری لە خۆیان و خەونەکانیان دەکەن. چەکێک کە پێی بە هێز دەبنەوە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە شەمشەمە کوێرەکانی تاریکپەرەست، دێوەزمەکانی دیکتاتۆری و خەفەقان، گوێ لەمستان و خۆفرۆشان بە چاوی دوژمن چاو لە شاعیران و شێعرەکانی بەرەنگاری دەکەن و تیر و شیریان لێ دەسوون و قاچاخ و بزریان دەکەن و تەنانەت چڵکاوخۆرەکانی خۆیان و قەڵەمفرۆشەکانیان لە دژی ئەم هونەری بەرگرییە بەسیج دەکەن. هەوڵ دەدەن وا بە خەڵک بقوڵێنن کە "تەواو ئیتر ئەمە کۆتاییە. هونەری بەرگری و شێعری بەرگری تەواو بووە. دەوری بەسەرچووە و تازە کەس چاو لە شتی وا کۆن ناکات. ئێستا ئیتر دوای پەسامۆدێرنیزمە. ئێستا ئیتر ئەوەی باش و شایستەیە تەنیا هونەر بۆ هونەرە.

ئەم خۆڵ بە چاوداکردنەی خەڵک لە لایەن دیکتاتۆر و قەڵەمفرۆشەکان ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە ئورووپا و ئەمریکاش باو بوو. بەڵام ئەم تەپ و تۆزە هەنووکە لەوێ نیشتۆتەوە. خەڵکی ئورووپا و ئەمریکا ئێستا چاوی خۆڵتێکراوی خۆیان هەڵدەگلۆفن و دەبینن کە چ کڵاوێکیان چۆتە سەر. هەر ئەم خۆڵ لەچاوکردنە بوو کە تووشی شەڕی جیهانی دووهەمی کردن. ئەوان هەر خەڵکیان گەوجاند و بازرگانیان بە خوێنیانەوە کرد. خەڵک درەنگ لە درۆ و فڕوفیشاڵەکانیان گەیشتن. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئەوان ئێستا تێگەیشتوون کە دیکتاتۆرەکان بۆیە وایانکرد تا خەڵک بە گشتیی لە گێژاوی بەدبەختی خۆیاندا خول بخۆنەوە. بەرچاویان لێڵ و تاریک بێ. هیچ نەبینن و نەزانن کە خوێنخۆر و خوێنڕێژەکان چ دەکەن.

کورد دەڵێ بەرخ هەر لەبن سەوەتەی دا نامێنێتەوە. خەڵکیش ئاوا بۆ ئەبەد خۆڵی لە چاو ناکرێ. خەڵک تا ئەبەد گێژ نابێ. پاشنەی ئاشیلی دیکتاتۆرییەکان لێرەدایە. لە تاریکی موتڵەقیش دا ئەگەر تۆ شقارتەیەک لێدەی، تاریکی دەشکێنی. شێعری شاعیرێکی بەرەنگاری هەر هیچ نەبێ مۆمێکە لە تاریکی دنیاداگری ئەواندا. بێگومان ئێمە ئەو مۆمە هەڵدەکەین. بە خۆشیەوە هەموو وڵاتی کورد ئێستا پڕپڕ

لەو مۆمە رۆشن و پرشنگدارانەیە.

گەرچی شێعری بەرگریی ژیانێکی نوێ بەبەر مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیان دەکاتەوە و دەبێتە دەنگی دلێری ئەشق و ئازادی، بەڵام گرینگتر و خۆشتر لەو شێعر و هونەری بەرگرییەش، ژیان خۆیەتی. ژیان و جیهان هەر دووکیان زۆر زۆر جوان و شیرینن. هەر بۆیەش نابێ رێگە بدەین کە زۆردار و چەوسێنەر و گەمژە و زەین کوێر و ستەمکار و گەندەڵ و بازرگانی خوێنی خەڵک، خۆشی و جوانی و شیرینی ئەم جیهان و ژیانەمان لێ بکەن بە ژان و برک. بە دەرد و رەنج و یەخە دادڕین و بــاوکــەرۆ.

ئێمە هەین هێشتا. ئێمە ماوین. تێکۆشان و هەوڵ و هاواری ئێمەی هونەرمەند و شاعیرانی بەرەی بەرخۆدان و بەرەنگاری رێک و راست بۆ گێڕانەوەی ژیان و جیهانە بۆ دەق و دۆخە جوان و شیرینەکەی خۆی. ئێمە دەنگی رەوای گەلێکی بەشمەینەتین کە هەنووکە بۆ دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی خۆی دەجەنگێ. ئەوە ئێمەین کە بە هەوڵ و هیمەت و خوێن و قوربانیدانی خۆمان هاوارمان کرد و دیسانیش هاوار دەکەینەوە کە بــەرخــۆدان ژیــانــە!

ئەگەر شێعر و شاعیر و نەقاش و نووسەر و شانۆکار و سناریۆنووس و هەر هونەر و هونەرمەندێک خزمەت بەم رەوت و رێگایە و بەم خەون و خولیایە و بەم ئەرک و ئاقارە نەکات بێگومان بن کە بەرهەمەکەی کەڵەی ناو بێستان و ژەهری ناو شەکران و بژێوی خۆپەرەستان و خزمەت بە هەلپەرەستانە.

ئەمە ئاگادار کردنەوەیە بۆ هەموو ئەو گەمژانەش کە پاڵیان وە لیخاوی گەندەڵی ئیسلامی سیاسیەوە داوە و بە ناوی هونەرمەند و نووسەر و رووناکبیر خەریکی شڵپە شڵپ و چڵکاو چڵپێنن و وایان داناوە کە ئەم دۆخە چەپەڵە ئەبەدیيە و بۆ هەمیشە دەتوانن لەم قوڕاو و گەندکاوەدا ماسی رۆحی خەڵک بگرن. ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکیشە بۆ ئەوانە کە هەر ئێستا رێک وەک مەلا کەڵەک، بە هونەرەکەیان خەریکی لە خشتەبردنی خەڵکن. با هەمووان بزانن و ئاگادار بن کە سۆنامییەک بەرێوەیە. سۆنامییەک کە هەموو دار و دیوارە کۆنەکانی کلتووریی و ئابووریی کۆمەڵگای کۆنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رەگ و ریشەوە لەبەریەک هەڵدەتەکێنێ و تۆوی جیهانێکی شیاوی ئینسانی نوێ لە زەوی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکاندا دادەچێنێ. ئەم سۆنامییە رێنسانسێکی کۆمەڵایەتی هونەر و زانست و ئابوورییە. ئەم رێنسانسە لە سەنگەری ئازادی، لە هونەری بەرگری لە دایک دەبێ.

هونەری بەرگری، بەرگرییە لە ئازادی. بەرگرییە لە مافە رەواکانی گەل، لە مرۆڤایەتی. هونەری بەرگری، بەرگرییە لە هونەر خۆی. لە هەمان کات و لەیەک وشەدا هونەری بەرگری سەرچاوە و دایکی راستەقینەی ئازادی و ئاڵ وگۆرە.

ئەرکی بەسەرداچوونەوە و هەڵەچنی کەوتۆتە سەر شانی بەڕێز محەمەد فەرهادزادە.

# نرخی ئازادی لە دیدگای هونەرەوە



لاله عەبدە

هەر لە میسریە کۆنەکانی سەردەمی فیرعەونەکانەوە هەتا دەگاتە یۆنانیەکان، بیزەنتەکان و ڕۆمانەکانەوە، زۆر جار هونەری ڕادەربڕین لە مرۆڤ زەوت کراوە. هەرچەندەش هونەر بەدەست دەسەڵاتی حوکمڕانیەوە ناڵانبێتی، هێندەش هونەرمەند و هونەرەکەی کۆتی کۆیلەییان شکاندوە و دەرفەتی نوێیان بۆ دەربازبوون ڕەخساندووە. هێندە لە ڕووی پەیکەرتاشینەوە دەسەڵات هونەری ڕاکێشاوەتە ژێر فەرمانی خۆیەوە، هێندەش هونەرمەندانی تەلارسازی و ئەندازیاریی لە ڕووی جوانکارییەوە سەلماندوویانەو کارێکی وایان کردوە کە بەبێ ئازادیی داهێنان مەحاڵە کار سەربگرێت، هەربۆیە توانای داهێنان وتازەگەریەتی هونەریان پاراستوە. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ڕۆمانەکان بیر لە ئازادی هونەر ئەکەنەوە، بەڵام هەتا لادەکەنەوە کلێسەی کاتۆلیک دەبێتە بەربەست، ئەم بەربەستییەش تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دەخایەنێت. بەڵام لە سەدەکانی چواردەهەم و پانزەهەمدا لە ئیتالیا سەردەمی ژیانەوە، واتە سەردەمی لەدایک بوونەوەی هزری مرۆڤایەتی دەستی پێکردوە کە پێی دەوترێت ڕێنەسۆنس، واوەتر هونەر لە ئایین جیاکرایەوە، هێڵی بیرکردنەوەی شاقوولی بەرەو ئاسمان و پاڕانەوە بووە هێڵێکی تەریبی بە زەووی و خاک بەرەو سرووشت. لەم سەردەمەدا سەدان هونەرمەندی بەهرەدارو بە توانا و خاوەن هزری ئازاد هاتنە مەیدانەوە، ئەگەر چی لەم سەردەمەدا هێشتا کۆمێدیای ئیلاهی "دانتێ"ی بێتراک کاریگەری زۆرە لە سەر هزری هونەرمەندان، بەڵام دەرگای ئازادی لەسەرپشتە بۆ دەربازبوون. دیمەنەکانی تابلۆی بەهارو هاتنی ڤینۆس و پەیکەرەکانی "میکایل ئەنجیلۆ"ی مەزن و جیۆکەندای "لیۆناردۆ داڤینشی" و تابلۆکانی "کاراڤاجۆ" و پەیکەرەکانی "دۆناتێللۆ"، دیواربەندەکانی "جیۆتۆ" و تەلارسازیەکانی "برۆنێلسکی" شایەتی ئەو سەردەمەن کە چۆن هونەر و هونەرمەند کۆتی کۆیلایەتیان پچڕاند. دوابەدوای ئەم سەردەمی ڕاپەڕینەدا و لە سەدەکانی بارۆک وڕۆمانتیک و واقیعیەت تا ئەهات هونەر بەرەو ئازادی هەنگاوی ئەنا، شۆڕشی فەرەنسی یاساکانی داڕشت بۆ مافی مرۆڤ و سەرکەوتنی کۆماریی ئیتالیا بەسەرکردایەتی گاریباڵدی هەنگاوێکی نوێی تری ڕەخساند بۆ ئازادیی هەست و هزردەربڕین. کردنەوەی مۆزەخانەکانی لۆڤەر لە پاریس و ئارمیتاج لە رووسیوا، ناشنالگەلەری لە بەریتانیا بوونە چەقی گۆڕانکاریەکان وەک هونەرێکی ئازاد بەرەو جیهانێکی نوێ. شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیاو ئازادی میللەتان لە کۆلۆنیالیزم لە سەدەی نۆزدەو بیستدا ڕووی هونەر بەرەو ئاسۆیەکی دیاری کراوی هەست بە دەرک کردن بە ئازادی تاک و بەرەو دیمۆکراتی ڕۆشەنتر بووەوە. بەڵام جیهانی سەرمایەداری و بازرگانیکردن بە هەزاران کاڵاو شتومەکی بێهودەی زیادەڕەویو پیسکردنی ژینگە بەهۆی کارگەکانەوە هێندەیتر هونەر کەوتە ژێر پرسیارەوە، چۆن وەڵام بداتەوە چەندین ڕێبازی هونەری تر لەدایک بوو بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو دیاردانە سیستەمی جیهانگیریەوە کەجارێکی تر مرۆڤ بکاتە قوربانی لەبەردەم ئارەزووی

جیهانی سەرمایەگوزاریدا وە شناسنامەی خۆی وونکات و ببێتە ڕۆبۆتێک بۆ خزمەتگوزاری لەبەردەم سیستەمی تەکنۆلۆجیادا، هەربۆیە هونەر لە داهێنان ناکەوێت، هەتا مرۆڤ بمێنێت.

### سەرنجێک لە سەر هونەرمەند و دۆخی هەبوو

زۆر جار بێزاری و بێهوودەیی ژیان وا لە هونەرمەندان ئەکات کە لە سەردەمەکەی خۆیاندا نەژین، بۆیە پەنجەرەکانی هەست و هۆشیان دەبەن بەرەو کەلاوەیەکی ئارام تا ڕاستگۆیی لە کیس خۆیان نەدەن. خۆ ئەگەر بەپێی واقع بوایە، دەبوایە لە کوردستاندا هونەر و ئەدەب بە هەموو چەمکەکانیەوە لە خزمەت باسکردنی وەبای کۆرۆنا، نەهامەتی و سەرلێشێواوی حوکمڕانی، گەندەڵی و ئاشووبی ململانێ بۆ دەسەڵات گرتنەدەست و ناعەدالەتیدا بوایە، کەچی وانیە. نموونە دێنمەوە لە سەر سێ هونەرمەندی جیهانی بەڕەگەز جوولەکە و هەڵاتوو لە دەست فاشیزم و نازی و دیکتاتۆری سۆڤێتی کە هەر سێکیان لە جەنگەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا ژیاون وە کارو بەرهەمەکانیان دوورە لە ڕووداوەکانی سەردەمەکەیان. ئەوان «هێنری ماتیس» و «هوندرتڤازا» و «ڤاسیلی کاندینسکیە«—ین. وا دەرئەکەوێت کە ئەو هەموو ڕووداو و نەهامەتیانە لای هونەرمەند دەبنە زمانی بێهودەیی و تاڵ، هونەرمەند ڕاو ئەنێت بەرەو خۆرزگارکردن لە ڕووداوە سەپێنراوەکان، وە ئەو هیچ گوناهێکی نیە تا ببێتە بەشێک لە درۆ و ململانێی دەرەکی و گێرەشێوێنی و کێشەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی، بێ سەروەری یاسای مەملەکەت، دزی و جەردەیی و ژن کوشتن و مرۆڤ قەڵاچۆکردن، پیشەی سەردەمی نادیموکڕاسی و پەروەردەکردنی ڕۆحی دیکتاتۆری لە پەرەسەندنایە. بۆیە تاکەکان ڕوودەکەنە ئاسۆیەکی تر تا هەڵاتنی خۆری دەروونی لە هیوایەک بە ڕاستگۆیی ڕۆشەن بێتەوە و خۆ نەدات بە دەست پاسەوانەکانی مەملەکەتی ئاشووبەوە.

دیسامبری ٢٠٢١

# سۆسیالدیمۆکڕاتیزم و سەرنجێک (١)



د. هیوا عەلیدوست

*هەر کەس کە خاوەن سەرمایە و*
*سامانی زۆر بوو*
*بە حەزی خۆی دەست بە*
*سەر سروشتدا دەگرێت و بۆ*
*بەرژەوەندیی خۆی بێڕەحمانە تاڵان*
*و  وێرانی دەکات،*
*بەبێ ئەوەی بیر لە سبەی و*
*جیلی داهاتوو بکاتەوە.*

ژێربەنا و فەلسەفەی بیرۆکەی چەپ دەگەڕێتەوە بۆ هزر و فیکرەکانی بیرمەندی ئاڵمانی «گیۆرگ ڤیلهێلم فرێدریش هێگل». پاش مەرگی «هێگل» بیرمەندانی وەک «مارکس، ئێنگڵس، فۆیەرباخ، شتراوس، باوەر و شتیرنەر» فەلسەفەی «دیالێکتیک»-ی هێگل دەکەنە هێمای فەلسەفەیەکی ڕادیکاڵ، فەلسەفەیەک کە لە سەر دوو پڕەنسیپی سەرەکی دامەزراوە، لە لایەکەوە باوەڕمەندبوون بە گەشەی ڕانەوەستاوی مێژوو، گەشەیەک کە مەنتیق دەکاتە وزە و بزوێنەری سەرەکیی، خۆی ئەم ڕوانگە پێناسەی مێتۆدێکی تیئۆری کۆمەڵایەتی دەکات ــ، واوەتر پڕەنسیپی دووەم دەکرێتە پێوەرێکی مەنتیقی بۆ ڕەخنەگرتن لە دۆخی کۆمەڵایەتیی «هەبوو»، بە واتایەکی دیکە، ئەم پڕەنسیپە تا بە ئەمڕۆش کەڵکی لێوەردەگیردرێت و توانای هەیە و بڕی ئەوە دەکات، ئاماژە بە هەڵەی کۆمەڵایەتی بدات و تەنانەت گەشە ناساخەکان بێنێتە ڕوو و بەرچاو، بۆ وێنە ناساخیی ئەخلاق و ڕەوشت، ناساخیی بەستێنەی یاسا و هتد. لە ئاکامدا هەر گەشە و دیاردەیەک لە مەنتیق بەدوور بێت، ئەوە تا ماوە و دەورانێکی تایبەت کاریگەری نەرێنی لە سەر ژیان، کۆمەڵگە، یاسا و ڕەوشت دادەنێت. گەر بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای باسەکە ئەوە بیرمەندانی ناوبراو بەم هەڵوێستە خۆیان لە لایەنێکی دیکەی بەرجەستەی بیرەکانی «هێگل» دوور دەخەنەوە، واتە لەو لایەنە کە باوەڕی بە ڕاگرتن و هێشتنەوەی دۆخێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی بوو. لەو بەستێنەدا وتەیەکی هێگل زۆر سەرنجڕاکێشە و سەرجەم مەبەستەکانی بە ڕوونی دەگەیەنێت، «هێگل» دەڵێت: هەر هەبوویەک کە خۆڕادەگرێت (دەمێنێتەوە)، ئەوە زەروورە و هەڵگری مەنتیقێکە، مەنتقیش هەروا بە ئاسانی ناسڕیەتەوە و خۆ ڕادەگرێت. من لەم دارشتنە کورتەدا مەبەستی شرۆڤەی فەلسەفەی «هێگل»م نییە، هەربۆیە شیکاری زیاتری ئەم پرسە هەڵدەگرم بۆ کات و شوێنی خۆی، تەنیا خاڵێک کە لێرەدا لە لام گرینگە ئەوەیە، بۆ وزە و تینی ڕادیکاڵبوونێک بڕوانم، کە هەر لە سەرەتاوە لە ژێر ناوی چەپبووندا هەڵگری پەیامی پێشکەوتنخوازی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی بووە. گەر بە سەبکێک و گرامەرێکی دیکە بدوێم، خوازیاری ئەوەم، بۆ پەیامی ئەو پێشکەوتنخوازیە بڕوانم کە خۆی بە نەسرەوتن و هەڵتەکاندنی تانوپۆ و پێکهاتەی کۆمەڵگەوە پێناسە دەکات. ئەمە گەورەترین ئەرکە بۆ هەر بیرۆکە و

تیئۆریەک کە توانای هیوابەخشینی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و سەرەکیی هەبێت. کاتێک کە ئەم دێڕانە دەنووسم، بیرۆکەی سۆسیالیزم دێتە زەینم کە چۆن توانی هیچ نەبێت بە چەشنی گەورەترین بەدیل دووسەد ساڵ لە بەرامبەر نیزامی سەرمایەدارییدا بەربەرەکانێ بکات و زۆر ڕوانگە و ئایدیای بەکەڵک و سەردەمیی پێوە زیاد بکات. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دوو، سێ سەدەی ڕابردوو بدەینەوە، ئەوە بیرۆکەی چەپ (سۆسیالیزم) توانای ئەوەی هەبوو کە چەشنی ئوتۆپی، ڕۆئیا و خەیاڵ پێشبینی داهاتوویەکی جوان و سەرنجڕاکێش بکات. ئەوەی کە ئێستا و ئەمڕۆ سۆسیالیزم ئەو کاریگەرییەی نەماوە دیسان خۆی پرسێکی دیکەیە کە لێرەدا وەڵامی نادرێتەوە. بەڵام ڕەنگە مەنتیق یاخۆ زیرەکی ناخی خودی مێژوو بێت کە هەندێ پرس و هەندێ بابەتی حەیاتیی زیندوو دەکاتەوە و دەیهێنێتەوە پانتایی پرسە بنەڕەتییە سیاسی و ئیخلاقییەکانەوە. هزر و ئیخلاقی کۆمەڵگە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدان و ئێمە ئەمڕۆ دیسانەوە پرسێکی ئابووری و ئیخلاقی یەخەی گرتوینەتەوە کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی سۆسیالیزمەوە خاڵێکی حەیاتیی ئەو سیستەمە فیکرییە بووە. ئەویش پرسی مڵکی شەخسی و خاوەنداریەتی بووە. دیارە پرسی مالکییەت لە بەرهەمەکانی "مارکس" و چەندان بیرمەندی دیکەدا بە تێروتەسەلی تاوتوێ کراوە. من لێرەدا تیشک دەخەمە سەر دیاردەیەکی تازە کە لە چەند بەستێنی فیکرییدا تاوتوێ دەکرێت. سیستەمی فیکریی لیبڕالیزم هەر لە بنەڕەتەوە پرسی پاراستن و ئەمنییەتی مڵکی بە پرسی جیددیی ئازادیی تاکەوە گرێداوە. واتە هەر کاڵا و شتوومەکێک کە خرایە ژێر ڕەکیفی شەخسی خۆمەوە، ئەوە کۆمەڵێک ئازادی شەخسیم پێدەدات، چونکە لە هەر کاتوساتێکدا کە خۆم بە پێویستم زانی و پێمخۆش بوو دەتوانم بەبێ هیچ پرسوڕایەک کەڵک لەو کاڵا وەربگرم و ئەو کاڵا لە خزمەتی خۆمدا بمێنێتەوە. لە ئاکامدا ئەوە خۆمم کە سەرپەرەشتی و خزمەتی ئەو کاڵا دەکەم و لە دۆخێکی باشدا دەیهێڵمەوە، لە دۆخێکدا کە بتوانێ درێژماوە لە پلەی یەکەمدا خزمەت بە خۆم و پاشان خزمەت بە کۆمەڵگەش بکات. جا ئەو کاڵا دەتوانێت زۆر شتی جیاواز لە خۆ بگرێت، هەر لە ئامێرێکی ساکارەوە بگرە هەتا دەگاتە کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنان. زۆر

*ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دوو، سێ سەدەی ڕابردوو بدەینەوە، ئەوە بیرۆکەی چەپ (سۆسیالیزم) توانای ئەوەی هەبوو کە چەشنی ئوتۆپی، ڕۆئیا و خەیاڵ پێشبینی داهاتوویەکی جوان و سەرنجڕاکێش بکات.*

جار بیرمەندانی بیرۆکەی لیبراڵیزم پرسی مڵکیان بە سەروەری و سەربەخۆیی خاوەنەکەیەوە گرێ داوە و وتوویانە، هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر مڵکی شەخسی، ڕەنگە ئازار و داخی زیاتریش بۆ خاوەنەکەی درووست بکات هەتا دەستدرێژییەک بۆ سەر جەستەی. گومان لەوەدا نییە کە خاوەنداریی هەر شتوومەکو و ئامێر و سەرمایەیەک کۆمەڵێک ئازادی شەخسیی دەستەبەر دەکات، بەڵام ئەو پرسەی کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە، کە ئایا خواست و تەماح و حەزی مڵکداری حەزێکی بنەڕەتی و دوور لە ئەزموونی مرۆڤە (ئەپرپۆری)، ئایا ئەو خولیایە خولیایەکی زگماگی و سەر بە بوونەوەری مرۆڤە؟ لێرەشدا وەڵامەکان جۆراوجۆر و ناتەبان. چونکە دژە جەمسەری ئەو واتا درووست بە پێچەوانەوە بۆ بوونەوەری مرۆڤ دەڕوانێت و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێت لەگەڵ ئازادی ڕاستەقینەدا ئاشنا ببێت کە خۆی لە هەست و غەریزەی داگیرکاری و دەستبەسەرگرتن ڕزگار بکات. چونکە کاتێک مرۆڤ کەوتە داو و بازنەی تەماح و مڵکدارییەوە، ئەوە هیچ سات ئاسوودەیی بنەڕەتی و بەختی ڕەها بەدی ناکات. من لێرەدا پشتگیری موتڵەق لە هیچکام لەو هێڵ و ڕوانگانە ناکەم، چونکە لە هەردوو ڕوانگەکەدا خاڵی لاواز بەدی دەکەم. لە جەمسەری لیبراڵیزمی ڕادیکاڵدا، یاخۆ لیبەرتاریانیزمدا خاڵێک بەرجەستەیە کە بۆ گەشەی ئابووری و بۆ داهێنانی پڕ لە ڕکابەر کاریگەریی بووە، ئەویش وزەدان بە نیزامی ئابووریی سەرمایەداری.

هاوکات لە تەک ئەوەدا ئاوڕ لەو لایەنە نەرێنییەی هەمان گەشە نادرێتەوە کە نایەکسانییەکی نامرۆڤانەی خولقاندووە، بڕوانە بەرهەمەکانی «تۆماس پیکیتیی». هەر کەس کە خاوەن سەرمایە و سامانی زۆر بوو بە حەزی خۆی دەست بە سەر سروشتدا دەگرێت و بۆ بەرژەوەندیی خۆی بێڕەحمانە تاڵان و وێرانی دەکات، بەبێ ئەوەی بیر لە سبەی و جیلی داهاتوو بکاتەوە. واوەتر دەستێوەردانی بەرنامە و مەبەستی زۆر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات و پاڵنەری سەپاندنی ئەو یاسا و ڕێسایەیە کە زۆر و زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات. ئەم دیاردە تەواو ڕاستییە و لە نیزامە دیموکراسییە وێنەییەکاندا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە، بڕوانە بەرهەم و سەرنجەکانی کۆمەڵناسی ئینگلیزیی «کۆڵین کراوچ». لەو لاشەوە زۆر سەرنجڕاکێش و جێگەی تێڕامانە کە بە چ شێوەیەک منداڵی بچووکی یەک، دوو ساڵانە لە یاریگایەک بە هەموو توانا و خواستیانەوە بەرگری لە کەلوپەلی گەمەی خۆیان دەکەن و ڕێگەنادەن کە منداڵی دیکە دەستیان بەسەردا بگرن و خۆ بکەنە خاوەنی. من لێرەدا دیسانەوە دەغدەغەی تەوەرەکەم فۆرمووڵە دەکەمەوە، ئەوە دوو پرسیاری سەرەکین کە لە بەستێنی پرسی مڵک و خاوەنبووندا بەرۆکمان بەرنادەن. یەکەم ئەوەیە کە ئایا هەر تاکێک چۆن و چەندە مافی ئەوەی هەیە خاوەن مڵکی شەخسی بێت؟ چونکە ئەو تێگەیشتنە ئایینییەی کە دەیگوت تەواوی گەردوون هی هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، بەو

*ئایا هەر تاکێک چۆن و چەندە مافی ئەوەی هەیە خاوەن مڵکی شەخسی بێت؟ چونکە ئەو تێگەیشتنە ئاینییەی کە دەیگوت تەواوی گەردوون هی هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، ...*

شێوە قابیلی وەرگرتن نەماوە و بە تەواوی خەوشدار بووە، بە واتایەکی دیکە، مەنتیقێکی لە پشتەوە نەماوە. خۆ ئەمرۆ تەواوی دونیا دابەشکراوە و بەشی هەرەزۆری بە دەستی کەمینەیەکی بەرچاوەوەیە. نایەکسانیی تا ئەوپەڕی خۆی چووە، دادپەروەری هەر تەنیا لە خەون و خەیاڵی چەوساوە و ژێردەستەکاندا ماوە، بڕوانە بەرهەمەکانی فەیلسوفی ئاڵمانی "تۆماس پۆگگە"، یاخۆ بیرمەندی هیندی، ئەمریکیی "ئەمەرتیا سێن"ـ. پرسیاری دووەم ئەوەیە، ئەگەر یاسا و مافی مڵکداری قەبووڵ دەکەین و بە جیددی نایخەینە ژێر پرسیارەوە، ئەوە دەبێ هەنگاوی دووەمی لە تەکدا هەڵبگرین و بۆ تێگەیشتنی گشتی ڕوونی کەینەوە کە ئەو یاسا تا چەندە برەوی هەیە، واتە خاوەن مڵک چ مافێکی هەیە و تا چەندە دەتوانێت بە حەز و خولیای خۆی تەک ئەو مڵکەدا مامەڵە بکات و هەرچی پێیخۆش بێت بیکات. ئەمرۆ کۆمەڵێک کارگەی گەورە هەن، تەنانەت کامپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، کە بە حەزی خۆیان و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە شێوەیەکی زۆر ناساخ و بەبێ لەبەرچاوگرتن و ئاوڕدانەوە لە ژینگە تەنیا بیر لە قازانج و سەرمایەی خێرا و زیاتر دەکەنەوە، بەڵام لە ئاکامدا کێ دەبێ باجی ناپاکبوون و خاپووربوونی ژینگە و سروشت بدات؟ دیسانەوە ئەو کەسانەی کە بە هیچ شێوەیەک تاوانبار نین، واتە ئەو چین و توێژانەی کە لە کۆمەڵگەدا بەردەوام وابەستە بوون و دەمێننەوە. پاندێمیی کۆڕۆنا هێنایە بەرچاومان کە زۆر بوار و زۆر لایەن لە کۆمەڵگەدا خراونەتە دەستی تاک و کۆمەڵێکەوە کە بە مڵکی شەخسیی خۆیانی دەزانن و بێبەزەییانە و بەبێ هیچ هەستێکی هاوپشتی لە تەک کۆمەڵگەدا مامەڵەی پێوە دەکەن. ئەم دیاردە ئاکامی گەشەی نیزامی ئابووری سەرمایەدارییە. ئەمرۆ کۆمەڵێک ڕوانگە و سەبک هەن کە خۆیان چەشنی بەدیل بۆ شێوە ژیانێکی دیکە، واتە ژیانێکی باشتر و ساکارتر پێناسە دەکەن؛ ژیانێک کە خولیای سەرەکی ئەوە نەبێت، بەردەوام دەستکەوتی زۆر و زیاتری هەبێ و خێراتر و بەرزتر بڕوانێ و سنوورەکانی ڕازیبوون و قەناعەت هەتا ئەو پەڕی دەرفەت بەرینتر بکاتەوە، بەڵام هێشتا بێجگە لە بیرۆکەی سۆسیالیزم هیچ سیستەمێکی فیکری دیکە وجوودی نییە کە ئەم گەشە ناساخە بە تەواویی ئیدانە بکات. ئێستا ڕێگەچارە چییە؟ زۆر جار ئاماژە بە دابەشکاری یەکسان و یەکسانتر

دەدرێت. واتە با پرسی مڵکی شەخسی نەخەینە ژێر پرسیارەوە، چونکە فەلسەفەی سەبجەکت و تاک بە پرسی مڵکەوە گرێدراوە، بەڵکوو لە ڕووی عەقڵ و قەناعەتەوە زۆر سەرمایەدار وادار بکەین بۆ خزمەتی زیاتر بە بەرژەوەندی گشتی، نەزمێکی یەکسانتری دابەشکاری قەبووڵ بکەن. من لەو بڕوادام کە ئەم شێوە تێڕوانینە وەڵام ناداتەوە و ناتوانێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی بهێنێتە ئاراوە. ڕێگاچارەیەک کە تا ڕادەیەک ڕادیکاڵە و وزەی گۆڕانکاری هەیە ئەوەیە، کە زۆر بوار و زۆر شت نابێ و ناکرێت ببێتە مڵکی شەخسی. بۆ وێنە هەر گەشەیەک کە کاریگەری لە سەر جیلی داهاتوو دادەنێت، هەر گەشە و دیاردەیەک کە سروشت و کەش و هەوا دەگۆڕێت، هەر پلاتفۆرم و هەر ئاست و دیاردەیەک کە نرخ بۆ هەندێ بەهای مرۆیی دەبڕێتەوە و دیاریی دەکات، بەمەرجێ ئەو بەهاگەلە بە هیچ شێوەیەک بە گرامەری ژمارە و ئامار و مادە پێوانە ناکرێن، ئەوە دەبێ ئەو بەستێنانە نەدرێنە دەستی کەسی شەخسیی و نەکرێنە مڵکی تاکی تینوی بازرگانی. بەڵام بەداخەوە ئەو دیاردە مەترسیدارە قێزەونە لە زۆر کۆمەڵگەی دیموکراسیدا سەری هەڵداوە و جێکەوتووە. بۆ وێنە بواری پزیشکی یەکێک لەو بوارە هەرە بەرچاوانەیە کە تێیدا نەخۆش کراوەتە مشتەریەکی وابەستە، یا گیرۆدەی بێئاگاو نەزان، پاشان هەرچی ئیخلاقی دێرینی باش و خاوێنی خزمەتگوزاری بوو لە ناخ و پیشەی پزیشکیدایە سڕاوەتەوە. لێرەشدا لۆژیکی ساردوسڕی بواری

*پەیامی باڵای بیرۆکەی سۆسیالیزم لە زۆرینەی پرسەکاندا پەیامی مرۆڤدۆستی بوو، پەیامێک کە خودی مرۆڤی دەخستەوە مەڵبەند و هەموو گەشەیەکی مادی، تەکنیکی، ئابووری، ئیخلاقی و سیاسی تەنیا بە خزمەتکردن بە مرۆڤەوە بە ڕەسمییەت دەناسی.*

ئابووریی ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و خودی پیشەی پزیشکی بە تەواویی بەرەو ئاقارێکی ناپەسەندی بێبەزەیی بردووە. ئەویش بەرەو ڕێگایەک کە نەخۆش تەنیا بە چەشنی ژمارە و ڕۆحێکی مردوو مامەڵەی تەکدا دەکرێت. ڕۆماننووسی ڕووسی «نیکۆلای گۆگۆل» هەر زوو پێشبینی ئاکامی ئەو لۆژیکەی کردبوو و لە ڕۆمانێکی گەورەیدا «ڕۆحە مردووەکان» دەیکاتە پرس و بابەت. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا گەورەترین ڕەخنە لەو شێوە مامەڵە هەیە، چونکە کامپانییە گەورەکانی بەرهەمهێنەری دەواودەرمان خۆیان هاوشێوەی دەوڵەتێکی گەورەی خاوەن دەسەڵات ئەوەندە بێڕەحمانە بە تەندرووستیی مرۆڤەوە بازرگانی دەکەن، کە لەو بەستێنەدا هیچ مۆڕاڵێک بەدی ناکرێت، بەڵکە ئەوە تەنیا لۆژیکی سەرمایەزیادکردن و سوود بردنەسەرە کە باڵادەستە. لە داهاتوویەکی نزیکدا

دەکرێ هەوا (ئۆکسیجن) و ئاو و چەندان سامانی سروشتی دیکە، هاوشێوەی نەوت و گاز و هتد. ببنە هۆی ناکۆکی و بەربەرەکانێ و شەڕ، پرسی ئاو کە لەمێژە ئاگری پشتپەردەی ناوەتەوە. گەر تیشک بخەینەسەر پرسی میراتگواستنەوە، ئەوە دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت، چونکە ئەو نایەکسانییە کە لەم جیل بۆ ئەو جیل دەگوێزرێتەوە و گەورەترین زیان لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدات! لە ڕوانگەی منەوە پرسی میرات یەکێک لەو پرسە هەرە هەستیارانەیە کە لەداهاتوودا گەورەترین هەراوهۆریای سیاسی دەنێتەوە. چونکە ئەو چەند لایەنەی کە لێرەدا هێنامنە بەرچاو لە تەک وێنای کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دادپەروەر و مرۆڤدۆستدا یەکناگرنەوە. کەوایە لە گێژاوەی ئەو پرسە ئاڵۆزەدا بیرۆکەی سۆسیالیزم دەرفەتی زۆری بەدەستەوەیە تا بتوانێت بە ڕەخنەی بنەڕەتی، پێشنیاری مامەڵەیەکی مرۆڤانەتر بکات و بەو شێوە بەرەو کاکڵی بیری ڕەسەنی خۆی بگەڕێتەوە. هەموومان باش دەزانین کە پەیامی باڵای بیرۆکەی سۆسیالیزم لە زۆرینەی پرسەکاندا پەیامی مرۆڤدۆستی بوو، پەیامێک کە خودی مرۆڤی دەخستەوە مەڵبەند و هەموو گەشەیەکی مادی، تەکنیکی، ئابووری، ئیخلاقی و سیاسی تەنیا بە خزمەتکردن بە مرۆڤەوە بە ڕەسمییەت دەناسی. ڕەنگە دۆخی سیاسی و ئابووری ئەمڕۆی جیهان دەرفەت بە ڕادیکاڵبوونێک نەدات کە بتوانێ ئەو پرسانەی سەرەوە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکات، بەڵام بیرۆکەی سۆسیالدیمۆکراتیزم کە بیرۆکەیەکی نێوان ڕادیکاڵ و میانەڕەوە، جا میانەڕەو لە بەر ئەوەی لە سەر پرەنسیپی دیموکراسی مامەڵەی سیاسی دەکات، دەتوانێت لە زۆر کۆمەڵگەدا ئەو دیاردانە بکاتە پرۆگرام و بووژانەوەیەکی سیاسی بەخۆیەوە ببینێت. بە تایبەت لە کۆمەڵگەی هاوشێوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا بانگەشەکردنی ئاواها سیاسەتێک زۆرترین لایەنگر بۆ خۆی کۆدەکاتەوە. جا بە ئەستۆگرتنی خودی ئەو ئەرکە، ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوەیەکی چەپە. چ پرسی میرات، چ پرسی مامەڵەی پزیشکی، یا پرسی سروشت و خەمخۆری جیلی داهاتوو، هەموو ئەم پرسانە پرسی ئازادی و دادپەروەریین. پرسی ئازادی، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت بە گوێرەی شیاو باس لە ئازادی بکات، هەتا ئەو کاتەی نایەکسانیی لە ڕادەبەدەر، نایەکسانییەک کە ئاوڕی لە پرسی دادپەروەریی نەدابێتەوە، سەرتاپای داگرتبێت و بووبێتە هۆی ناتەبایی بەرچاو لە نێوان چین وتوێژە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە. ئەمڕۆ زانستی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی بەخت و دەروونناسی کۆمەڵایەتی بە هەزاران تاقیکردنەوەی مەیدانیی سەلماندوویانە، کە ڕێژەی نایەکسانیی نێو هەر کۆمەڵگەیەک بە شەفافترین شێوە هەواڵ لە بەختەوەری و تەبایی ئەو کۆمەڵگە دەدات. خۆی ئەم ڕوانگە یەکێک لە خاڵە هەرە زەرورەکانی بیرۆکەی سۆسیالیزم بووە، بەڵام ئەمڕۆ زۆر کەم بیرمەند و ڕێکخراوی سیاسی لە ژێر ناوی سۆسیالیزم و چەپبووندا تاوتوێی دەکەن. پرسی قەدەغەکردنی

میرات و میراتگواستنەوە لەم جیل بۆ ئەو جیل لە تەک بیرۆکەی سۆسیالیزمدا تەواو تەبایە، ئەمڕۆ خودی نیزامی سەرمایەداری ناچار بەوە کراوە دەرفەت و دەربیجە بۆ ڕەخنەگرتنی جیددی لەو دیاردە بکاتەوە. من پێشتر ئاماژەم بە جەبری مەنتیقی مێژوودا، خۆی ئەمە دیسانەوە بیرۆکەی «هێگل»ە کە بە درێژایی کات پەردە لە سەر هەندێ گەشەی نەرێنی و درۆ هەڵدەداتەوە، جا ڕەنگە ئەو گەشە کاتی خۆی بوێ، کاتیش زۆر بخایەنێت، کاتێک کە بۆ ژیانی تاکێ مرۆڤ زۆر درێژ بێت، بەڵام مێژوو پێشبینی خۆی بۆ کات و سات هەیە. با لە دوایین بەشی ئەم دارشتنەدا ئاوڕێک لە کۆمەڵگەی کوردستان بدەمەوەو بزانم بیر و سەرنجەکانم تا چ ڕادەیەک بە کەڵکی ئێمە دێن. پرسی ئازادی، یەکسانی، هاوپشتی، فرەچەشنی دیموکراسی و تۆلەرانس ئەو پرسە دێرین و کلاسیکییانەن کە دەغدەغەی هەر ڕێکخراوەیەکی چەپ بوون و دەمێنن. لە سەرەوەی هەموو ئەو پرسانە پرسی نەتەوایەتی و پرسی سەروەرین. بەڵام پرسی سەروەری بە فەلسەفەی جیاواز و سیاسەت و ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پێناسە و فۆرموولە دەکرێت. لە تەک ئەوەشدا پرسی سەروەری گەورەترین پرسی ئازادییە و هیچ ڕێکخراوەیەکی کوردی ناتوانێت لە ئاست و ڕاستایدا بێ هەڵوێست بێت. دواتر کاتێ بیرۆکەی چەپ - هێڵە ڕادیکاڵەکەی بیرۆکەکانی «هێگل» - خۆی بە نوێخواز و داهێنەر دەبینێ، خۆی ئەمە گەورەترین وزەی بیرۆکەی چەپ بووە، ئەوە دەبێت لە هەندێ بواردا ڕچەشکێن بێت و بمێنێتەوە. ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان دەرفەتی گەورە و بەرین بۆ گۆڕانکاری فیکریی بەدەستەوە دەدات لە لای زۆرینەمان ڕوونە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی ژینگەدۆستی و ژینگەپارێزی ڕژاوەتە نێو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو بەشەوە، بەڵام هێشتا پێویستی بە پرۆگرام و تیئۆری بەرینترە. چونکە پرسی سروشت و ژینگەپارێزی تەنیا پرسی کۆمەڵگەیەکی تایبەت و خۆجێیی نییە، بەڵکە پرسێکی جیددی و هەستیاری ساڵانی داهاتووی هەموو جیهان دەبێ. پرسی میرات و میراتگواستنەوە لە کوردستاندا زۆر هەستیارو گرینگە، ئەم پرسە باشووری کوردستان دەگرێتەوە و ڕەنگە گەورەترین هۆکار بێت بۆ نایەکسانی و نەبوونی دادپەروەری. بەڵام هیچ ڕێکخراوەیەکی چەپ ناتوانێت لە بەرابەریدا بە بێهەڵوێست بێت. لە سەرەوەی ئەو نیوەپرسانە پرسی خودی مڵک و ماڵکییەت هەر دەمێنێتەوە و پێویستی بە لێکدانەوەی تازە و تیئۆری سەردەمییە. چونکە سەرمایەی زۆر، زۆر بە ئاسانی بەرەو تەماح، تەمەڵی و زۆردارییمان دەبات، واوەتر نەبوونی مڵک و "سەرمایە" بەرەو هەژاری و بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی ژیانی باشمان دەبات. کەوایە گەورەترین ئەرک و چالش بۆ ڕوانگەیەکی تازە و دادپەروەرانە سەبارەت بە مڵک و خاوەندارێتی دەکەوێتەوە ئەستۆی ڕێکخراوە چەپەکان. بەڵام بە داخەوە بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان لاواز بووە و زۆر کەم خۆی لەم پرسە بڤە و

*گەورەترین ئەرک و چاڵش بۆ ڕوانگەیەکی تازە و دادپەروەرانە سەبارەت بە مڵک و خاوەنداریەتی دەکەوێتەوە ئەستۆی ڕێکخراوە چەپەکان.*

ڕادیکاڵانە دەدات. بزووتنەوەی چەپ لایەنە توندڕەو و لایەنە کەمتر ڕادیکاڵەکەشی دەتوانێت ئەو کەلێنە تیئۆرییە پڕ کاتەوە، بەمەرجێ کە پرسی مڵکی شەخسی و فەلسەفەی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ پێکەوە گرێ بدات. ئێمە ئەمڕۆ شاهیدی ئەوەین کە سی ساڵی ڕەبەق پاش دارمانی سۆسیالیزمی واقعی، سیاسەتی ئەمڕۆی مڵکی شەخسیی و مالکییەت دیسانەوە کەوتۆتەوە بەرپلاری ڕەخنە. دابەشکاریی سەرمایەی دوور لە ڕەنسیپی دادپەروەری، داهاتووی سامانە سروشتییەکان، پرسی شار، وڵات، خاک و کەش و هەوا، گرێدراو بە حەوزەی گشتییەوە، ئەم پرسانە تەنیا پرسی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەورووپا نیین، بەڵکە تەواوی باشوری جیهانیشی گرتۆتەوە. چونکە ئابووری ستاتیکا لوتکەی نیزامی سەرمایەداری مۆدێرن، دۆخێکی خولقاندووە کە کۆمەڵێکی کەم، واتە ئیلیتی جیهان، خاوەن هەموو شتی پێویست و ناپێویست بن، کۆمەڵێک کە نیزامی بەرهەمهێنەر هەموو حەز و خولیا و ئارەزوویەکیان لە نێو چاواندا دەخوێنێتەوە و بە جوانترین شێوەش وەڵامی ئەو نیازە دەستکردەیان دەداتەوە، بەڵام لەو لاشەوە نزیک بە سێ میلیارد و نیو خەڵکی سەر ئەم گۆی زەویە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بەڵام کامە ڕێکخراوەی چەپ توانا و ورەی ئەوەی هەیە ئەم پرسە دێرینەی بیرۆکەی سۆسیالیزم بخاتەوە چوارچێوەی سیاسەتێکی ڕوون و بەبنەماوە؟

**دیسامبری ٢٠٢١**

ئەرکی بەسەرداچوونەوە و هەڵەچنین کەوتۆتە ئەستۆی بەڕێز ئەسعەد درودی.

## گفتوگۆ

# پرسی شوناسی نەتەوەی کورد



## گفتوگۆیەک لە گەڵ دوکتۆر شێرکۆ کرمانج

ئامادەکار: د. هیوا عەلیدوست

**گفتوگۆیەک لە تەک دوکتۆر شێرکۆ کرمانج سەبارەت بە پرسی شوناسی نەتەوەی کورد. بەڕێز دوکتۆر شێرکۆ مامۆستای زانکۆیە و ئێستا لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی لە زانکۆی شاریقە سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە.**
**ئەم چاوپێکەوتنە لەکۆتایی دیسامبری ٢٠٢١ لە لایەن دوکتۆر هیوا عەلیدووستەوە ئەنجام دراوە.**

**هیڤا:** با لە سەرەتاوە ئاماژە بە مێژووی کۆن و تازەی کوردستان بدەین، ئێمە باش دەزانین کە لە ڕابردوودا کۆمەڵێک بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە ئارادا بووە، ڕەنگە پێویست نەبێت لێرەدا ئاماژە بە یەک بە یەکیان بدەین، بەڵام ئەگەر لە شێخ سەعیدی پیرانەوە، تا دەگاتە مەلا مستەفا و قازی محەمەد و دواتر حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵات، واوەتر لەباشووریش بە هەمان شێوە ئاماژە بە ڕێکخراوە سیاسییەکان بدەین؛ پاش ئەو هەموو ساڵە، ئەمڕۆ چۆن دەتوانین بۆ پرسی شوناسی کورد بڕوانین؟ ئەمڕۆ کورد خۆی چۆن بۆ خودی خۆی و بۆ دەرەوەش پێناسە دەکات؟

**د. شێرکۆ:** کاک هیوا من پێم وایە کە پرسی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا، واتە لەو کاتەوەی کە چەکەرەی کردووە بە قۆناغی جیا جیادا تێپەڕ بووە و مانای جیا جیاشی لە خۆی گرتووە. واتە تەنانەت خەڵکی کوردیش واتای جیا جیای لەوە کردووە کەکوردبوون چیە، ئەم واتا جیاواز و ئەو قۆناغە جیاوازانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە لە جیهانی ئێمەدا گۆڕانکاری زۆر و گەورە ڕوویان داوە، جا ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەریان لە سەر پێناسەی خۆمان بۆ خودی خۆمان و بۆ ئەوانی دیکەش داناوە. با لێرەدا هەندێ کارئاسانی بکەین، بۆ ئەوەی پەیامەکەم ڕوونتر بگەیەنم، با تەنیا لە بەستێنی تیۆریی قورسدا نەمێنینەوە، بەڵام پرسەکەش ئەوەندە ئاسان نەکەمەوە، ئەگینا بە سادەگۆ لە قەڵەم دەدرێین. پاش ڕووخانی ئیمپڕاتۆری

عوسمانی و دروستبوونی چەند دەوڵەت – نەتەوەیەک لەو ناوچەدا، واوەتر سەبکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ئێراندا لە سەر بنەمای دیناستی و بنەماڵەیی، جا چ سەفەوییەکان، یا قاجارییەکان بێ، دەسەڵات قەوارەی دەوڵەت – نەتەوە دەگرێتە خۆ، واتە لە ئێران ساڵی ١٩٢٥، لە تورکیە ساڵی ١٩٢٣، لە ئێراق ساڵی ١٩٢١ و ١٩٢٦ لە سوریەش بەهەمان شێوە لە ١٩٢٠–دا، دەوڵەت –نەتەوە دادەمەزرێت، کورد لەو نێوەدا لە بوونی بە دەوڵەت مەحرووم و بێبەش دەکرێت. ئەوکات کورد بۆ تەعبیرکردن و پێناسەی خۆی، کە پشتی بە کەلتورو زمانەوە بەستووە، بەردەوام خۆی لە بەرامبەر شتێکی دیکەدا پێناسە و وێنا کردووە. لە سەرەتادا کورد، کوردبوون وکوردستانی بوونی زۆر لە لا گرینگ و بەهێز بووە، بەو مانایەی کە لەو بەستێنەدا هیوای ئەوە گەورە بووە، کە کورد ببێ بەدەوڵەت و سەربەخۆیی، هەربۆیە هەوڵدراوە کە خزمەت بە شوناسەکەی خۆی بکات، بەرز ڕایبگرێت و زەقی بکاتەوە. من مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم لە ساڵی بیستەکاندا کە ئەو چوار دەوڵەتە دادەمەزرێن، تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم و تا دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە شێوەیەک خۆی پێناسە کردووە کە کوردبوون، سەربەخۆیی بوون و گەیشتن بە سەروەریی خەونێکی گرینگی نەتەوەیی بووە و لەو چوارچێوەیە خۆی پێناسەکردووە. دیارە من لێرەدا زیاتر قسە لە سەر نوخبەی سیاسی و نوخبەی ڕێبەریی کورد و نوخبەی ڕۆشنبیریی دەکەم، نەک بە گشتیی باس لە عەوام بکەم، چونکە خۆتان باش دەزانن کە ئەوکات لە نێو عەوامدا هەم شوناسی دینی و هەم شوناسی خێڵەکی بەرجەستەو زاڵ بووە. ڕوونتر بڵێم، زۆر جار ئامانج شوناسی تۆ دیاری دەکات، تۆ ئەگەر ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانت هەبێ، کوردبوون، کوردایەتی و کوردستانیبوون دەبێبە شوناس، بەڵام ئەگەر ئامانجەکەت بگۆڕی، لەوانەیە شوناسێکی دیکە لە لات گرینگ بێ. بە ڕای من، شکستی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات، سەرەتای بەخۆداچوونەوەیە، یاخۆ وەرچەرخانێکی گەورەیە لە تێگەیشتن و لە وێناکردنی ئینسانی کورد بۆ خۆی. ئەم شکستە وادەکات کە کورد بەو قەناعەتە بگات یان ئەو مەیلەی لەلا درووستبێت کە سەربەخۆیی ودرووستبوونی دەوڵەتێکی کوردی زۆر سەختە. ئیدی لێرەوە کورد بە جۆرێکی دیکە بۆ خۆی دەڕوانێ، ئەگەر نەبووبێ بە ئێرانی، یاخۆ ئێرانچیەتیشی نەکردبێ، بەڵام دەبێتە کوردێکی لە قاڵبدراوی ئێران، یا کوردێکی لە قاڵبدراوی ئێراق، یاخۆ کوردێکی لەقاڵبدراوی تورکیە. ئامانجەکان لە ئامانجی سەربەخۆییەوە دەگۆڕێن بۆ ئامانجی خودموختاری. یانی هەروەک دەبینن هەم لەباشوور پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ڕۆژهەڵات حیزبی دیموکرات بە گشتیی لە هەوڵی وەرگرتنی مافەکانی کورد بوونە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیدا ژیاون، ئەمەش وای کردووە کە کورد هەمیشە وەک شوناسی گروپیی لانی کەم هەڵگری دوو شوناس بووە، شوناسی ئێرانی و ئێراقی و شوناسی کوردیش، بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەم

پێدا، ئەمانە گۆڕانکاری گەورەی بە سەردا هاتووە. بۆ وێنە لە باشوور کاتێک دەگەین بەو قۆناغە کە هێزی دەرەکی دێن بۆ ناوچەکە و پشتیوانی لە کورد دەکا و دەوڵەتی ئێراقی شکستخواردوو دەردەچێت و سیستەمی حوکمڕانی لە ئێراقدا دەگۆڕێ، دەوڵەتی ئێراقی تا ڕادەیەک هەڵدەوەشێتەوە، کورد بۆ جارێکی دیکە بەرەو ئاراستەی سەربەخۆیی و سەروەریی هەنگاو دەنێ و لە ڕاپرسییەکی نافەرمی لەساڵی ٢٠٠٥ نزیک لە ٩٨٪ دەنگ بە سەربەخۆیی دەدات. دواتریش لە ڕیفراندۆمێکی فەرمیتر، بە تۆزێک کەمتر، دەنگ بۆ سەربەخۆیی دووبارە دەداتەوە. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧-دا دوای شکستی ڕێفڕاندۆم بینیمان، شوناسی کورد جارێکی دیکە دەگۆڕێ، لەکاتێکدا لە دوو ڕاپرسی لە دوای یەک دەنگ بە سەربەخۆیی دەدا، جارێکی دیکە دوای فشاری ناوخۆیی و دەرەکی بەرەو عێراق هەنگاو دەنێتەوە. لە باکوور شوناسی کورد حاڵەتی جیای هەبووە، پاش شکستی بزووتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران، کورد بەرەو حاڵەتێکی مت بوون دەڕوات، تا دامەزراندنی پەکەکە کە بە هێزێکی توند کوردبوون درووست دەبێتەوە و لە هەوڵی درووستکردنی ئینسانی کورددایە. بەڵام ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، لە ساڵی ١٩٢٥-وە هەتا ١٩٧٨، ئەو کاتیش پەکەکە چەند ساڵێکی ویستووە تا بتوانێت خۆی بناسێنێت و خەڵک بناسێت و شوناسی ڕابەرایەتی خۆی بناسێ. بەڵام دیسان دەیبینین کە لە گەڵ دەستبەسەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەوڵەکانی پەکەکە بۆ سەربەخۆییخوازی تا ڕادەیەک شکست دێنن، پەکەکە دەیهەوێت دیسان بە شوناسێکی دیکەوە بێتەوە گۆڕەپان و خەبات بکات، دەستبەرداری سەربەخۆیی دەبێت وتەرحێکی دیکە دێنێتە گۆڕێ. مەبەستی من ئەوەیە کە کوردبوون لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەڵگری مانای جیاجیا بووە، بەپێی ئەو واقعییەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەی کە هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە. واتە ئێمە ناتوانین پێناسەیەکی ڕەها، پێناسەیەکی گشتگیر بۆ کورد بکەین، چوونکە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان، گۆڕانکارییە جیهانییەکان و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر شوناسی کورد داناوە.

**هێما:** بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەو ڕوانگەیە چییە کە دەڵێت، کورد هێشتا هەر گیرۆدەی ئەو شوناس و ئەو پێناسەیەیە کە وڵاتانی داگیرکەر بە سەریاندا سەپاندووە و تا بە ئەمڕۆ نەیتوانیووە بە شێوەیەکی ڕەها خۆی لە دەستی ڕزگار بکات. تاکی کورد هێشتا گیرۆدەی ئەو پێناسەیەیە کە ناحەزانی بەسەریاندا سەپاندووە.

**د. شێرکۆ:** بەڵێ، من تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕای ئەو تێگەیشتنەم، نەک بەو مانایەی کە تەسلیم بەو تێگەیشتنە ببین، بەڵکوو بەو مانایەی کە ئێمە لە چوارچێوەی چەند دەوڵەتێکداین، من بۆ خۆم لەو بڕوایەدام کە پاش ڕووخانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و هاتنە ئارای دەوڵەت -نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا و پێشتریش لە ئەورووپا، دەوڵەت نەتەوە دەبێتە دامەزراوەیەکی زۆر بەهێز، زۆر ناوەندگەرا، کە ژمارەیەک ئامرازی لە بەردەستایە کە مرۆڤ درووست بکات، لە قاڵبی دەدات، دەیشێوێنێت، ئاراستەی دەکات، دەیگۆڕێت، ونی دەکات و هتد، یانی بەرەو ئاقارێکی تایبەتیی دەبات. واوەتر تواناکانی کورد لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتە ناوەندگەرا بەهێزە زۆر لاواز بووە، بۆیە شوناسی دیکە بە سەر کورددا سەپێندراوە، شوناسی تورکیبوون، شوناسی تورکیاییبوون، شوناسی ئێرانی، شوناسی فارسی، شوناسی عەرەبی، یا شوناسی عێراقی. هەموو ئەمانە بە سەر کورددا سەپێندراون. من خۆم پێش ئەم گفتوگۆیە باسم کرد کە وانەی کۆنستراکتیڤیزم دەڵێمەوە، ئەم تیۆرییە پێیوایە کە هەموو تێگەیشتنەکانی ئێمە، هەموو بەهاکانی ئێمە، هەموو ئەو مانایانەی کە ئێمە بە ژیانی دەدەین، لە پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ومێژوویی دا درووست دەبن، تۆ لە ناو دەوڵەتێکدا بژی، بۆ وێنە دەوڵەتی ئێران، لە نێوان ئەو چوارچێوەدا شوناسی سەرەکی شوناسی فارسییە، کەلتووری زاڵ کەلتووری فارسییە، کاتێک کە هەموو ئەمانە بە سەر تۆدا زاڵ دەبن و تۆ وەک کوردێک دامەزراوەت نییە کە بە گژ ئەو کاریگەرییەدا بچیتەوە، ئەو شوناسە هەڵبوەشێنیتەوە و لە جێگەی ئەودا شوناسێکی دیکە جێگیر بکەیت، ئیدی هەڵگری ئەو شوناسە دەبیت کە دەوڵەت بەسەر تۆیدا سەپاندووە. بۆ وێنە لە شاری بانەدا، شارەکەی ئێوە، خوێندن بە کوردی نییە، کاتێک کە ئینسان بە زمانی دایکیی نەخوێنێ، ئیدی پاش ماوەیەک ناشتوانێت بە گوێرەی پێویست کوردانە بیرو فیکر بکاتەوە. واتە لێرەدا ناچار دەبێت بە فارسی بیر بکاتەوە، چونکە زمان تەنیا نوتقێک نییە کە دەیهێنێ، کەلتوورێک تەک خۆیدا دێنێت، تێگەیشتنێک لە گەڵ خۆیدا دێنێت، جا ئەمە وا لە ئینسانی کورد دەکات کە ئازاد نەبێت. بێگومان بەرگریی هەرماوە، بەڵام دامەزراوە دەوڵەتییەکان هەر زۆر زۆر زاڵترن، من لە ڕۆژانی داهاتوودا سمینارێکم لە سەر ئەوە دەبێت کە نەتەوەی بێ دەوڵەت لە درێژماوەدا لەناودەچێت، ئەگەر بەرەنگاریی جیددیش بکات هەر لەناودەچێت. کاتێ لە ڕۆژهەڵاتدا زمانی کوردی نەبوو بە زمانی خوێندن، نەبوو بە زمانی گفتوگۆ، کاتێ کەلتووری کوردی لە ناوەندیدا دەور ناگێڕێ، کاتێ تۆ زمانی کارت، زمانی مەعریفەت، زمانی پەروەردەت زمانێکی دیکە بێت، ئەوکات مەحکوم بەوە دەکرێیت پێویستیت بە زمانە ناوەندییەکە بێت، ئەو کات، زمانی فارسی بۆت گرنگ دەبێت، نەک زمانی خۆت و زمانی کوردی. بۆ وێنە کوردێک لە ڕۆژهەڵاتدا دەبێ زمانی فارسی بزانێت تا بگات بە مەعریفە، ئەگەر تەنیا کوردی بزانێ، زۆر زەحمەتە دەستی بە مەعریفە بگات، خۆ کتێبەکان زۆرینەیان هەر بە فارسین، من ناڵێم کە کتێبی کوردی هەر نییە، بەڵام ئەگەر ئێوە ئێستا بە دوای کتێبە فەلسەفییەکاندا بگەڕێن، ژمارەی ئەو کتێبانەی کە بە کوردی هەن، هەر زۆر کەمن. ئەگەر لێرەدا باسەکەم کورت بکەمەوە، دەوڵەت لە

ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا کوردی هاڕپیوە، کلتوورەکەی، مێژووەکەی و زمانەکەی مت کردووە. ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی ئەوە کە شوناسێکی دیکە لە لای تاکی کورد درووست بێت، وەک شوناسی عێراقیی، یان ئێرانیی. سەد ساڵ داگیرکاریی، سەد ساڵ سەپاندنی شوناسی ئەوانی دیکە بەسەر کورددا، سەد ساڵ بێبەشکردنی ئینسانی کورد لە شوناسی خۆی، لە زمانی، لە کەلتووری، لە دابونەریتی، هەمووی بەسەریەکەوە کوردبوون کاڵدەکاتەوە و شوناسی ئەوانی دیکە زاڵ دەکات بەسەر ئینسانی کورد. ئەگەر من باس لە نووسینەکانی «ئێدوارد سەعید» بکەم، ئەو ئاماژە بەوە دەدات کە ئیمپریالیزم و هێزە کۆلۆنیالیزمەکان چۆن وێنای ئینسان و وڵاتی داگیرکراو دەکەن، سەعید دەڵێت: داگیرکەر خۆی بەرز ڕادەگرێت و داگیرکراو نزم ڕادەگرێت، خۆی بەنرخ و داگیرکراو بێ نرخ، بەڵام «فرانز فانن» دەڵێ، کێشەکە تەنیا لەوەدا نییە کە داگیرکەر خۆی بە بەرز و داگیرکراو بە نزم بزانێ، بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە، کە منی کوردی داگیرکراو خۆم بە نزم بزانم و داگیرکەر بە بەرز، کاتێک کە من خۆم بە نزم دەزانم، شوناسەکەشم، زمانەکەشم و کەلتوورەکەشم بە نزم دەزانم، کاتێ کە بەو ئاستە گەیشتین، ئەوە خۆ ناساندن بە شوناسی داگیرکەر بە کارێکی بەرز و فەرز دەزانین، دەبین بە بەشێک لە پرۆسەی خۆ ڕزگارکردن لە نزمگەرایی و بێنرخی. پاشان لە لام گرینگ دەبێ ئێرانی، ئێراقی و تورکیایی بم، چونکە کوردبوون هێندە لاواز کراوە. بۆ وێنە کاتێک لە تورکیە بە کوردەکان دەڵێن تورکەکانی چیا، ئەم وتە تەنیا ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵە کەسێک لە چیا دەژین، بەڵکە چاولێکردنێکە وەک ڕەشەوڵاخ، وەک حەیوان، وەک کێویی، کە دەڵێن، تورکی چیایی یانی لە شارستانیەتی دابڕاوی، لە کەلتور، لە مەعریفە و لە هەموو شتێ دابڕاوی.

**هێما:** ئێوە لێرەدا ئاماژەتان بە خاڵێکی هەستیار و گرینگ دا، چونکە زۆر جار سەبارەت بە وڵاتانی ئەفریقایش دەگوترێ، کە زۆرینەیان دەیان ساڵیان پێویست بووە، هەتا خۆیان لە دەستی ئەو وێنە و شوناسە ڕزگار بکەن کە داگیرکەرانیان بە سەریاندا سەپاندوون، هەتا ئەوەندە ورە پەیدا بکەن و بێژن، ئێمە خۆمان دەتوانین خۆ پێناسە بکەین و ئێمە چیدی ئەوە نیین کە ئێوە پێتان وایە.


**د. شێرکۆ:** وایە د. هیوا، بەڵام ڕەنگە ئەوان پاش ڕزگاربوونیان بەو ئاستە گەیشتبێتن، ئێمە هێشتا ڕزگار نەبووین، کوردی ڕۆژهەڵات کە ڕزگار نەبووە، چۆن بتوانێت ئەو هەوڵە بدات، کێ دەتوانێت ئەو هەوڵە بدات؟ ڕەنگە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری وەک ئێوە، من مەبەستم لەوە نییە کە لە نرخی کارەکەی ئێوە کەم بکەمەوە، بەڵام کاریگەریی کارەکەی ئێوە لە ڕۆژهەڵاتدا بە بەراورد لە گەڵ کاریگەری ئەو هەموو دامەزراوە دەوڵەتیانەی کە لەوێ کار دەکەن زۆر زۆر کەمترە. دید و بابەتەکانی ئێوە دەگاتە دەستی نوخبەیەکی دیاریکراو، ئەوەی کە من قسەی لە سەر دەکەم عەوامە، ئاخر خوێندکارانی تەنانەت

گوند و لادێکانی دەورووبەری شاری بانە تەنیا بە زمانی فارسی دەخوێنن، بۆیە تەنیا فارسی بە باشی دەزانن. من لەم ماوەیە زۆر گوێ لە قسەکردنی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەگرم، بەداخەوە هەژموونی زمانی فارسی هێندە زاڵە لەسەریان، خەریکە کوردییەکەیان لەبیر بچێتەوە، کاتێک کە بە کوردی قسەدەکەن پڕاوپڕە لە وشەی فارسی، ئەوە لەکاتێکدایە کە زمانی فارسی خۆی پڕاوپڕە لە وشەی عەرەبی.

**هیما:** زۆر جار دەگوترێت ئەو فاکتەرگەلانەی کە پێناسە و شوناسێکی بەبنەما و بەرین بە نەتەوەیەک یاخۆ کۆمەڵێک دەبەخشن بریتین لە: زمان، جوگرافیا و فەرهەنگ، پێویستە کورد جەخت لەسەر کام فاکتەر بکات، هەتا شوناس و پێناسەی خۆی هەم بۆ خۆی هەم بۆ دەرەوەی خۆشی بسەلمێنێ؟

**د. شێرکۆ:** من پێشتریش بەو ئاراستەدا ڕۆیشتم کە بەیانی بکەم، کورد یا دەبێ دەوڵەتی هەبێ، یان دەبێ لانی کەم کیانێکی سیاسی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ کار لە سەر زیندووڕاگرتنی شوناسەکەی خۆی بکات. زیندووڕاگرتنی خۆی، واتە زیندووڕاگرتنی شوناسی کوردی، گرینگترین فاکتەرە بۆ جیاوازی نێوان کورد و ئەوانی دیکە، لێرەدا زمان دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت، ئەوە زمانە کە کورد لە فارس جیا دەکاتەوە، ئەگینا ڕەنگە لە ڕووی کەلتوورییەوە زۆر خاڵی هاوبەشمان تەک فارسدا هەبێت. ئەوە زمانە کە کورد لە عەرەب جیا دەکاتەوە، ئەگینا لە پرسی دیندا یاخۆ لە پرسی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییدا زۆر لە یەک نزیکین، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە کورد کەلتووری تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکە ئەوەی کە بە زەقی لە عەرەبی جیا دەکاتەوە زمانەکەیە. بەڵام ڕاگرتن و بەرزڕاگرتنی زمان زۆر زەرووره، ئەگەر ئاماژە بە خاڵەکانی دیکەی ئێوە بدەم، ئێوە باستان لە خاک و لە جوگرافیا کرد، تۆ بە بێ کیانی سیاسی گرفتت هەیە خاکەکەت شوناسی هەبێت، بۆ وێنە لە باشووردا، تۆ ناتوانی بە بێ کیانێکی سیاسی خۆت تەنیا بەو چوارچێوە جوگرافیاییەوە پێناسە بکەیت، واوەتر لە باشوور هەرێمەکە هەرێمێکی کوردستانییە، ئەمە دەکرێ سەرەتایەک بێت بۆ دروستبوونی شوناسی کوردستانیبوون، بەڵام لە باکووردا بە کوردستان دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی تورکیە، بەم ئاماژەیە باکووری کوردستان لە کوردستانیبوون و کوردبوون دادەماڵدرێت. بەڵام کێ دەتوانێ، ئەم شوناسی ڕۆژهەڵاتی تورکییە بگۆڕێ بۆ شوناسێکی کوردستانی ئەگەر کیانێکی سیاسیت نەبێ؟ ڕوونتر بڵێم هەموو ئەو فاکتەرانەی ئاماژەت پێکردن گرنگن، بەڵام بێ بوونی دەوڵەت، یان کیانێکی سیاسیی، هەموویان لەژێر هەڕەشەن، جا زمان بێت، خاک بێت، جوگرافیا بێت، یادەوەری هاوبەش بێت، کەلتوور بێت، دابوونەریت بێت، مێژووی هاوبەش بێت و هتد. مەبەستم لە کیانی سیاسی هەرێمێکی فیدراڵییە، یاخۆ هەرێمێکی کۆنفیدراڵی، یاخۆ هەرێمێکی خودموختار، کە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و حکوومەتێکی خۆجێی

هەبێت. واتە بەبێ ئەو کیانە سیاسییە کورد ناتوانێت شوناسەکانی خۆی بپارێزێت و درێژە پێبدات، یا زەق بکاتەوە، ئەگەرنا زمانەکەی لە تەک تێپەڕبوونی زەمەندا لاواز دەبێت، چونکە هەروەک پێشتر گوتم، بەبێ کیانی سیاسی زمانی کوردی نابێتە زمانی کار و مەعریفە، یا زمانی ئابووری و بازرگانی، یان زمانی پەروەردە و خوێندن. کاتێک کە زمانەکەت ئەو کارانەی پێناکرێت و دەور ناگێڕێت ئیتر خۆی وردە وردە دەپووکێتەوە. هەر بۆیە ئێمە نابێ لەو باوەڕەدا بین کە تەنیا یەک فاکتەر، یاخۆ یەک کۆڵەکە هەیە بۆ پرسی نەتەوە، من پێموایە کە هەموو کۆڵەکەکانی نەتەوە، جا چ زمان بێ، چ خاک بێ، چ مێژوو بێ، چ یادەوەری هاوبەش بێ، یا کەلتوور و هەر شتی دیکەش بێت، لە غیابی دەوڵەت یان کیانێکی سیاسی، ناتوانن ڕۆڵی ڕەوای خۆیان بگێڕن. من لەم ڕۆژانەدا باسێکم لە سەر ئەوە دەبێ، کە چۆن ئابووری وڵاتەکەی دیکە، واتە دەوڵەتە داگیرکەرەکە، یان دەوڵەتە ناکوردییەکە، دەتوانێ ئابوری تۆ بشێوێنێت، شوێنەوارت تێکبدات. ڕەنگە ئاگادار بیت کە چۆن «حەسەن کیف» کە شوێنێکی ئاسەواری کوردە لە باکوور، خراوەتە ژێر یەکێک لەو بەنداوانەی کە تورکیە درووستی کردووە. لێرەدا لە بەر ئەوەی کورد لە تورکیە دا کیانێکی سیاسی نییە کە لە دیدی کوردەوە تەماشای پرسەکان بکات، شوێنەوار، کەلتوور و مێژووت هیچ گرینگیەکی نامێنێت، بەڵکە ئەوەی گرینگی هەیە بەنداوێکە، ئاوگلدانەوەیەکە، یا پرۆژەیەکی ئابوورییە، واتە لەسەر خاکێکی داگیرکراو



**ئەگەر چەپ خەمە گشتییە کوردییەکە بکات بە خەمی سەرەکی و هاوکات خەمە چینایەتییەکان و خەمە مرۆڤایەتییەکان لە یاد نەکات ئەوە زۆر گرنگە، چوونکە دەبێ بە هاوتەریبی کار بکرێت، یانی ئەو چەپانەی کە لە کوردستاندا شکستیان هێناوە، بە گشتیی ئەو چەپانە بوون کە خەمی نیشتیمان و نەتەوەیان کردۆتە قوربانی خەمی یەکسانیی، ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی.**

تەنیا قازانج ئاراستەکەرە. لێرەدا بەشێک لە شوناسەکەی تۆ دەکرێتە قوربانی پرۆژەیەکی ئابووری. بەڵام ئەگەر تۆ کیانێکی سیاسی کوردیت هەبێ، ئەوە «حەسەن کیف» دەکات بە شوێنێکی گەشتیاریی بۆ زەقکردنەوەی شوناسی تۆ، بۆ هێشتنەوەی کەلتووری تۆ، بۆ ناساندنی شوێنەواری تۆ. ئەو خاڵانەی کە ئێوە ئاماژەتان پێدا، هەمووی خاڵی گرینگن، بەڵام لە درێژمەودا بە چی دەگات، ڕەنگە هەر وەک «حەسەن کیف» بکەونە ژێر ئاوەوە. کاتێک کە کەسێکی کورد لە باکوور نەیتوانی بە زمانی خۆی ببێتە ئەندازیار، ئەوە کاتێ بوو بە موهەندیس، دەبێتە موهەندیسێکی تورک، بە تورکی قسە دەکات، یان کوردێک دەبێتە پارێزەر، هەر دەبێ بە تورکی قسە بکات، جا ئەگەر تۆ بە زمانێکی دیکە قسە دەکەیت، گرفتی سەرەکی تەنیا قسەکردنەکە نییە، کێشەکە ئەوەیە کە تۆ بە زمانێکی دیکە بیر دەکەیتەوە، بۆ وێنە کوردێکی کوردینەزان لە ڕۆژهەڵاتدا لە درێژمەودادا دەبێتە کوردێک کە بە کەلتوور و بیرکردنەوە فارسە.

**هێما:** دیارە لێرەدا پەنجە نرایە سەر ئەو تواندنەوە و ئەو ئاسیمیلەکردنە کە وڵاتانی داگیرکار ساڵانێکی زۆرە بە بەرنامەوە کاری بۆ دەکەن.

**د. شێرکۆ:** بەڵی، بەڵی بە سیستیماتیک لە ڕێگەی دامەزراوەکانیش کاری بۆ دەکەن و تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوەکانیش دەکرێ هەڵبوەشێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیاسەتەی کە زۆر دەمێکە بۆ ئاسیمیلەکردن بەڕێوەدەچێ، بە گۆڤارێک ناکرێ، بە ڕۆژنامەیەک ناکرێت، بە گروپێکی خۆبەخش ناکرێت، بە ڕێکخراوێکی مەدەنی ناکرێت. هەموو ئەوانە گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی زمان و ڕێنووسی کوردی وەمێنێ، بۆ ئەوەی سیاسەتی تواندنەوە هەڵبوەشێتەوە، کورد دەبێ لانیکەم جۆرێک لە خودموختاریی هەبێ، خودموختارییەک کە لانی کەم کورد بکات بە سەنتەر (چەق)، زمانی تۆ، کەلتووری تۆ و ئابووری تۆ بازاڕی تۆ، مەعریفەی تۆ، دیدی تۆ بکات بە سەنتەر. من لە نووسراوەیەکی کورتی خۆمدا کە ماوەیەک لەمەوبەر پەخش بووەتەوە، ئاماژە بەوە دەدەم، کە کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا چوار ئیختیاری لە بەردەستدایە، یا دەبێ ببێت بە کۆڵبەر، یا دەبێ ببێت بە جاش، یا دەبێ بڕواتە شوێنێکی دوورەدەستی ئێران هەتا کاری دەست بکەوێ، یا ئالوودە بە مادە هۆشبەرەکان ببێت؛ ئەمە خۆی کارەساتە، ئەمە ئاسیمیلەبوونە. بەڵام کێ دەتوانێ ئەمە هەڵوەشێنێتەوە؟ بۆ وێنە کە تۆ کیانێکی سیاسیت بوو، ئەوە دەتوانێ هەلی کار لە ناوچەکەدا فەراهەم بکات، کاتێ هەلی کار ڕەخسا، تۆ پێویستت بە زمانی کوردییە، ئەوکات کارخانە درووست دەبێ، بەڵام لێرەدا دەسەڵاتێک پێویستە، جا ئەم دەسەڵاتە نە لە ڕۆژهەڵات وە نە لە باکوور هەیە. من لێرەدا بۆیە باس لە باشوور و ڕۆژئاوا ناکەم، چوونکە لەو دوو شوێنە کیانی سیاسیی کوردی بوونی هەیە، ئەگەر خراپیش بن، کوردیی تا ڕادەیەک پارێزراوە. بەڵام لە ڕۆژهەڵات و لە باکوور

سیاسەتێک پیادە دەکرێت کە ناوچەکە بە ناگەشەیی بمێنێتەوە، کاتێک ناوچەکە گەشەی تێدا نییە، ئەوکات خەڵکەکە کۆچ دەکات بۆ ناوچەیەکی دیکە. کاتێک هەلی کار لە تەبرێز، ئیسفەهان، تاران و مەشهەد هەیە، بەڵام لە سنە، بانە و سەقز و ئەوانە نییە، خۆ پرسەکە ئەوەش نییە کە بڵێین ئەو شارانە بۆ ئەوە نابن کارخانەیان لێ دابنێین، ئەمە خۆی بە دەستی ئەنقەست وای لێکراوە، بۆ ئەوەی تۆ ئاسیمیلە بیت، تەنیا ڕێگەت کۆچکردن بێت، تا لە نەوەیەک یا دوی دیکەدا کەسێک بڵێ، بەڵی باوکم کورد بوو و خەڵکی ئەم شار یا ئەو شاری کوردستان بووە بەڵام ئێستا نە کوردی دەزانم نە لە کوردی تێدەگەم.

**هێما:** تۆ لە ناوچەی خۆتەوە کۆچ دەکەی بۆ بەشی فارسنشین و ئەو ناوچە دەبوژێنیتەوە و ناچار دەبی، بەرامبەر بە ناوچەکەی خۆت و بوژانەوەی، کەمکاریی و کەمتەرخەمی بکەیت. دوکتۆر شێرکۆی بەڕێز من تەنیا دوو پرسیارم ماوە، پرسیاری یەکەم گرێ دەدەم بە باشووری کوردستانەوە، چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە باشوور نیمچە دەوڵەتێک یاخۆ هەرێمێک هەیە، واتە لەو ناوچەدا پێکهاتەی سیاسی کوردیمان هەیە، لە ڕوانگەی ئێوەوە، جا بە سەر هەموو کەم وکەسرییەک کە ئەو دوو بنەماڵە لە خۆی دەگرن، چونکە بەشەکانی دیکەی کوردستان هیوایەکیان بە باشوور هەبوو و چەشنی هێمایەک بۆیان ڕوانیوە، ئەم بەشە لە سی ساڵی ڕابردوودا تا چ ڕادەیەک خزمەتی بە کیان و بە شوناسی کورد کردووە؟

**د. شێرکۆ:** ئەوەی ڕاستی بێت کار کراوە، من ناتوانم بڵێم هیچ کار نەکراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئێمەدایە، نە لەو ئاستەشدایە کە بڵێین دواڕۆژێکی ڕوونی لە بەرچاودایە، یا بەو مانایەی کە ئەم کیانە بتوانێت ئیدامە بە خۆی بدات. تۆ بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی هەر کیانێک پێویستت بە هێزە، واتە هێزێک بۆ پاراستنی ئەو کیانە. من لێرەدا مەبەستم تەنیا لە هێزێکی نیزامی پێشمەرگە نییە، چونکە هێز تەنیا هێزی ماتریالی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هێزی مەعنەوی هەن. گەر لێرەدا باسەکەم کورت بکەمەوە، چ وەک هێزی سەربازیی، باشوور ئەو هێزەی دروست نەکردووە کە لە ڕووی ماتریالییەوە بەرگریی لە خۆی بکات، هاوکات لە تەک ئەوەشدا نەیتوانیوە مرۆڤێکی خۆڕاگر و نیشتیمانپەروەر، کوردپەروەر، وەک مرۆڤێک کە زاتی بەهێز بێت و بتوانێت بەرگریی لە خۆی بکات، درووست بکات، ئەم کارەش لە ڕاستییدا نەکراوە. یانی مرۆڤ لە باشوور بە گشتیی مرۆڤێکی لەرزۆکی، لاوازی، شڵەژاوی، بێباوەڕە، تەنانەت لە زۆر لاوە هەست بە لاوازیی شوناسەکەی خۆی دەکات. بەڵام هەروەک ئێوە ئاماژەتان پێدا کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە وەک هێما بۆی دەڕوانن، من پێم وایە ئەو کیانەی کە لە باشووردا هەیە، جا بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە، هێشتا سەد هەزار، نەک جارێک و دوو جار، سەد هەزار جار باشترە بمێنێتەوە، نەک وەک ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵات و باکووردا هیچمان نییە. کاتێک من

لە تەک منداڵێکی کورددا کە لێرە قوتابخانەی تەوا کردووە قسە دەکەم، یا ڕۆژانە تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکات، کوردیەکی پاک و ڕێکوپێک قسە دەکات، یانی تا ڕادەیەک کەلتوورەکە ڕاگیردراوە. من زۆر جار گوێ لە خەڵکی ڕۆژهەڵات دەگرم، ئەوانەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵات دەژین، یانی زۆر جار زمانەکە بە تەواویی وێران بووە، هەندێک جار ئامرازە پەیوەندییەکانیش بە کوردی بەکارناهێنن، بۆ وێنە خەڵکی سنە یا کرماشان کە هەر لەمێژە لە ژێر کاریگەریی هەژموونی زمان و کەلتووری فارسی دان زمانە کوردییەکەیان زۆر کاڵبۆتەوە. کاتێک ئەو دوو بەرەیە بەراورد دەکەین، دەبینین کە ئەو کیانەی باشوور هێشتا هەر گرینگی خۆی هەیە و ماوە، کاتێک کیانێکی لاواز هەبێ، دەکرێ لە داهاتوودا باشتر بکرێت، چاکسازیی لە سەر بکرێت، بەڵام کە هەر نەبوو، ئەوە گرفتەکە زۆر گەورەترە.

**هیما:** وەک دوایین پرسیارمان، ئێمە پشتگیری لە بیرۆکەی چەپ و سۆسیال دێمۆکراتیزم دەکەین، ڕێکخراوە چەپەکانی ئەمڕۆی کوردستان کەم تا زۆر بەوە گەیشتوون کە بە سەر پرسی سۆسیالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمدا، ناتوانن ئاوڕ لە پرسی سەروەریی کورد نەدەنەوە، ئێمە چەشنی مافی مرۆڤ ئاماژە بە پرسی سەروەریی دەدەین، چوونکە ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین لایەنەکانی ئازادیی پرسی سەروەریی بێت، لە ڕوانگەی ئێوەوە بیرۆکەی چەپ چۆن و لە چ سووچێکەوە دەتوانێ خزمەت بە شوناسی کورد بکات؟ بەڵام بە مەرجێ کە جەوهەری چەپ بوونی خۆی لە دەست نەدات.

**د. شێرکۆ:** بە ڕای من ئەگەر چەپ خەمە گشتییە کوردییەکە بکات بە خەمی سەرەکی و هاوکات خەمە چینایەتییەکان و خەمە مرۆڤایەتییەکان لە یاد نەکات ئەوە زۆر گرنگە، چوونکە دەبێ بە هاوتەریبی کار بکرێت، یانی ئەو چەپانەی کە لە کوردستاندا شکستیان هێناوە، بە گشتیی ئەو چەپانە بوون کە خەمی نیشتیمان و نەتەوەیان کردۆتە قوربانی خەمی یەکسانیی، ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی. نەک هەر چەپەکان، من پێم وایە هێزە ناسیۆنالیستەکانیش، کاتێ کە تەنیا لە خەمی نەتەوەدان و پرسە گرینگەکانی دیکەی وەک ئازادی ڕادەربڕین، یەکسانیی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، مافی ژن، هەموو ئەو بەها گرینگە ناماتریالیانە پشتی گوێ بخەن، ئەوە شکست دێنن. لە بەر ئەوە چ حیزب بێ، چ تاک و چ گۆڤارێک بێ، کورد چ لیبڕاڵ بێ، چ ناسیۆنالیست یاخۆ چەپ بێ، یا چ ئیسلامیی بێ، ئەگەر هەموو پرسەکان بە گرینگ دانەنێ، ئەوە بە رای من هەڵە دەکات، چونکە ئێستا لە باشوور دێتە بەرچاو کە زۆر حیزب، ڕێکخراوە و تاک، تەنیا پرسی نەتەوەیی دەبینن، بەڵام نازانن کە تۆ ئەگەر ئازادی و مافی خوێندکاران، مافی کرێکار، مافی مامۆستا و مافی ژن و هتد.. لە بیر کرد، هەر بۆ خۆت کیانێکی فشۆڵ دادەمەزرێنیت، ئەم کیانە فشۆڵەش مەحکوومە بە لە ناوچوون. بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد، ئەم شتانە زۆر زۆر

گرینگن، چوونکە ئەوەی کە دەبێ لەوانی دیکە جیامان بکاتەوە، کە ئێمە چۆن تەک یەکتردا مامەڵە دەکەین، جا لێرەدا مەبەستی من ئاستە شاقوڵیەکەیە، نەک ئاستە ئاسۆییەکە. لە ئاستە ئاسۆییەکەدا ڕەنگە کوردبوون هەمووان کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە لە یەک جیامان دەکاتەوە ئاستی توانایی داراییمانە، ئاستی چینایەتیمانە، ئەگەر ناعەدالەتیەکی زۆر بەرچاو هەبێت، ئەوەی کە ئێستا هەیە، جا ئەمانە هەمووی هەڕەشەن لە سەر هەرێمدا، لە سەر کیانە سیاسییەکەدا.
من خۆم بە کەسێکی لیبڕاڵ دەبینم، بەڵام لیبڕالیزمێک بە بەهاگەلی وەک پلۆڕالیزمەوە، فرەچەشنی، من دەبێ داکۆکی لە کورد و کوردبوون بکەم، چوونکە کوردیش بەشێکە لەو فرەییەی کە لە جیهاندا هەیە، یانی ناکرێ تۆ کوردبوون بە قوربانی لیبڕالیزم بکەیت، چونکە جوانی دونیا لە فرەییدایە، لە فرەنەتەوەیی، فرەئایینی، فرەکەلتووری و هەروەها؛ هەربۆیە هەر داکۆکیەکی من بە گشتیی لە کوردبوون و کوردستانی بوون پەیوەستی بە لیبڕاڵبوونی منەوە هەیە.

**هیما:** زۆر سپاس دوکتۆر شێرکۆ، ئێمەش بە هەمان شێوە باوەڕمان بە فرەچەشنی هەیە، بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد کە بە سەر چوار پارچەدا دابەش کراوین و لە هەندێ دەڤەر و ناوچە لەیەک تێگەیشتن کەمترە. بۆ وێنە لە باشوور کە ئەم بنەماڵە ئەو بنەماڵە بە تەواوی واتاوە بە ڕەسمیەت ناناسێ. هەر ڕێکخراوەیەک کە لە تەک گەشەی سەردەمدا نەڕوات و باوەڕی بە بەهاگەلی وەک دێمۆکراسی، فرەچەشنی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نەبێت، ئەوە ناتوانێ لە درێژماوە دا سەرکەوتوو بێت.
زۆر سپاس دوکتۆر شێرکۆ کرمانج.

**د. شێرکۆ:** دەستی ئێوەش خۆش بێ، ماندوو نەبن و سەرکەوتوو بن.



# گۆمی زرێوار
# کەوتووەتە بارودۆخێکی سامناکەوە

ئەگەر شارۆمەندانی کوردستان هەڵویستێکی مێژوویی و هیمەتێکی بەرز و مرۆڤدۆستانەی ژینگەپارێزی نیشان نەدەن، بیگومان نەتەوەی کورد شاهیدی وشکبوون و لەناوچوونی زرێوار دەبن و، تەنیا دەتوانن لەئەتڵەسی جیۆگرافیایی چاویان بەنەخشەی ئارشیوکراوی زرێوار بکەوێت.





د. باقر فەرەنگیس      رەشاد مستەفا سوڵتانی



### ١. بۆ پرسی ژینگەمان هەڵبژارد؟

ڕۆژ بوو بە حەوتوو و حەوتوو بوو بەمانگ و مانگیش بوو بەساڵ و بزووتنەوەی چەپی ڕادیکاڵ لە وڵاتی کوردستان و ئێران سەبارەت بە مارکسیزم و بیرمەندانی ئەو بوارە زۆر زەحمەتیان کێشاوە و وتاریان نووسیوە. ڕێکخراوەکانی پەیکار، چریکی فیدایی، حیزبی توودە، ڕزمەندەگان، کۆمەڵە، ئیتحادیەی کۆمۆنیستەکان خزمەتی چاکیان لە بواری تەفسیر و تەرجومە بە مارکسیزم کردووە. بەڵام پرسی ژینگە و ژینگەپارێزی لە نێو نوسراوەکانیان هەر نیە و ئەگەریش هەبێت، دڵگیر و لە ئاستی شیاوی خۆیدا نیە. هەر بۆیە من و دوکتور باقر، ڕچەیەکی ترمان تاقیکردەوە و ژینگەمان وەک خواستی جەماوەر و پێداویستیەکی جیهانی هەڵبژارد و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستمان پێکرد. سەبارەت بە گۆمی زرێوار، گۆمی ورمێ و ئاو لە ئێران سەرجەم سێ کتێبمان ئامادە کردووە. ئەم وتارە پرسی گۆمی زرێوار، زانیاریەکان و مەترسیەکان و هێرشی دڕندانە و کاتگۆری بەسەرهاتی گۆمی زرێوار شیدەکاتەوە و زانیاری مۆدێڕن بە خوێنەران پێشکەش دەکات .

### ٢. هەڵکەوتەی جیوگرافیایی گۆمی زرێوار:

گۆمی زرێبار لە نزیک شاری مەریوان و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە. گۆمی زرێبار بە پێی مێتودی کاربونی ١٤ و لێکۆڵینەوەکان و تۆژینەوەکان زۆرتر لە بیست هەزار ساڵ تەمەنی هەیە و،

لە قۆناخی پولینتۆسن پێکهاتوە. یەکێک لە بێهاوتاترین گۆمەکانی ئاوی شیرینی جیهانە. زرێوار هەزاران ساڵە جوانی و ئاوەدانی و هارمۆنی دڵگیری بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرێمی مەریوان بەخشیوە. ئیکۆلۆژی تاقانە و ئاوارتەی ئاوی شیرین و جۆراوجۆری گیاکان، گیانلەبەران، باڵندەکان، سیما و دیمەنێکی دڵنشینی پێکهێناوە کە وەک جێگایەکی گەشتیاریی و توریستی و بێوێنە لە کوردستان و ئێران باس دەکرێت. ئەم گۆمە لە بواری مێژوویی لە سەر هەڵویست و هەستی ناسکی شاعیرانی پایەبەرزی کورد کارتێکەری و کاردانەوەی هەبووە. حەزرەتی مەولەوی (١٢٢١ -١٣٠٠ کۆچی) کە هاوکات لە گەڵ ڕێنسانی ئوروپا ژیاوە، کاکە حەمە بێلوو "ناری" (١٨٧٤-١٩٤٤ زاینی)، قانیع (١٨٩٨-١٩٦٥ زاینی) و شەریف حسین پەناهی لەدیوانەکانیان باسی زرێواریان کردووە. لە نێو جەماوەری خەڵک ئەفسانە و میتۆلۆژی قەبری دەروێش و دۆعا و نزای مام دەروێش، سینە بە سینە هاتوە و لە سەر پەردەی مێشکی بیروڕای گشتی جەماوەر ماوەتەوە. دانیشتوانی کۆنی ناوچەکە لە لایەن زۆرگۆیان و دەسەڵاتداران، زوڵم و زۆری تاقەت پڕوکێنیان لێکراوە و فرەبێزار بوون. پیرێکی هیمەتبەرز وەک دەروێش زۆرگۆیانی نەفرین کرد و لە بارەگای یەزدان و کردگار پاڕایەوە. دیوان و مەقەڕی حکومەتی زۆرگۆیان لە ژێر ئاوکەوت و نوقوم بوو. پاشان گۆمی زریوار پێکهات و دروستبوو.

## ٣. سەرچاوەکانی ئاوی گۆمی زرێبار

ئاوی زرێوار لە ئاستێکی زۆر کەم، لە ئاوە سەتحیەکان و کانیەکانی کوێستانەکانی دەوروبەری دابین دەبێت. باران و بەفری ساڵیانەش تاڕادەیەک ئاوەکەی دابین و دەستەبەر دەکات. بەڵام بەگشتی و سەرجەمی ئاوی زرێوار هی کانیاوەکانی بن و قوڵایی زرێوارە. ئەم کانیاوانە لە سفرەی ئاوە ژێر زەویەکانی ناوچەکە فەراهەم دەبن. کانیاوەکان بە شێوەیەکی خۆڕسک لە بن دەریاچەکە هەڵدەقوڵن و سروشتین. هیچ ڕووبارێک بەشێوەی سروشتی ناڕژێتە نێو گۆمی زرێبار.


لە دەورانی حکومەتی جمهوری ئیسلامی بێئەوەی باری ژئیولۆژی، ئیکوسیستم، ژینگەیی، بیولۆژی، مۆرفۆلۆژی بە شێوەیەکی زانستی و مودێرن لێکبدرێتەوە، و لە سەر بناغەی تاکتیکی کاڵ فامانە و نەزانانە و ستراتیژی کاول و کەمبایەخ کردنی ژینگەی کوردستان و فەوتانی هێواش هێواشی گۆمی زرێوار، ڕووبارێکیان بە ناوی "قزڵچەسو" لە نزیک گوندی دەرەوەران، لاداوە و ڕێگا و مەسیری سروشتی چەند هەزار ساڵەی ئەو ڕووبارەیان گۆڕیوە و هێنراوەتە نێو گۆمی زرێوار. ئەم ڕووبارە بە شێوەیەکی نەبێنراو، کارەساتی دڵتەزێنی خولقاندووە و گرفت و کۆسپەکانی بۆ ژینگەی زرێوار، سەر سورهێنەرە.

## ٤. خەسارەتناسی و هەڵویستە نازانستیەکانی حاکمییەتی جمهوری ئیسلامی:

* **ڕووباری قزڵچەسو** لە نزیکی گوندی دەرەوەران کە هێنراوەتە نێو

گۆمەکە، ئاوی زرێواری زیادکردووە و لە هەمانکاتدا بەنداوێکیان لێی دروست کردووە، بەڵام خەسارەت و زەرەر و زیانی بیۆلۆژی، ئیکۆسیستمی، مۆرفۆلۆژی، ئیکۆلۆژی و ژینگەیی لە ئاستێکی سەرسوڕهێنەر و سامناک پێکهێناوە. چونکوو ئاوی ڕووبارەکە لە تێپەڕبوونی زەماندا، ئاست و قەبارەیەکی قورس و فراوان لە زیخ، لم، ماسە، خاکی تواوە و خەوش و خاڵ لەگەڵ خۆی دێنیتە نێو گۆمەکە. ئەم قەبارە لە شتی ڕەوان، پەیتا پەیتا و وردە وردە، بەرەو قوڵایی و بن گۆمەگە دەڕۆن و دەخزن، پاشان سەرچاوەی کانیاوەکان دادەپۆشن. بە تێپەڕبوونی زەمان، کونی کانیاوەکان دەگرن و کۆسپێکی گەورە بۆ ژیانی سروشتی دەریاچە دەخولقێنن. یانی لە بواری زەماندا ئەو کەرەسانە، بەیەکەوە دەلکێن و لە ژێر فشاری ئاو، سەختتر دەبنەوە و گرفت و ئاریشە دروستدەکەن. کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەر هەڵقوڵانی ئاوی کانیاوەکان و دەریاچەکە لە ڕەوتێکی ئارام و بێ ئەوەی مرۆڤی ئاسایی لەو پرۆسەکە تێبگات و هێواش هێواش بەرەو وشکبوون، نەمان و فەوتان دەچێت.

**** مراوی ماسی:** دەمی ئەم ماسییە لە دەنووکی مراوی دەچێت، بەخاتری پارە و قازانج و تێکدانی باڵانسی ئیکۆسیستم و ژینگە گۆمی زرێبار لە جێگاو شوێنێکی ترەوە بۆ نێو گۆمی زرێباریان هێناوە. ئەم ماسییە درێژایی تا ١٨٥ سانتی میتر و کێش و وەزنی تا ٣٥ کیلو گرام دەگات. مراوی ماسی نێچیرەوانی هەمیشەیی، ڕاوچی و



**وێنەی مراوی ماسی، کە ئیکۆسیستم و ژینگەی گۆمی زرێواری تێکداوە**

هێرشبەرە و هەموو ماسیە خۆجێیەکان دەخوات و کارەساتی خولقاندووە. لەم پێشاژەیەدا ڕاستەوخۆ دژی ئیکۆسیستمی گۆمی زرێوارە. بێگومان کاتێک ئاوی زرێوار سەرڕێژ دەبێت، ئەم ماسیە دەتوانی لە گۆمی زرێبار دەرباز بێت و، بچیتە نێو ئاوی ڕووباری گردەڵان و پاشان واریدی ڕووباری سیروان بێت و بەشێوەی سامانک ژینگەی ئەو ڕووبارە مەزنە تێک بدات. گەرای مراوی ماسی بەخێرایی گەورە دەبێت و بۆ باڵانس و ڕەوتی ڕووباری سیروان و ماسییە خۆجێیەکانی ئەو ڕووبارە فرە خەتەرناکە، چونکوو میلیونەها ساڵە ماسییەکان لەگەل بارودۆخی ڕووباری گردەڵان، ڕووباری مەزنی سیروان و گۆمی زرێوار خۆیان گونجاندووە و لە سەر یەکتر کارتێکەری پۆزیتیڤیان هەیە و، پێکەوە ژیانی ژینگەیی و هاوبەشیان هەیە. مراوی ماسی پوتانسیل و زەرفیەتی تێکدانی هەموو ئیکۆلۆژی و ئیکۆسیستمی گۆمی زرێوار و ڕووباری گردەڵان و سیروانی هەیە.

***** گوڵپەپوولەی مێرگەزار:**



**وێنەی تەنیا گیای گۆشتخۆری کوردستان و ئێران لەقەراخ گۆمی زرێوار**

تەنیا گیای گۆشتخۆری وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستان "گوڵ پەپوولەی مێرگەزارە" کە لە قەراخ گۆمی زرێوار سەوز و شین دەبێت. ژیانی ئەم گوڵە نایابە، ڕاستەوخۆ بەستراوە بە بوونی گۆمی زرێبارەوە. بەهەر ئەندازە و بەهەر ئاستێک دەریاچەکە بکەوێتە مەترسی فەوتان، ئەم گوڵە ئاوارتەیە شوێن و جێگای ژیانی بەرتەسک دەبێتەوە و بە مروری زەمان لە ناودەچێت.

## پزشکی کلاسیک و سوننەتی گیا دەرمانیەکان:

دەوروبەری گۆمی زرێوار، گەنجێنەیەکی گرانبەهای گیای دەرمانیی هەیە. بە پێی سوننەتی جەماوەر و نەبوونی خزمەتە دەرمانیەکان لە لایەن حاکمیتەوە، گیا دەرمانیەکان کێش و پێگەی بەرزیان لە ژیانی دانیشتوانی ناوچەکەدا هەیە. گیاکان سروشتین و هەرکام بۆ چارەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ بەکاردێن. فەوتانی گۆمی زرێوار، تەنیا وشک بوونی گۆمەکە نیە، زەنجیرەیەک لە گیانلەبەرەکان، ڕووەکەکان، ئاوژییەکان و باڵندەکان کە بەستراو و گرێدراوی بوونی زرێوارن، لە پرۆسەی فەوتان و نەمان دەکەون. زەرەر و خەسارەتی بێولۆژیک، دەرمانی و سیمای دڵڕفێنی سروشت و گەشتیاری بەجارێک دەخەنە مەترسیەوە و پێڤاژەی فەوتانی سروشت و ژینگە بەرەو خێرایی دەڕوات و لێرەدا جگە لە شارۆمەندانی کوردستان هەموو جیهان لە ڕوانگەی ژینگە و ئیکۆلۆژیەوە زەرەرمەند دەبن، کە نمونەیان بریتین لە: داروەن (داروێژەن، یا دارقەزوان یا داربنێشت)، شویت، قازیاخە، بوژانە، گوڵە حاجیانە، چقچەقە، کەنگر، سێ بن ئەرد، شنگ، گۆزروان، توور، کوزەڵە، سرینچک، خوژیلک، داربەڕوو و گەزوو(مادە و کەرسەی شیرینی گەزوو لە دار مازوو فەراهەم دەبێت)، شاتەرە، گوڵ هەنگ، گوێز، پسڵ، پوونگە، نەعنا، گیاژان، ڕیحانە، هەزبێ، مەرزە، گوڵە هێرۆ، سالمە، وێنجە، سێپەڕە، ترشۆک، بەی، گۆیژ، شیلان، هەڵاڵە، ژار ماسی، گەزنە و دار ترێ.

## گیانلەبەرانی وشکی و ئاویی:

بارودۆخی زرێوار و دەوروبەری بۆ ژیانی هەندێ لە گیانلەبەران فرە سازگارە. ماری ئاوی، ژیشک، یەکانە (بەرازی نێر) مالۆس (بەرازی مێ)، ڕێوی، کێسەڵی ئاویی، سەگاومارماسی، کێسەڵی وشکی، سوسمار، ڕاسو، گورگ، چالەکە، مشک، ڕسق، ورچی زەرد، سمۆرە لە دارستانەکانەکانی نزیک و قامیشڵانی چروپڕی قەراخ زرێوار دەژین .

لە زرێوار و نێو قامیشڵانەکان، بەرازی نێر و بەرازی مێ دەژین و لە دارستانەکانی دەوروبەر، بۆ نێو لیتاو و مێرگەزار و زەلەکان دێن.

## ڕووەکەکان:

دەوروبەری زریوار سەوزە پۆشی ڕووەکەکانە. لەم ژینگەیەدا قامیش، بوریا، قامیشی ڕیشاڵدار، هەزار نەی، زەلی ئاویی، ڕووەکی قامیشیلان، پەڕ تاووسی، گوڵ پەپۆلەی مێرگەزار (گوڵێکی بێ هاوتای کوردستان و ئێران و زرێوارە) سیپرۆس، سۆسەنی ئاوی، گوڵە سوورە و نیلوفەڕی ئاوی دەبینرێن.

## ماسییەکان:

لە گۆمی زرێبار ماسی خۆجێی و خۆولاتی بەهەزاران ساڵە لەم گۆمە دەژین و ئیکۆسیستمی گونجاو و دلڕفێنیان پێکهێناوە. ڕەشە ماسی خاڵدار، بووکە ماسی، ماسی پووڵەکەیی، مارماسی دڕکاویی، قەشە، زەردەماسی، ماسیە وردیلە و مراوی ماسی کە هێرشبەر و گۆشتخۆر و لە لایەن بەرپرسانی حکومەتیەوە و بەخاتری پارە و دراو، هێنراوەتە ئەم گۆمە و ژینگەی زرێباری کامباخ و وێران کردووە.

## باڵندەکان:

باڵندەکانی ئەم گۆمە دوو دەستەن. باڵندە خۆجێیەکان کە هەمیشە لە دەوروبەری دەریاچەکە دەژین و لەو ژینگەیە سەقامگیر و هێلانەیان هەیە. هەرساڵە لەسەر هێلکەکانیان کڕ دەکەون و کاتێک جوجکەکانیان لە هێلکە ترووکا، بەخێویان دەکەن. باڵندە کۆچەریەکان بەگشتی زۆرن و لە باکور و باشور و ڕۆژئاو و ڕۆژهەلاتی کوردستانە و ناوچەکانی تری جیهان بەرەو گۆمی زرێوار کۆچ دەکەن. زستانان جێگای حەسانەوەیان گۆمی زرێوارە. مراوی بەڕوویی، پەڕەسیلکەی سپی، مرێشکە ڕەشە، گاوانی چکۆلەی سپی، گامارۆ، سۆنەی سەر بۆر، ڕیشۆڵە، لەقلەقی سپی، مراوی وەحشی و کێوی، سۆنەی سەر گەسک، باڵندەی تاووس ئاسا، پەپوو سلێمانە، مرێشکی نەورۆزی، ماسیگرەی پەمەیی و قوون هەڵتەکێنەی بەڵەک لەم گۆمە دەژین. حاجی لەقلەق لە گوندەکانی دەوری زرێوار، میوانی کۆچەریە و ئیستا هەندیکیان، لە دەڤەرەکە دەمێنەوە و هێلانەکانیان چۆڵ ناکەن.

لەگواندارانیش سەگاو، بە زۆری لە زرێبار هەیە. باڵندە جۆراوجۆرەکانی زرێوار، هەم خۆجێی و هەم کۆچەرین.




**ئۆرگانی ژینگە پارێزی مەریوان:** لە شاری مەریوان گەنجان و شارۆمەندانی هەرێمەکە، بە هیمەت و هەڵویستی خۆیان ئۆرگانی ژینگە پارێزیان دامەزراندووە کە لە دارستانەکان، گیا جاڕەکان، درەختەکان، باڵندە ئەسیرەکانی نێو قەفەس، ڕاوی بێڕەحمانەی گیانلەبەرانی کێوی، گۆمی زرێوار و ژینگەی هەرێمی مەریوان پارێزگاری دەکەن. ئەم ئۆرگانە دیموکراتیکە دڵسۆزانە و خۆبەخشانە، لە پێناو پاراستن و ژێنگەپارێزی هەنگاوی جیددی و مرۆڤدۆستانە و مودێڕنیان لە

بەستێنی ژینگە هەڵگرتوە و پێشڕەو و ڕچەشکێنن. لەم پێڤاژەیەدا تەنانەت چەند کەسیان گیانی خۆیان بەخت و فیداکردووە و لە نێو کڵپەی دارستانە ئاگر تێبەردراوەکان سوتان و تاجی سەربەرزیان لە سەر نا. دەسەڵاتدارانی جمهوری ئیسلامی ڕاستەوخۆ، بۆ ئۆرگانی ژینگەپارێزی کۆسپ و لەمپەر دەخولقێنن و بەشێوەی جۆراوجۆر بەرگری لە تێکۆشان و پەرەسەندنی ئەم ئۆرگانە دیموکڕاتیکە دەکەن. ژینگەپارێزانی مەریوان یەکەم ئۆرگانی دیموکڕاتێکی سەربەخۆیە کە لە لایەن بیر و ڕای گشتی شارۆمەندانی کوردستانەوە پشتیوانی دەکرێن. سیاسەتە کاڵفامانەکانی حاکمییەتی ناوەندی راستەوخۆ ژینگەی جۆراوجۆری ئەم گۆمە وێران و کامباخ کردووە. بەرگری لە وشکبوون و مەرگی گۆمی زرێوار ئەرکی سەرشانی هەر شارۆمەندێکی کوردە. هەنگاوەکانی ئۆرگانی ژینگەپارێزی لە بەستێنی پاراستنی ژینگەی دەڤەری مەریوان شیاوی ڕێز و قەدەردانیە.

## ڕەوتی پڕ لە ژانی کارەساتە داسەپێنراوەکانی گۆمی زرێبار:

١-وتارە غەیرە زانستی و بێ نرخەکان کە سەبارەت بە زریوار نوسراون، کۆن و کات بەسەرچوون و لە گەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو و تکنیکی مودێرن یەکناگرنەوە. شتی تازەی تێدانیە کە دانیشتوانی دەڤەرەکە، وەک ڕێباز لە بەر چاوی بگرن.

٢- کاری چرووپری لێکۆڵینەوەی عەمەلی و زانستی سەبارەت بە ئیکۆسیستمی زرێوار و پلانی هەمیشەیی و دارێژراو هەر وجودی نیە.

٣- بەهۆی ئاژەڵداری کلاسیک و سوننەتی گوندنشینەکان (لەوەڕگاکان)، و بڕینی دارستانەکان و دار و دەوەن، دیفاعی ئاوگیری زرێوار زۆر کز بووە. بەفر و بارانی ساڵیانە هەموو خەوش و خاڵ و خاکی شۆردراوە و لم و ماسە لە گەڵ خۆی دێنیتە نێو دەریاچەکە.

٤-هاتنی فازڵاو و ئاوەڕۆکانی شاری مەریوان و گوندەکانی دەوروبەر و، کامیون و تانکرە بارهەڵگرەکانی نەوتی تاڵانکراوی باشور کە لە ئاستێکی بەرچاو کەرەسەی ژەهراوی و کیمیاوی لە قەراخ گۆمی زرێوار جێدێڵن و، فڕەدانی کەرەسەی پیس و ناپاک و خەوش و خاڵی گەشتیاران و گەڕۆکەکان کە سەرجەم بە تەواوی (PH) (پێ - هاش)ی ئاوی گۆمەکەی تێکداوە.

٥- خولقاندنی گیروگرفتی جیددی بە مەبەستی بەرتەسک کردنەوەی هەڵسوڕانی ئۆرگانی دیموکڕاتیکی ژینگەپارێزی مەریوان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر.

٦- لادانی ڕووباری قزڵچەسو لە نزیک گوندی دەرەوەران و هێنانی ئاوەکەی بۆ نێور زرێوار کە ئەم ڕووبارە قەبارەیەکی فراوان لم، زیخ، ماسە و لیتاو هەڵدەگرێت و دەیڕژێنێتە نێو گۆمی زرێوار، لە ئاکامدا گیرانی کونەکانی کانیاوەکانی بن دەریاچە خێراتر دەکاتەوە. هێنانی مراوی ماسی و بەخێوکردنی لە گۆمی زرێبار، کە ڕاوچیەکی وێرانکەر و هێرشبەرەو ڕاستەوخۆ و بە شێوەی بەربڵاو هەموو ماسییە خۆجێیەکانی ڕاودەکات کە زەنجیرەی خواردەمەنی و ئیکۆسیستمی تێکداوە و شێواندووە.

٧- لەهەموویان گرینگتر، دەسەڵاتی ناوەندی ئێران بە هیچ شێوەیەک شارەزا و پسپۆڕی ژینگە نین. ئەم دەسەڵاتە هەرگیز بەڕێوەبەریی و دەوڵەتداریی نازانێت. دەسەڵاتی حکومەتی نرخی گرانبەهای گۆمی زرێوار هەر نازانن تا هەڵیسەنگێنن، و هەرگیز بیر لە داڕشتنی پلاتفۆرم و گەڵاڵەی ڕزگارکردن و بەرگری لە وشکبوونی زرێوار ناکەنەوە. بە ئاشکرا هزر و فیکری میلیتاریسم و داگیرکاری و شوونیستیان دیارە. دەبێ شارۆمەندانی دانیشتووی مەریوان و گوندەکانی دەوروبەر متمانەیان بەخۆیان هەبێت. بە هیمەتی بەرز و لێبڕاوانە و دڵسۆزانە و وەک ئەرکێکی نیشتمانی بارودۆخی ترسناکی گۆمی زرێوار لە بەرچاو بگرن. شارۆمەندان دەبێ خۆیان بە یارمەتی وەرگرتن لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ژینگە لە ئێران و کوردستان گەڵاڵە و پلاتفورمی ڕزگاری و نەجاتی گۆمی زرێوار داڕێژن. چونکوو زرێوار تەنیا هی شارۆمەندانی دەڤەری مەریوان نیە و نیعمەتێکی سروشتیە و هی هەموو شارۆمەندانی دونیا و کۆمەڵگای جیهانیە. ئەگەر ئەمڕۆ هەنگاوی جیددی هەڵنەگرن، بیگومان بەیانی دێرە و، کاتی بەسەر چوو، ئاوی ڕووباریکە کە تێپەڕ بوووە !

### سیستمە زیانبارەکان چ خەسارەتێکیان لە زرێوار داوە؟

کاڵفامەکان هێچ چەشنە زانیاری، شارەزایی، لێزانی و پسپۆڕیان لە پرسی ژینگەدا نیە و سنووری زانست و عیلمیان زۆر بەرتەسک و کۆن و تەنیا بۆ زانستی ئاین و ئاین زاکان دەگەڕێتەوە، کە بە ئاشکرا لە گەڵ ڕەوڕەوەی مێژوودا ناتەبا و نەگونجاوە. چونکوو زانستەکەیان کۆن و کات بەسەرچوە و هەرگیز ناتوانن لە پرسەکانی ژینگە، ئیکۆسیستم، ئیکۆلۆژی و جیهانی گلۆباڵ تێبگەن. هەر بۆیە کەسایەتی نەشیاو و نەزان، بەرپرسیاری گۆمی زرێوارەو سەبارەت بە داهاتووی ئەم گۆمە بڕیار دەدەن و هەڵوێست دەگرن. لە بەستێنی ژینگە کەسایەتی شیاو و زانا دانانێن و هەر بۆیە کارەساتی ژینگەیی لە سەرانسەری ئێران خولقاوە و دەخولقێنن. لەم بارودۆخەدا هەم کۆمەڵگای کوردستان و هەم کۆمەڵگای جیهانی تووشی زەرەر و زیانی قەرەبوونەکراو دەکەن. کورتەیەک لە سەرجەمی خەسارەت و زیانەکانی ئیستای گۆمی زریوار، کە لە سەر

*ڕووباری قزڵچەسو لە نزیکی گوندی دەرەوەران کە هێنراوەتە نێو گۆمەکە، ئاوی زرێواری زیادکردووە و لە هەمانکاتدا بەندئاوێکیان لێی دروست کردووە، بەڵام خەسارەت و زەرەر و زیانی بیولۆژی، ئیکۆسیستمی، مۆرفۆلۆژی، ئیکۆلۆژی و ژینگەیی لە ئاستێکی سەر سوڕهێنەر و سامناک پێکهێناوە.*

*ئەم گۆمە هارمۆنی ژیانی دانیشتوانی مەریوان و گوندەکانی دەوروبەری دابین و دەستەبەر کردووە و سەفەر و سیاحەت و حەسانەوە لەم ژینگە دڵڕفێن و جوانە، وەک کولتور جێی تایبەتی خۆی هەبوو . هێواش هێواش ئاسۆی ئەم ڕەوتە بەرەو لێڵی و تاریکی دەچێت و دانیشتوانی دەڤەرەکەی نیگەران کردووە.*

دەڤەری مەریوان، کوردستان و ئێران کارتێکەری داناوە بریتین لە:

١- قەبارەی ماسی ڕووی لە کزی و کەمی داوە، ڕاوی بێڕەحمانە، هێنانی مراوی ماسی، ڕژاندنی فازڵاو و ئاوەڕۆکانی شار و گوندەکان، سیستمی ژینگەیی زرێواری تێکداوە. هەر بۆیە ماسیگرەکانی تووشی بێکاری کردووە.

٢-گەشتیاری و توریزمی بەشێوەیەک بەرتەسک کردوەتەوە، کە ساڵانی پێشو بە هەزاران کەس بۆ حەسانەوە و دیداری سروشت و گەشتی سەر دەریاچە بەرەو مەریوان سەفەریان دەکرد. بۆ شارۆمەندانی مەریوان داهاتێکی بەرچاو بوو. ئێستا ڕێژەی گەشتیار و توریست کەم بوەتەوە .

٣- هەموو ئەو کەسانەی کە ژیانیان بە شێوەیەک بە گۆمی زرێوارەوە گرێدراو و پەیوەندی هەیە، وەکوو گەمیەوانەکان، ڕەستوران و فرۆشیارانی خواردەمەنی لە قەراخ گۆمەکە، خزمەتەکانی مەلەوانی، کرێکارانی بڕینی قامێشەڵانەکان، ماسیگرەکان، هوتێلەکانی بەرزایی سەر زرێوار، ڕاوی بێ ئیجازەی باڵندەکان و ... لە ئاستی جاران هەر نەماوە و ئیشەکان زۆر کەم بوەتەوە.

٤- ئابوری و بەرهەم و داهاتی شارۆمەندان، هاتوەتە خوارەوە و لەگەڵ ڕەوتی وێرانبوونی زرێوار، سەرچاوە ئابوریەکان وشکاییان دێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا سفرەی خاڵی میوانی ماڵەکان دەبێت.

٥- ئەم گۆمە هارمۆنی ژیانی دانیشتوانی مەریوان و گوندەکانی دەوروبەری دابین و دەستەبەر کردووە. سەفەر و سیاحەت و حەسانەوە لەم ژینگە دڵڕفێن و جوانە، وەک کولتور جێ تایبەتی خۆی هەبوو، هێواش هێواش ئاسۆی ئەم ڕەوتە بەرەو لێڵی و تاریکی دەچێت و، دانیشتوانی دەڤەرەکەی نیگەران کردووە. ئەگەر پرۆسەی فەوتانی زرێوار بەشێوەی جیددی لە لایەن دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت شارۆمەندانی هەورامان و مەریوانەوە بەرەنگاری نەکرێت، بواری پڕ لە ژان و ئازار و کارەساتەکانی گۆمی زرێوار ویجدانی مرۆڤایەتی ئازار دەدات.

**بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی**

بۆ زانیاری: زرێوار و زرێبار دوو وشەی هاومانا و سینۆنمی یەکترن .

**سەرچاوەکان:**

١-گۆمی زرێوار مرواری ڕۆژهەڵات، تایبەتمەندیەکان، کێشەکان و ڕێگاچارەکان! کۆکردنە و ئامادەکردنی وتارەکان دوکتور باقر فەرەنگیس، تەرجومە ڕەشاد مستەفا سوڵتانی.

چاپی یەکەم سوید ٢٠٢١ زاینی، ناوەندی چاپ و بڵاو کردنەوەی ٤٩ کتێب.

The lake zirewar, by Dr, Baker Farangis

Translation by, Reshad Mustafa – Soltani

٢-گۆمی ورمێ: دەسەڵات یا ئیش و ژانی ڕۆژهەڵات! کۆکردنەوە و ئامادەکردنی (د. ب ف)، وەرگێڕان بە کوردی (ر م س).

چاپی یەکەم، سوید ٢٠٢١ زاینی، ناوەندی چاپ و بڵاو کردنەوەی ٤٩ کتێب .

www.49plusbooks.com



# ئەنارشیزم

# و

# ئازادی

ئاژوان کوردستانی

ڕەنگە بوترێت هیچ قوتابخانەیەک جگە لە لیبرالیزم وەک ئەنارشیزم لە ئێران و دواتر لە کوردستان بە هەڵە لێکدانەوە و بوختان و سووکایەتی پێ نەکراوە.

حکوومەت و پەرلەمانەکان بە هەمان شێوە بە ئاژاوەی تەواوی دەزانن و هەندێک لە زانایان و بیرمەندان لەگەڵیان هاوئاهەنگ ئەو دەستەواژە بەکار دەبەن. لە مارکسیزمی کلاسیکیشدا ئەم چەمکە وەک خۆی دەریدەخات، لە کاتێکدا ئەنارشیزم لە بنچینەدا حاشاکردن لە هەر "دەسەڵاتێک"ـە و لەو کاتەوەی کە زۆرێک لە نووسەران ئاشنا و نا ئاشنا بە سیاسەت، دژایەتی دەسەڵات دەکەن، لە لایەن مارکسیستەکانەوە بە هەرج و مەرج خواز دادەنرێن، وەک چەند ساڵێک پێش ئێستا لە ئێران نامیلکەیەک بۆ ناسینی "هێنریک ئیبسینی" هونەرمەند بڵاوکرایەوە بە نێوی "ئیبسنی ئاژاوە گێڕ!".

لە کاتێکدا ئەم هونەرمەندە تەنیا دژایەتی دەسەڵاتی دەوڵەتی کردووە. بەشێک لە بارگرانی ئەم گوناهە لەسەر شانی ئەنارشیستەکان خۆیانە، چونکە لە کارەکەیاندا هیچ لە جیاوازییەکی گەورە تێناگەن: لە لایەک خوازیارن "نەزمێکی نوێ بە ئەقڵانییەتێک لەسەر بنەمای ئازادی و هاوسۆزی" دروست بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە "گەورەترین یادمانی بێنەزمی و ناسازمانین، لە بەرزترین ئاستدا، وێڕای ئەو بازدانە شۆڕشگێڕییە زەبەلاحە."

بێگومان ئەمە بۆچوونی ئەوانەی وەک "پرودۆن و باکۆنین"ە کە مامەڵەیان لەگەڵ پرۆژە فەلسەفییەکانی کارەکانیدا



کردووە، ئەگینا زۆرێک لە شاعیران تەنیا دژی هەر جۆرە دەسەڵاتێکن و بەس. بۆ وێنە "تۆلستۆی" وەک ئانارشیست پێناسە دەکرێت لە حاڵێکدا دژی هەر چەشنە شۆڕش و ئاژاوەیەکە.

ئەنارشیزم یان ئانارکیزم تیۆرییەکی ڕامیارییە بە ئامانجی: پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئانارکی "بێ خاوەن و بێ سەروەر" بە واتایەکی تر، ئانارکیزم تیۆریایەکی ڕامیارییە، کە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا کەسەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و یەکسان هاوکاری یەکتر دەکەن. بەپێی ئەمە ئانارکیزم دژ بە هەموو جۆرە سیستەمێکی قوچکەیی کۆنترۆڵە، چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، چ لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە وەک شتێکی زیانبەخش بۆ کەسەکان و تاکایەتییان، هەروەها ناپێویستیشە. "سووزان براون" کە کەسێکی ئانارکیستە، دەڵێ:

لە کاتێکدا دەرکی خەڵکی لە ئانارکیزم توندوتیژییە (بزاڤی دژەدەوڵەت) ئانارکیزم ڕێبازێکە، نە یارییەکی سادە لەگەڵ دەوڵەت. ئانارکیستەکان دژی ئەو شێوازە بیرکردنەوەن، کە دەسەڵات و سەروەری بۆ کۆمەڵگە بە پێویستییەکی ناچاری دەزانن و لە بەرامبەر ئەمەدا پشتیوانی لە گەلکاری و هەرەوەزی، شێوە ناپایەبەندی قوچکەیی کۆمەڵگە و ڕێکخراوەی ڕامیاریی و ئابووریی دەکەن.

هەرچەندە هەمیشە لە نێوان گشت تیئۆریە ڕامیارییەکاندا، "ئانارکیزم" و "ئانارکی" خراپتر لە هەمووان وێنا کراون. بەگشتی، ئەم وشانە وەک "ئاژاوە" یا "بێسەرەوبەرەیی" بەکار دەبرێن و سەرەنجام ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بەو وێناندنانەوە دەکەنە بەڵگەی ئاژاوەخوازی ئانارکیستەکان، و حەزی ئەوان بە "گەڕانەوە بۆ یاساکانی جەنگەڵ".

ڕەوتی ئەم خراپ وێناندنە، پێشینەیەکی مێژوویی هەیە. بۆ نموونە لە وڵاتانێکدا کە کۆمەڵگا لەژێر دەسەڵاتی تاکەکەس دایە، وشەی وەک "کۆمار" و "دیموکراسی" ڕێک بە واتای "ئانارکی"، بۆ دەربڕینی بێنەزمی و تێکدان بەکار دەبرێن. هەر بۆیە ئەوانەی کە لە بوونی بارودۆخی هەنووکەیی سوودمەندن، هەوڵ دەدەن تاوەکو ئەو بیرکردنەوەیە دەربېڕن، کە لە سایەیدا نەیاریی لەتەک سیستمی هەنووکەیی بێکەڵک بێت و کۆمەڵی تازە دەکێشرێتە پای بێسەرەوبەرەیی. یان ئاوا کە "ئێریکۆ مالاتێستا" دەری دەبڕێت:

لەوەتەی وا بیر دەکرێتەوە، کە دەسەڵات پێویستە و بەبێ دەسەڵاتداری بۆی هەیە شێوان و پەرێشانی بەرپا ببێت، ئیتر زۆر سروشتی و لۆژیکییە کە ئانارکی (کە بە واتای نەبوونی دەسەڵاتدارییە)، بە واتای نەمانی نەزم و هێمنی، لێک بدرێتەوە.

ئانارکسیتەکان دەیانەوێت ئەم "دەرکە ناڕۆشنە گشتگیرە" بۆ ئانارکی بگۆڕن، تاوەکو خەڵکی زیان و نەهامەتییەکانی دەسەڵات و هەر جۆرە پەیوەندییەکی پایەبەندیی قوچکەییانەیان بۆ دەربکەوێت:

گۆڕینی بۆچوونەکان و خەڵکی هێنانە سەر ئەو بڕوایەی کە بوونی دەسەڵاتدار نەک تەنیا پێویست نییە، بەڵکو زۆر زیانبەخشیشە. ئەو کات وشەی ئانارکی کە بە واتای نەمانی دەسەڵاتدارییە

بۆ هەمووان یەک تێگەیشتنی دەبێت: "نەزم و ڕێکخستنی سروشتی، یەکبوونی پێداویستییە مرۆڤییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان و ئازادیی بێسنوور لە چوارچێوەی هاوپشتی بێسنووردا.

ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی گۆڕینی ئەو بیرکردنەوە زاڵە لەمەڕ ئانارکیزم و واتای ئانارکی. بەڵام ئەمە گشت نییە. هەروەها لە پاڵ خەبات دژی شێواندنی بەرهەمهاتوو لەلایەن ئەو "دەرکی نارۆشنی گشتیی"یەوە بەرامبەر "ئانارکی"، دەبێت لە دژی شێواندنی درێژماوەی دەستکردی دوژمنانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەمەڕ ئانارکیزم و ئانارکیستەکان هەوڵ بدرێت. بەو جۆرەی کە "بارتۆلۆمیۆ ڤانزەتی" لەبارەی ئانارکیستەکانەوە دەڵێت:

ڕادیکاڵترینی ڕادیکاڵەکان (پشیلە کێوییەکان) ترسێنەر و حەپەسێنەری ڕیاکاران و دەمارگیران، بەهرەکێشان، دەستبڕان، خۆدەرخەران و ستەمکارانن.. هتد، ئێمە زیاتر لە هەموو کەسێک کەوتووینەتە بەر ستەمکاریی و خراپ نیشان دراوین و خەڵکمان خراپ لێ تێگەیەندراوە. "ڤانزەتی" دەیزانی لەمەڕ ئەوە چی دەدوێت. ئەو و هەڤاڵە خۆشەویستەکەی "نیکۆلا ساکۆ" (Nicola Sacco) لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لەسەر تاوانێک کە ئەوان دەستیان تێدا نەبوو، زیندانی کران و لە هەمان ساڵدا لەبەر ئەوەی کە ئانارکی و خەڵکی ئەوێندەرێ نەبوون، ساڵی ١٩٢٧ بە ئەلەکتریک لە سێدارە دران.

ئەنارشیزم فەلسەفە و بزووتنەوەیەکی سیاسیە کە ڕەگی لە دژە پاوانخوازی لە دەسەڵاتدا هەیە و هەموو شێوەکانی زۆرداری و پلەبەندی ڕەت دەکاتەوە. ئەنارشیزم داوای نەمانی دەسەڵاتی سەرکردایەتی دەکات و بەڕای خۆی هەموو حکوومەتە یەکلایەنەکان نەخوازراو و ناپێویست و زیانبەخشن، ئەم بیرکردنەوەیە بەزۆریی لەپاڵ مارکسیزمی لیبەرتاریا وەک فراکسیۆنی ئازادیخوازی (سۆسیالیزمی لیبەرتاری) بزووتنەوەی سۆسیالیستی ناسراوە و پەیوەندییەکی مێژوویی بە دژە کاپیتالیزم و سۆسیالیزمەوە هەیە.



سیمبۆلی جیهانی ئەنارشیزم بریتییە لە "تێکەڵکردنی دوو وشەی O (وشەی یەکەمی Organization بە مانای ڕێکخراو) و A (وشەی یەکەمی Anarchism)."

ئەنارشیزم تاکتیکی جۆربەجۆر بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئیدەئالەکانی، کە دەکرێت بە فراوانی دابەش بکرێن بەسەر تاکتیکی شۆڕشگێڕانە و دینامیک. هاوپۆشانیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا، کە بە تەواویی وەسفکراوە. مەبەست لە

*ئایدیالیزمی ئەڵمانی کاریگەری زیاتری لەسەر ئەنارشیزم هەبووە و لەگەڵ «هێگڵدا» بە لووتکە دەگەیێت.*
*کرۆکی فکری «هێگل» ئەوەیە کە جیهانی بابەتی جگە لە دروست بوونی "ڕۆح" یان "بیرۆکە" هیچی تر نییە و عەین و زێهن کە بە جیا دیارن لە کۆتاییدا لە «ئیدە»دەگەنە یەک.*

تاکتیکی شۆڕشگێڕانە کەوتنی دەسەڵات و حکومەتە کە لە ڕابردوودا پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ گۆڕان باو بووە. تاکتیکە داینامیکەکان ئامانجیان ئەوەیە کە کۆمەڵگا بەرەو ئەنارشیزم بگوێزنەوە.

بیرکردنەوەی ئەنارکیست ڕۆڵی هەبووە لە ڕەخنەگرتن و پراکتیزەکردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. ڕەخنە لە ئەنارشیزم بە زۆری لەسەر ناتەواویی و توندوتیژی و ئایدیالیزمی دەکرێت.

ڕەگی وشەی ئەنارشیزم لە یۆنانی کۆنەوە و وشەی (anarkhia) واتە بە بێ فەرمانڕەوا کە لە پێشینەی an – (واتە نا)و وشەی (arkhos) (واتە سەرکردە یان فەرمانڕەوا) پێکهاتووە.

پاشگری —ism نوێنەرایەتی ئەو بزاڤە ئایدیۆلۆژییە دەکات کە لایەنگرانی ئەنارکییەکان بە ئاڕاستەیدا پاڵیان دەنوێنن. ئانارشیسم (anarchism)لە ساڵی ١٦٤٢–وە لە زمانی ئینگلیزییەوە بەکارهاتووە و لە ساڵی ١٥٣٩–وە ڕێنووسەکانی دیکەی (anarchisme) و (anarchy) لەم زمانەدا بوونیان هەیە. بەکارهێنانی سەرەتایی وشەکە بە ئینگلیزی هەستێکی ناتەواویی و بێنەزمی دەگەیەنێت. فراکسیۆنە جۆراوجۆرەکان لە شۆڕشی فەڕەنسادا ڕکابەرەکانیان وەک ئەنارکیستێک ناودەبرد، هەرچەندە هەندێک لەو تۆمەتبارانە دوای بۆچوونی هاوشێوە بوون بۆ ئەنارشیستەکانی دواتر. سەرەڕای ئەوەش هەندێک ئەنارکیست، سۆسیالیزمی لیبەرتاری بەکاردێنن بۆ خۆلادان لە بیرە سلبییەکانی ئەنارشیزم و جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ سۆسیالیزمدا. "ماتیو ئێس ئادەمس" و "کارل لیڤی" دەنوسن کە چەمکی ئەنارشیزم بۆ وەسفکردنی باڵی دژەچەوسانەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بەکاردێت. "نوام چامسکی"، ئەنارشیزم لەپاڵ مارکسیزمی لیبەرتاریا بە "ئازادیخوازترین فراکسیۆنی سۆسیالیزم" وەسف دەکات. "دانیال گرین" دەنوسێت:

ئەنارشیزم بە ڕاستی هاوواتای سۆسیالیزمە. ئەنارکیست بە شێوەیەکی سەرەکی سۆسیالیستێکە کە ئامانجەکەی هەڵوەشاندنەوەی چەوسانەوەی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەکانی ترەوە. ئەنارشیزم تەنیا یەکێکە لە تەوژمەکانی بیری سۆسیالیستی کە پێکهاتە سەرەکیەکانی خەمی ئازادی و تەوژم بۆ ڕووخاندنی دەوڵەت دەگرێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەنارکیستەکان لە گۆڕەپانی ئازادیدا ئێفرات دەکەن و "پرۆدن و باکونین" جگە لە تواناکانیان لە شۆڕشدا هیچ سنوورێک ناناسن و هەر جۆرە دەوڵەتێک بە خراپەی ڕەها دەزانن کە تیئۆرییەکی توندڕەوانەیە.

هەندێک لە ڕەخنەگران ئەنارشیزمیان وەک ئەوە پێناسە کردووە: سیستمێکی هزری کۆمەڵایەتی کە مەبەستیەتی گۆڕانکاری بنەڕەتی و بونیادی لە کۆمەڵگەدا دروست بکات و بە تایبەتیش گۆڕینی حوکمی دەسەڵات.

ئەمەش ئەو توخمە هاوبەشەیە کە هەموو شێوەکانی ئەنارشیزم بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

کێشەکە لەوەدایە کە هەندێکیان ئەم "وەرچەرخانە بنەڕەتییە" بە تەنیا کارێکی شۆڕشگێڕانەی وێرانکەر دەزانن و لە سەرووی هەمووشیانەوە وێرانکاریی بە "دروستکەر" دەزانن و پێیانوایە دروستکردنی هەر سیستمێکی "هاوکاریی" تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی ئۆبجێکتەکانیش کە بە دەوڵەت پێناسە دەکرێت.

بەتایبەتی ئەگەر سەیر بکەین کە لەداهاتوویەکی زۆر دووردا سوپاو پۆلیس و داد بەهۆی موعجیزەی ڕۆشنبیرییەوە هەڵوەشاوە هەژمار بکرێن، هێشتا دەزگاکانی پێویست بە کاری ڕۆشنبیری و تەندروستی لازم دەبن.

بەڕای دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە دوو غەریزەی ناکۆک لە مرۆڤدا هەیە: غەریزەی "حب ذات" کە کارەکە بەرەو قازانج کردن دەکێشێت و غەریزەی کۆمەڵایەتی کە پێویستی بە نادۆستی هەیە. بەڵام قازانجخوازیی زاڵ بووە بەسەر نەوع دۆستی. بە وتەی "هابز" مرۆڤ بووەتە گورگی مرۆڤ. لە ئاکامدا مرۆڤ بۆ بەرەنگاریی لە گەڵ ئەم کێشەیە دەستی داوەتە درووست کردنی دەوڵەت. بۆیە ئەرکی دەوڵەتیش پاراستن و پاراستنی ئازادیی تاکەکانە.

**بنەماکان:**

ئەم فەلسەفەیە بنەماکانی دەوڵەت بە دروستی ناناسێتەوە، ئەگەر بەربەستێک لە ڕێگای نەبێت، ئازادییە تاکەکان لەناودەبات نەک پارێزگارییان لێ بکات.

بۆیە ئەنارشیزم دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەی خۆی و دوژمنایەتی ڕەهای خۆی بۆ دەوڵەت ڕادەگەیەنێت.

بەڵام ئایدیالیزمی ئەڵمانی کاریگەری زیاتری لەسەر ئەنارشیزم هەبووە و لەگەڵ "هێگڵدا" بە لووتکە دەگەیێت. کرۆکی فکری "هێگل" ئەوەیە کە جیهانی بابەتی جگە لە دروست بوونی "ڕۆح" یان "بیرۆکە" هیچی تر نییە و عەین و زێهن کە بە جیا دیارن لە کۆتاییدا لە "ئیدە" دەگەنە یەک.

هێگل خۆی هاوسەنگی دروست دەکات لە نێوان ئەم تێپەڕاندنە و "ئەو شتەی کە هەیە"، بەڵام دوای مردنی، ناکۆکییەک لە نێوان لایەنگرانی "بوونی ئۆبجێکتێک لە خۆیدا" و "بەرزبوونەوە لە ئۆبجێکتی خۆی" دەستپێدەکات، کە بە قازانجی فراکسیۆنی یەکەم کۆتایی دێت، ئەم بیرۆکەی ڕەهایە، لەگەڵ "فۆیرباخ"، دەبێتە موتڵەقی بوونی مرۆڤ، بەڵام لە فەلسەفەی "مارکسدا" دەبێتە موتڵەقی پرۆلێتاریا.

کام لەم جەمسەرانە ڕێگایەکی

ڕاست دەڕوات؟ ئەو هێڵەی کە دەچێتە پاڵ "هێگڵەوە" بۆ "فۆیرباخ" و پاشان "باکۆنین". تەنانەت پێدەچێت لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ سیستەمەکە سەروەریی ئانارشیسم لەبەرچاو بگیرێت"، لە کۆتاییدا هەردوو قۆتابخانەی مارکسیزم و ئەنارشیزم لە ژێر کاریگەری مەسیحییەتدا دەردەکەون و لە ڕەوتی مێژوودا هەریەکە بە لایەک دەڕۆن. یەکێ لە ڕێبەرە مەزنەکانی ئازادیخوازی و ئەنارشیزم باکۆنینە کە تا ئێستاش بیرۆکەکانی جێی سەرنجن و لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێت.

## میشایل باکۆنین (١٨٧٦-١٨١٤)

"میشایل باکۆنین" ڕووسییە و بە سروشتیش هەندێک تایبەتمەندی ئەم گەلەی هەیە: ڕەنگێک لە توندوتیژی کە گەشە دەکات و بڵاو دەبێتەوە، لە چینی ئەشرافەکان و ئەفسەری ئەرتش، یاخی و پیلانگێڕە و زۆر بە سەرسوڕهێنەرانە ستایشی وێرانکاری دەکات، بۆیە "وودکۆک" بەشێکی لە کتێبەکەی بەو ئێختێساس داوە لە ژێر ناوی "شوور و سۆزی وێرانگەری". ئەو شارەزایە قەڵەمێکی نییەوە هیچ کتێبێکی لە دوای خۆی نەهێشتووەتەوە و تەنیا توانیویەتی وتار بنووسێت. بەڵام هەتا بتەوێت قسە خۆش و حەڕاف بووە و شەوانە تا بەیانی قسەی کردووە. زۆرتر پیاوی کردەوەیە تا بیرۆکە. بۆیە دەکێشرێت بۆ "نێودەوڵەتی یەکەمین" کە تێیدا بە سەختی لەگەڵ مارکسدا تێوەگلاوە و بە هەوڵەکانی بانی کۆمۆنیزم و درووست کردنی مەلەف بۆ ئەو (بە پێی وتەی وودکاک) دەر دەکرێت ئەو لێکچوونانەی کە ئەم دوو کەسەی هێنا بۆ ناو ئەنجومەنەکە بەم شێوەیەیە:

هەردووکیان زۆر لە سەرچاوەی توند و یاخیبوونی فەلسەفەی "هێگڵیان" خواردبووەوە و ئەمە تا کۆتایی ژیانیان لەگەڵیان بوو. هەردووکیان بە شێوەیەکی سروشتی تاکڕەوی بوون و لایەنگری شۆڕش. سەرەڕای هەڵەکانیان هەردووکیان بە پاکی گیان لە سەر دەستان بوون بۆ ئازادکردنی چەوساوەکان و هەژاران.

بەڵام جیاوازییەکانیان گەورەتر بوو، یەکەم جیاوازییەکە ئەوەبوو: "باکۆنین" زۆر دووربین بوو و عەقڵێکی کراوەی هەبوو و مارکسیش پیاوێک بوو کینەیی و زۆر لە سەر قسەی خۆی دەڕۆیشت. باکۆنین تێکەڵێک بوو لە پیاوێکی ئەرستۆکرات و نامۆتەعارف، کە ئاسودەیی و ئاسانی ڕەفتارەکەی وای لێکرد هەموو بەربەستە چینایەتییەکان ببەزێنێت، کە مارکس بۆرژوازیەکی بێ خەملاندن بوو، ناتوانا لە دامەزراندنی پەیوەندی تایبەتی تاکەکەسی لەگەڵ نموونە ڕاستەقینەکانی پرۆلێتاریا کە هیوادار بوو ئەوان بکێشێنێتە نێو ئایینی خۆی.

بێگومان باکۆنین وەک مرۆڤێک شایانی ستایشی زیاتر بوو لە "مارکس". جوانی کەسایەتیی، هێزی بینینی فەلسەفی ئەو زۆر جار باڵادەستیی بەسەر مارکسدا دەبەخشی، بەڵام لە فێربوون و توانای ڕۆشنبیریدا مارکس بەرزتر بوو لە ئەو.

بەڵام جیاوازی بیرورا کە ڕەنگدانەوەی بنەماکانی فکری هەردوو کەسەکەیە:

"مارکس" دەسەڵاتخواز بوو و باکۆنین ئازادی خواز. "مارکس" لایەنگری ناوەندگەرایی بوو و "باکۆنین" حەزی لە سیستەمی فیدراڵی دەکرد؛ "مارکس" پشتیوانی لە کردەی سیاسی کرێکاران ئەکرد و پلانی گرتنەدەستی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەدا، بەڵام "باکۆنین" دژی کاری سیاسی بوو و هەوڵی لەناوبردنی حکومەتی دەدا. "مارکس" بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئێمە ئەمڕۆ بە نەتەوەییکردنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان ناومان ناوە و باکۆنین پشتیوانی لە سەرپەرشتیکردنی کرێکاران دەکرد لەسەر بەرهەمهێنان. "سەرپەرشتیکردنی کرێکاران لەسەر بەرهەمهێنان" پێشنیارێکە کە ئەمڕۆ وەک "چاودێری کۆمەڵگای دیمۆکرات بۆ بەرهەمهێنان" سەرلەنوێ ژیاوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هزر و ئەندێشەی باکۆنیندا ناکۆکی بەرچاو هەیە، واتە لە هزری ئەم "یاخیبووە شۆڕشگێڕ"ە سەرسوڕهێنەر و سەرکەشەدا، پڕشورترین ستایشی ئازادی بەدی دەکرێت، کە دەکرێ بەشێ لە وتە بە نرخەکانی لێرە دا بهێنین:

لە ستایشی شۆڕشدا، تێکۆشانی مرۆڤ بەم شێوەیەیە: بێ پایان و لێنەبڕاو و لە هەموو ڕوویەکەوە کامڵ بۆ تێرکردنی خاتری مەغروورترین ڕۆح و دڵەکان.

لە گەڕان بۆ مەحاڵە کە مرۆڤ هەمیشە بە مومکین گەیشتووە. ئەوانەی ژیرانە کارەکانیان سنووردار کردووە بۆ ئەوەی کە مومکینە هەرگیز یەک هەنگاویان نەناوە بۆ پێشەوە.

هەموو دامەزراوە نادادپەروەرەکان لەناوبەرن. دابینکردنی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان فەراهەم بکەن. تەنیا لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئازادی، ئەخلاق و مرۆڤایەتی پشت بەستوو بە هاوپشتی سەر بەرز دەکاتەوە

ڕەوشتی ئەخلاقی کۆن مردووە و زیندوو نابێتەوە. زەرورەتی دروستکردنی ڕەوشتێکی نوێی ئەخلاق هەستی پێدەکرێت، بەڵام هێنانەدیی لە هەموو ڕوویەکەوە پەیوەستە بە ڕوودانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە.

کاری داڕشتنی پرەنسیپە تیۆرییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانیتر بەجێبهێڵین و خۆمان بە شێوەیەکی فراوان لە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە و هەروەها لە یەکخستنیان بۆ نێو واقیعەکان ساز بدەین.

ئەمڕۆ نابینایان هەر چی بڵێن، دەبێ بوترێت، ئێمە لە خاڵی کۆتایی شۆڕشدایین.

دەبێت بەسەر شەپۆلەکانی زەریای شۆڕشدا سوار بین.

شۆڕشی فەڕەنسا داوای شتێکی زۆر گەورە بەڵام مەحاڵی کرد: دامەزراندنی یەکسانی لە ڕژێمێکدا کە نایەکسانی دروست دەکات. شۆڕشی فەرەنسا ئامرازەکانی بەدەستهێنانی سێ دروشمەکەی خۆی [ئازادی، یەکسانی، برایەتی]، لە بیر برد.

ئاگادار بن! کاتێک شۆڕش بە ئامانجی ئازادکردنی مرۆڤ دەسپێبکات، حەتمەن ئەبێت ڕێز لەژیان و ئازادییەکانی مرۆڤ بگیردرێت.

زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک خۆیان ڕەتدەکەنەوە و دیلی هەڵەتێگەیشتنی بەردەوامن و عادەتەن، تێبینی ئەوە

ناکەن مەگەر ڕووداوێکی نائاسایی لەخەونەکانیان وەخەبەریان بێنێ و ناچاریان بکات گۆشە چاوێک لە خۆیان و دەورو بەریان ببڕن.

تەنانەت شۆڕش چوونکە ئەیەوێت بەردەوام بێت، خیانەت لە خەڵک دەکات. ئاگادار بن.

**لە ستایشی ئازادیدا:**

یەکسانی بەدەست ناهێنرێت جگە لە گەڵ ئازادی و لە دەستی ئازادیدا... یەکسانی بەبێ ئازادی واتە ستەمکاریی دەوڵەت و دەوڵەتی دیسپۆت تەنانەت یەک ڕۆژ بەبێ یەک چینی چەوسێنەر و دەوامی نابێت. مەزنی هەموومان "پرودۆن" دەڵێت: کە کارەساتبارترین تێکەڵەی مومکین پەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و حوکمی ڕەهایە. ئەگەر خواستە جەماوەرییەکان بۆ ڕزگاری ئابووری و خۆشگوزەرانی مادی لەگەڵ حوکمی دەسەڵاتخواز و بە تەرکیزی هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە دەست دەوڵەت، هەموویان لە یەک شوێن کۆ بکەیتەوە کارەساتێکی دەگمەن ڕوودەدات.

هیواخوازم ئایندەمان لە فەزڵی ستەمکاری بپارێزێت و بە ئومێدی ئەوەی کە لە ئاکامە کارەساتبار و شۆکەکانی سۆسیالیزمی دەسەڵاتخواز و خاوەنی مەزهەبی "دۆکترین"، و هەروەها لە خراپە و شەڕی دەوڵەت ڕزگارمان بکات.

یاسای ئازادی تەنیا بە ئازادی دەنووسرێت. ئازادی ناتوانێت و نابێت بەرگری لەخۆی بکات، جگە بە دەستی ئازادی و بەچەکی ئازادی. زیانگەیاندن بە ئازادی مەترسیدار و تێکدەرە وە بەو پێیەی ئەخلاق و سەرچاوەکانیتر و هاندەرەکانیتر و مەبەستەکانیتر جگە لە ئازادی هیچی تریان نییە، هەر سنورداركردنێک کە ئامانج لێی پشتگیری ئەخلاق بێت هەمیشە و هەمیشە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەخلاق.

هەندێ لە مارکسیستەکان بە باوەڕێکی خورافی دەوڵەتەوە، لە ڕاستیدا دەڵێن بۆ ئەوەی جەماوەر ئازاد بکرێن، دەبێت سەرەتا زنجیر بکرێنەوە ....بەڵام هەر ستەمکاریەک بۆ جەماوەر هیچی تر ناهێنێت جگە لە کۆیلایەتی و کۆت و زنجیر. تەنیا ئازادی خولقێنەری ئازادیە و بەس.

**کۆی ئازادی و یەکسانی**

من لایەنگر و باوەڕمەندم بە دادپەروەریی ئابووری و کۆمەلایەتی، چونکە دەزانم لەدەرەوەی ئەم یەکسانییە دیارییەکانی وەک ئازادی و دادپەروەری و لێهاتوویی مرۆڤ و ڕەوشت و بەختەوەری تاکەکان و پێشکەوتنی نەتەوەکان هەرگیز جگە لەدرۆ هیچی تر نابێت، بەڵام من بەو ڕادە لایەنگری ئازادیم، کە ئەمە یەکەم مەرجی مرۆڤایەتییە، لەو باوەڕەدام کە یەکسانی لە جیهاندا دەبێت لە لایەن ڕێکخراوە خۆڕسکەکانی کرێکاران و خاوەندارێتی دەستەجەمعی گروپە بەرهەمهێنەرە ئازادەکانەوە دەستەبەر بکرێت، نەک بە کردەوەی حکومەت.

ئەمە ئەو شتەیە کە سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان لە کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەکان جیا دەکاتەوە و پشتیوانی لە کردەوە ڕەهاکانی دەوڵەت دەکات. ئیتر ئەوە

که سۆسیالیزم لەگەڵ توندوتیژیدا نییە، و هەزار جار مرۆڤانەتر لە میتۆدی ژاکۆبینەکانە بۆ شۆڕشی سیاسی.

مانگی فێبریوەری ٢٠٢٢

**سەرچاوەکان:**


١. (P. 14 DANIEL GUERIN L;AN-. 1965 ,ARCHISME,IDE;ES,PARIS)

٢. جرج وودکاک (VOODCOCK) آنارشیسم، ترجمه هرمز عبداللهی، انتشارات معین، تهران، سال ١٣٦٨، ص ١٣

٣. دایرەالمعارف لاروس

(PARIS,1965,P.32. BAKOUNINE,CHOIX ,DE TEXTES,ED.J.J.PAUVERT)


ئەرکی بەسەرداچوونەوە و هەڵەچنی کەوتۆتە سەر شانی بەڕێز محەمەد فەرهادزادە.

## گفتوگۆ

# ئیکۆسۆسیالیزمی دیموکراسی



## گفتوگۆیەک لە گەڵ دوکتۆر مەنسور سوهرابی
## بەشی ١

ئامادەکار: د. هیوا عەلیدوست

دیدار و گفتوگۆیەک لە تەک بەڕێز دوکتۆر مەنسور سوهرابی سەبارەت بە «ئێکۆسۆسیالیزمی دیموکڕاسی». ئەم گفتوگۆیە لە سەرەتای مانگی دووی ساڵی ٢٠٢٢- دا لە لایەن دوکتۆر هیوا عەلیدووستەوە سازدراوە. ئەو گفتوگۆ پێکهاتووە لە چەند بەش، بەشی دووەم لە ژمارەی سێی گۆڤاری هێمادا بڵاو دەبێتەوە.

**هێما**: دوکتۆر مەنسووری بەڕێز، من کاتێک سەرنجی کۆمەڵێک لە نووسراوەکانی جەنابتم دا، بە خێرایی پرسیارێکی جیددیم لا درووست بوو، ئەویش ئەو پرسیارەیە: ئەمڕۆ لە دونیای فەلسەفەی سیاسییدا، یاخۆ دونیای فیکر و ئەندێشەدا، ئاماژە بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەدرێ، ئەویش ئەوەیە کە لەو بازنەدا کەلێنێکی بەرچاو درووست بووە، کەلێنی دەرفەتێک کە دەبێ و دەبوا پۆتەنسیالی باش بۆ ڕەخنەگرتن لە جیهانی بێڕەحمی سەرمایەداری بخولْقێنێ. بەواتایەکی دیکە دونیای فیکریی ئەمڕۆ هەژار ماوەتەوە، خاوەن ڕوئیایەکی قورس و کەرەسەداری گونجاو نییە، کە خولیا و ئارەزو و خۆزگەکانمان بۆ داهاتوویەکی باشتر، جوانتر و دادپەروەرانەتر بگوێزێتەوە، مەگەر دەبێ ئەو هیوای دەربازبوونە لە نیزامی سەرمایەداری بە خاک بسپێرین؟ زۆر جار لەو بەستێنەدا پرسی ژینگە دێتە ئاراوە، واتە ئاشتبوونەوەی مرۆڤ لە تەک سروشتدا، گەڕانەوە بۆ دۆخێکی پایەدار و بەردەوامیی لە تەک سروشتدا، کاتێک من دارشتنێکی جەنابتم خوێندەوە، بە خێرایی هاتە بەرچاوم کە ئێوە ئاماژە بە شێوەیەک لە دیموکڕاسی دەدەن، واتە دیموکڕاسی وەک نەزمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. جا لە سەرەتاوە بە شیاوی دەزانم کە ئاماژە بەو دەستەواژە بدەین و لەو دەسپێکەوە بڕۆینە نێو گفتوگۆکەمان، ئێوە بە گشتی چۆن پێناسەی ئەو ئایدیای خۆتان دەکەن؟ ئەو شێوە دیموکڕاسیە چۆن دەتوانێ لە جیهانی هاوچەرخی سەرمایەداریدا کاریگەر بێ؟

**د. مەنسوور:** ڕەنگە شیاو بێ کە من هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بە پێناسەی ئەو ئایدیا بدەم. من خۆم باوەڕم بەوە هەیە، کە دیموکراسی تەنیا دەسەڵات دابەشکردن نییە، یاخۆ تەنیا ئەوەی کە لە دەسەڵاتدا بەشدار بی. هەندێک ڕێکخراوەی سیاسی قەناعەتیان بەوە هەیە کە بەشداربوونیان لە دەسەڵاتدا خۆی سەلماندنی هەبوونی دیموکراسییە، یا خۆ کە فرەحیزبی هەبوو، ئەوە دیموکراسی هەیە. ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەکردن و تێگەیشتنی مرۆڤ لە زۆر دیاردە، دیاردەی وەک خاک و واوەتر، ئەمە دیدێکی هومانیستی بەرزە، چونکە مرۆڤ خۆی بە سەرتۆپی هەموو هەبووەکان دەبینێ. جا مرۆڤ دیموکراسیشی بە هەمان تێگەیشتن پێناسە کردووە، کۆی هەموو هەبووەکان تەنیا لە خزمەت مرۆڤدا هەن و بۆ ئەوەن کە مرۆڤ بەختەوەر بێ. واوەتر ئەم تێگەیشتنە لە هەموو جەمسەرەکاندا هاوشێوەیە، لە چەپی چەپەوە بگرە هەتا دەگاتە ڕاستی ڕاست. ڕەنگە جەمسەری چەپ هەندێ تێبینی باش و باشتری لە جەمسەرەکەی دیکە هەبێ، بەڵام بە گشتی ئەو وتە ئایینیە کە دەڵێت: بەشەر ئەشرەفی مەخلووقاتە هێشتا هەر باڵادەستە، ئەم شێوە بیرکردنەوە هەم لە دونیای سەرمایەداری، لە دونیای سوسیالیستی و هەم لە دونیای ئایینییشدا هەر جێگیرە، هەموو لاکان تەنیا لە دیدی مرۆڤەوە دەڕوانن و مرۆڤ لە خودی ئەو سیستەمەی کە تێیدایە جودا دەکەنەوە. تەنانەت سیستەمەکە دەخەنە خزمەت مرۆڤەوە، ئەمەیە کێشەی سەرەکی،

*هەر لە سەردەمی موساوە، بەشەر خۆی بە جیاواز بینیوە، ئەم کردەوە داستانی زۆری لێ کەوتۆتەوە، ئەم بیرۆکە چینایەتییە درێژەی بووە، کاتێکیش کە مرۆڤ خۆی بەگژ ئەو هزرە چینایەتییدا دەچێتەوە، واتە لە سەردەمی مانیفیستی مارکس و ئێنگڵسەوە، هێشتا ئەم هزرە هەر درێژەی هەیە و دەمێنێتەوە.*

بەشەر نەهاتووە خۆی وەک بەشێک لە سیستەمەکە ببینێ، بەڵکە خۆی بە ئاغا و بە ڕەئیس و بەوەی کە سیستەمەکە تەنیا لە خزمەتی ئەودایە پێناسە کردووە. دواتر مرۆڤ هاتووە دەستکاری ئەو سیستەمەی کردووە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستەبەر بکات، خۆی ئەمە شێوەیەک لە ئیستیعمار و دەستبەسەرداگرتنی »ئێکۆسیستەمە« لە لایەن مرۆڤەوە. ئێوە بڕوانن بۆ دیاردەیەکی تایبەت: بۆ وێنە بۆ ئیستیعمار لە نێو ئیستیعماردا، بۆ ڕاسیزم لە نێو ڕاسیزمدا، بۆ وێنە گەر بڕوانینە ژنێکی کورد کە کوردستاندا، وەک کورد دەچەوسێنرێتەوە، وەک موسڵمان بە هەمان شێوە، وەک سونیی، وەک ژن دیسانەوە گوشاری

لە سەرە، لە جیهانی ئەمڕۆدا مرۆڤیش بە گشتی تووشی هەمان دەرد بووە، خۆی بە بۆنەی پێکهاتەی نیزامی سەرمایەدارییەوە دەچەوسێتەوە، هەربۆیە بە شێوەیەک بەرەنگاری جیهانی سەرمایەداری دەبێتەوە، بەڵام خۆی خەریکە بە شێوەیەکی دیکە و لە بەستێنێکی دیکەدا هەمان کار دەکات و بە تەواویش لە دۆخ و لە کردەوەی خۆی تێنەگەیشتووە. لە ڕوانگەی منەوە مرۆڤ دەبێ بگات بەو قەناعەتە کە خۆی بەشێکە لەو سیستەمە، لەو سیستەمە بەرزتر نییە و ئەو سیستەمەش تەنیا لە خزمەت ئەودا نییە، بەڵکە مانەوەی خودی خۆی تەنیا لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا هەیە. بۆ وێنە ئەگەر بۆ ڤایرۆسێک بڕوانین، ڤایرۆس عەقڵیەتی بەم شێوەیە، واتە ڤایرۆس زۆر جار لە بەشەر باشتر فیکر دەکاتەوە، ڤایرۆس بۆ ئەوەی لە ژینگەی خۆیدا بمێنێتەوە، بۆ وێنە کرۆنا، کاتێک کە هات کێشەی زۆر ساز کرد، بەڵام ڤایرۆس زوو زوو خۆی دەگۆڕێت، ئەم خۆگۆڕانەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە بژی و بمێنێتەوە، ئەو ڤایرۆسە هەوڵ دەدات کە کاریگەریی کوشتنی خۆی کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی جێگاو ژینگەی خۆی کە لەشی مرۆڤە، لە ناوی نەبات و نەیکوژێ. با ئێمە بڕوانینە ئەو ئۆمیکرۆنەی ئێستا، کاریگەری کوشتن و لە ناوبردنی تەواو کەم بووەتەوە، ئێستا بووەتە هاوشێوەی ڤایرۆسێکی هەڵامەت، بەڵام بەشەر هێشتا بەو ئاستە نەگەیشتووە، ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی، بەرەو کاولبوون و نابوودکردن دەبا، هەتا خۆیشی تێدا لەناو ببات، ئەم شێوە بیرکردنەوە هیچ نەبێت پێنج هەزار ساڵە درێژەی هەیە و لە تەک مرۆڤدا هاتووە. هەر لە ئایینەوە بڕوانە، چونکە مرۆڤ توانیویەتی ئاخافتنی هەبێ، چونکە توانیویەتی فیکر بکاتەوە، کارێکی کردووە خۆی بە باشتر و بەرزتر لە هەموو بوونەوەرەکان بزانێ، هەموو ئایینە ئیبراهیمیەکان. هەر لە سەردەمی موساوە، بەشەر خۆی بە جیاواز بینیوە، ئەم کردەوە داستانی زۆری لێ کەوتۆتەوە، ئەم بیرۆکە چینایەتییە درێژەی بووە، کاتێکیش کە مرۆڤ خۆی بەگژ ئەو هزرە چینایەتییدا دەچێتەوە، واتە لە سەردەمی مانیفیستی "مارکس" و "ئێنگڵس"ەوە، هێشتا ئەم هزرە هەر درێژەی هەیە و دەمێنێتەوە. هیچ سات بەشەر خۆی لە تەک سروشت و ژینگەدا بە ئاوێتەیی پێناسە نەکردووە، بەڵکە بەردەوام بەشەر لە گەڵ بەشەردا.

**هیما:** من لەو بەستێنەدا بیرمەند و فەیلسووفی ئاڵمانی "فریدریش ڤیلهێلم یۆسف شێلینگ"–م دێتە زەین کە ڕەنگە وەک زۆر کەم لە فەیلسووفەکان ئاماژەی بە ئاواها پێناسەیەک دابێ و بەردەوام لە هەوڵدا بووبێ، مرۆڤ و سروشت پێکەوە ببینێ و پێکەوە پێناسە بکات. هەربۆیە زۆر جار ئاماژەی بەوە داوە کە مرۆڤ دەبێ بۆ شێوە ژیانێکی دیکە بڕوانێت، بەڵام ئەمڕۆ نیزامی سەرمایەداری ئەو گەشە نەرێنییەی بە ئەوجی خۆی گەیاندووە و کاردانەوەکەی بووتە خاپووربوونی سروشت، هەربۆیە ڕەنگە ئەو پرسەی ئێوە ئەمڕۆ زۆر گرینگتر و زەروورتر لە جاران و لە مێژووی چەند سەد ساڵی ڕابردوو بێ.

**د. مەنسوور:** دروستە، مرۆڤ چونکە

خۆی لەو سیستەمەدا نەدۆزیوەتەوە، کێشەی خولقاندووە. بۆ وێنە تیئۆری "گایا" دەڵێ: ئێمە دەبێ کورەی زەوی وەک بوونەوەرێک چاو لێبکەین، جا ئێمەش بەشێکین لەو جەستە، ئێستا مرۆڤ لە ناخ و لە زۆر شوێنی جەستەیدا چەندان باکتریای جیاوازی تێدایە کە هەموو ئەوانە دەبنە هۆی زیندوومانەوەی مرۆڤ. مرۆڤ بۆ هەبوونی خۆی کۆمەڵێک هەبووی دیکەی پێویستە، واتە هەبووەکانی دیکە کردوویانە بە مرۆڤ، بەڵام ئێمە بە مرۆڤ دەڵێین مرۆڤ و تەواو، جا تیئۆری گایاش ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێ گەر زەوی ئۆرگانیزمێک (بوونەوەرێک) بێت، ئەوە ئێمەی مرۆڤ تەنیا یەک لەو باکتێریانەین لە نێو ئە ئۆرگانیزمە مەزنەدا. یانی بوونی ئێمەش یارمەتی هەبوونی سروشت دەدات، چونکە ئەگەر مرۆڤ نەبێ، ئەوە سروشت دەگۆڕێ، بەڵام مرۆڤ پێویستە هەبوونی خۆی تەنیا بەو گوێرەیە پێناسە بکات، دواتر ئەمە خۆی دەچێتە حەوزەی ڕەوشت و ئەخلاقەوە، ئەخلاقی ژینگەیی، من لێرەدا ناچمە نێو ئەو باسەوە تا لە باسە سەرەکیەکە لانەدەم، بەڵام ئەو دیموکڕاسییەی کە باسمان لێکرد، بەو شێوە پێناسەکراوە کە مرۆڤ خۆی بە بەرزتر لە هەموو شت دەزانێ. بەشداری لە دەسەڵاتدا، ئازادی بیروڕا گۆڕینەوە، مافی مرۆڤ، هەمووی مرۆڤ مرۆڤ و مرۆڤ، بەڵام نەهاتووین تاریفێکی ئەوە بکەین کە ئێمە لە شوێنێکدا دەژین، کە مانەوەی درێژماوەی دەبێتە هۆی مانەوەی ئێمەش، خۆ کاتێک کە ئەو سروشتە نەما، ئێمەی سروشتیش نامێنین. چۆن دەبێ کە دیموکڕاسیەکەش ئاوێتە بەو سروشتە پێناسە بکەین، ئەمەیە کە زۆر جار بە دیموکڕاسی سەوز لە قەڵەم دەدرێ، دیموکڕاسی ژینگەیی، دیموکڕاسیەک کە مافی هەموو هەبووەکان دەستەبەر بکات.

**هێما:** زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە ئەگەر ئێمە دیموکڕاسی بە کۆمەڵگە و مرۆڤەوە گرێ بدەین، ئەوە دیموکڕاسی پرۆسەیەکی ڕانەوەستاوە، پڕۆسەیەک کە دەبێ دەرفەتی ئەوە لە خۆدا هەڵبگرێت، بەردەوام مۆڵەت بدات تا کەم و کورییەکانی کەمڕەنگ بکەینەوە، ئەم کردەوە پێویستیی بە پەروەردەی تایبەت هەیە. کە وابوو ئەو خۆ دۆزینەوەی کە ئێوە ئاماژەتان پێدا، ئەو شێوە لە پێناسەی گۆی زەوی، ئەو گشتیی سەیرکردنە، مەگەر ئەو هەموو داواکاریە پێشنیاریانە پێویستی بە پەروەردەیەکی تایبەت نییە، ڕەنگە پەروەردەیەک کە ئێمە هێشتا هەر دەستیشمان پێنەکردبێ؟

**د. مەنسوور:** بەڵێ، ئەم ڕوانگە دەکەوێتەوە هەمان بازنەوە کە من بە کورتی ئاماژەم پێدا و لە ژێر ناوی ڕەوشت و ئێخلاقدا باسم کرد، واتە چۆن دەکرێ ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دروست ببێ. وایە پەروەردە، پرسی ئایین، پرسی نیزامی سیاسی، بنەماڵە، هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەیە لە سەر ئەوەی کە چ مرۆڤێک دروست دەکەین، مرۆڤێک کە خاوەن ئەو شێوە فیکر و کردەوە بێت. تەنانەت خودی ئایینیش بە هەمان شێوە بووە، بۆ وێنە گوناح، چۆن بەشەر هەست بە گوناح دەکات، بۆچی دەبێ

کردەوەیەک لە کوردستان گوناح بێت، بەڵام هەمان کردەوە لە کۆمەڵگەی ئاڵماندا گوناح نەبێ. واتە هەست و تێگەیشتنەکان لە بەرابەر کردەوەکاندا لە کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگە جیاوازن. جیاوازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە و باوەڕ بوون بە ڕەوشتێک، ڕەوشتیش دەگەڕێتەوە بۆ کامڵبوون و پێگەیشتنی خودی کۆمەڵگەکان. بۆ ئەو کامڵبوونە، هەم مێژوو، هەم عەقڵییەت و خوێندن، زانست، بنەماڵە و ئایین، هەموو ئەم دیاردانە دەور دەگێڕن. کەوایە ئێمە دەبێ کۆمەڵگە بەرەو ئەو گەشە ئەرێنیە بەرین و بیروباوەڕێکی ساخی بۆ درووست بکەین، بەڵام ئەم داستانە هەندێک مەترسی لە گەڵ خۆیدا دێنێ و هەروا ساکار نییە، چونکە خودی ئەم پرسە دەچێتە خانەی ئیدئۆلۆجییەوە، ڕەنگە ئەو دۆخە ببێتە دۆخێکی ئیدئۆلۆجیی و تەنانەت موتڵەقیش. ماوەیەک لەمەوبەر فیلیمێکی فەڕەنسی بڵاو بووەوە، لەو فیلمەدا کابرایێک لە تەک ژنێکی دووگیاندا قسە دەکات، کابرا بە شێوەیەک توندڕەوە کە بە ژنە دووگیانەکە دێژێ، ئەتۆ خەریکی جەنایەتیت، دونیا بەرەو خاپووربوون دەڕوات و سروشت ئاوا و ئاوای لێدێت و بەرەو وێرانکاری دەڕوات، کابرا کارێک دەکات کە ئەو ژنە بە عینی بەو قەناعەتە بگەیێنێت کە منداڵەکەی نەوێت. جا لێرەدا زۆر زۆر زەرووڕە کە تۆ پەروەردە و ڕەوشت و کردەوەت بە شێوەیەک پیادە بکەیت کە هیچی نەچێتە خانەی توندڕەوییەوە.

**هێما**: بەڵێ، بەڵام با ئێمە هێشتا لە پاڕادایمی بیرکردنەوەی خۆماناندا



***بیرۆکەیەکی دیمۆکراسی سەوز، یا بیرۆکەی ئێکۆسۆسیالیزمی دیموکراتیک، ئەوە دەبێ ئێمە خوازیاری ئاوەها بیرۆکەیەک بین، با ئێمە ئەو ڕوانگەی خۆمان لە گەڵ سۆسیالیزمدا یا لە گەڵ لیبڕالیزمدا بەراورد بکەین، یاخۆ لە گەڵ ئاییندا، ئەوکات بیرۆکەکەی ئێمە دەتوانێ درێژخایەنی و مانەوەی بوێ.***

بمێنینەوە، چونکە ئەو بیرۆکەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەدەن، ڕەنگە بیرۆکەیەکی تا ڕادەیەک تازە بێ، واتە ئەو سیستەمە گشتگیرە کە ئاوڕ لە هەموو بوارەکانی ژیان و ژینگە دەداتەوە، واوەتر ڕەنگە هەمان بیرۆکە شێوەیەک بەدیل بێت بۆ ڕەخنەگرتن لە نیزامی زاڵی ئەمڕۆ. پێشتر دەگوترا، کە نیزامی فیکری سۆسیالیزم هیچ نەبێت دوو سەد ساڵ بەربەرەکانێی جیددی لە تەک نیزامی سەرمایەداریدا کرد، ئێستا بەو قەناعەتە گەیشتووین کە سۆسیالیزم پاش ساڵی ١٩٨٩ ئەو کاریگەری و ئەو برەوی نەماوە، هەربۆیە ئەمڕۆ زۆر ڕەخنەگرانی نیزامی سەرمایەداری هەڵوەدای بەدیلێکی گەورە و جیددین، پێتان وانییە کە ئەو بیرۆکە توانای ئاوەها کاریگەرییەکی هەبێ؟ بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەڵێک لە پاڕادایمی بیرکردنەوەمان هەڵوەشێنێت؟

**د. مەنسوور:** بەڵێ، بەڵێ، من وا بیردەکەمەوە، چونکە مێژوو هێشتا تەواو نەبووە، من وای نابینم کە بەشەرییەت بە ئاستێک گەیشتبێ کە عەقڵیەتی بە ئەوجی گەشەی خۆی گەیشتبێت. ڕەنگە بە کەڵک وەرگرتن لە زۆرینەی سیستەمە فیکرییەکان دەرفەت بۆ سازاندنی ئایدیایەکی تازەی وەک ئێکۆسۆسیالیزمی دیموکڕاسی بخولقێنین. واتە تۆ بتوانیت ئێکۆسوسیالیزمێکی دیموکڕاسی دابمەزرێنی، بەڵام نەک ئەو ئێکۆسۆسیالیزمەی کە پەکەکە خوازیاریەتی، چونکە ئەوان وشەکەیان لە شوێنێکی دیکەوە هێناوە. بۆ من ئێکۆسوسیالیزمی دیموکڕاتیک دەبێ پێش هەموو شت بەر بە ڕەهەندی تووندڕەوی بگرێت، بە مەرجێ مرۆڤ هێشتا هەر خۆی لە چوارچێوەی ئەو ئایدیادا ببینێتەوە، بۆ مانەوە لەو چوارچێوەدا پەروەردەیەکی تایبەت پێویستە، پەروەردەیەک کە یارمەتیمان بدات تا لەو دیاردە تێبگەین، جا یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە ئێمە چیدیکە خۆمان بە ئەشرەفی مەخلوقات نەزانین، خۆمان بە ئەرباب نەزانین، زۆر باشتر ئەوەیە کە ئێمە خۆمان بە پازلێکی ئەو چوارچێوە بزانین. بۆ ئەوەی ئەو پازلە هەموو پارچەکانی لە جێگەی خۆیاندا بن، کەم و کەسری نەبێ، ئێمە دەبێ بتوانین کە ئەو پازلە پێناسە بکەین و بەشەریش تەنیا بە بەشێک لەو پازلە بزانین.

**هیما:** دروستە، بەڵام بۆ تەواوکاری ئەو پازلە، بۆ هاوئاهەنگی لەو وێنەدا کاری زۆرمان پێویستە، واتە دروستبوونی ئەو پازلە ڕێکوپێکە، چالشێکی زۆر گەورە دەخاتە بەر دەممان.

**د. مەنسوور:** بەڵێ، بەڵێ، چونکە تۆ دەبێ هەموو شوێنەکان بدۆزیەوە و هەموو شوێنەکان بە شیاویی پڕ بکەیتەوە، تۆ دەبێ هارمۆنیەکی باش بسازێنی، بە سەر ئەوەشدا وەڵامدەرەوە و ماندگار بێ، واوەتر بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانیش ڕەچاو بکات.

**هیما:** باشە ئێوە مێتۆدێکی فەلسەفی تایبەت شک دەبەن بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکە ڕیالیزە بکات؟ بۆ وێنە ئێمە کۆمەڵێک مێتۆدی جێکەوتووی فەلسەفییمان هەیە کە هەریەک بە شێوەیێک بۆ واقعییەت دەڕوانن، تەنانەت هەندێکیان بە کۆمەڵێک کەرەسەوە بۆ داهاتووش دەڕوانن، بۆ وێنە «هێگل»، کە ڕابردوو

به شێوەیەکی تایبەت دەخوێنێتەوە و له خودی ئەو خوێندنەوەدا پۆتەنسیال و دەرفەتی ئەوە بەدی دەکات کە تێیدا ڕوانین بۆ داهاتووش خۆ بە دەستەوە بدات. بۆ وێنە لە خوێندنگەی ئەمڕۆی فرانکفۆرتدا «ڕاینەر فۆرست» کەسێکی بەرچاوە کە مرۆڤی کۆمەڵگە لە تەک سێ دونیای جۆراوجۆردا ڕووبەڕوو دەکاتەوە، سێ دونیا کە مرۆڤ تێدا دەژی: دونیای یەکەم دونیای واقعییە، کە بتوانیت بە هەموو لایەنە لاواز و لایەنە ئەرێنییەکانییەوە بیخوێنیتەوە، دونیای سێهەم پێشبینیکردنی داهاتوویەکی باش و باشتر و ڕێکوپێکە، دونیایەک کە تا بکرێ کەم ئیرادتر بێت، لە ئاکامدا دونیای دووەم هەیە، کە خۆی بە دونیای ڕەخنە لە قەڵەم دەدات و ئەو دونیایە کە دوو دونیاکەی دیکە پێکەوە گرێ دەدات. جا ڕەنگە ئەو ئایدیای کە ئێوە کاری لە سەر دەکەن بەهەمان شێوە پێویستی بە مێتۆدێکی بەهێز بێت کە بتوانێت کاریگەری درێژماوەی هەبێ، واوەتر ئێوە چۆن بۆ ئەو مێتۆدە کلاسیکیانە دەڕوانن؟

**د. مەنسوور:** خۆی مرۆڤ هەم لە باری فیکرییەوە و هەم لە باری مێژووەوە گەشە دەکات، بۆ وێنە گەشەی مرۆڤ هاوشێوەی ماراسۆنێکی هاوبەشە کە کۆمەڵێک ڕاکەر بۆ بڕینی ڕێگایەک دابەشکاری دەکەن، کەسیان هەیە پێنج کیلۆمەتر دەڕوا و کەسی دیکەشیان زیاتر، یا ڕەنگە کەمتریش، لێرەدا کەسی پێشتر ڕێگا بۆ کەسی دوا خۆی دەسازێنێ. ئێمەی مرۆڤیش دەبێ مێژوو بخوێنینەوە و بە باشی لە ڕابردووی خۆمان بگەین، دواتر ئێستەشمان باش بخوێنینەوە، هەتا خوێندنەوەیەکیشمان بۆ داهاتوو هەبێ، هەتا بتوانین ئەو چڵە دارەی کە لە ماراسۆنەکەدا بە دەستمانەوەیە بە شوێنی خۆی بگەیێنین. بە واتایەکی دیکە خۆ هیچ کەس ناتوانێت هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ڕاکات و ئەو چڵە دارەی دەستی بگەیەنێت. خۆی تێکنۆلۆجی ئێستا بەرەو دونیایەک دەڕوات کە ناڕوونە، بە تایبەت بۆ ئەم جیلەی ئێمە، ئەمڕۆ باس لە دونیای مەجازییە، باس لە هۆش و عەقڵی دەستکردە، هەموو ئەم گەشە زۆر لە ڕابردوو جیاوازترە و لە داهاتووشدا زۆر دەگۆڕێ، یانی لە پەنجا ساڵی داهاتوودا کۆمەڵگە تەواو شتێکی دیکەیە، ڕەنگە زۆر دەستەواژەیەی تازە کاریگەر بن. لە داهاتوودا دەکرێ کابرا لە ژوورێکی تاریکدا بە چاویلکەیەکەوە دانیشێ و لەو شوێنەوە بۆ زۆر شوێنی دونیا بڕوانێ، یا ئەو هەستەی هەبێ کە زۆر شوێنی دونیا دەبینێ. دونیای سەرمایەداری کارێک دەکات کە مرۆڤ ئالوودەی شێوە ژیانێک بێت کە تێیدا بچەوسێتەوە، تەنانەت ڕێگای دەربازبوونی نەبێ، بەڵام ئەمە تیئۆریە، ئەمە پێشبینییە، چونکە دونیای سەرمایەداری زۆر شتی ناشەفافە، بە قەولی دۆستێکم دەیگوت، خۆ دونیای ئەمڕۆ بە دەست ئەو کەسانەوەیە کە بە لاپ تەپەکەیانەوە لە فرۆکەخانەکان دانیشتوون و بە پەنجەیان دەست لە دونیا وەردەدەن، زۆرجار تەواو نادیاریشن و زۆر کەم کەسیش دەیانناسێ. واتە ئەو کەسانەی کە بە پەنجەکانیان پەنجە لە کارتێل و بۆرس و هەموو پێکهاتە جیهانییەکان

*مرۆڤ هێشتا هەر لە سەر*
*ئەو عەقڵە دێرینەی خۆی*
*بیردەکاتەوە، چۆن لەلای ئێمە*
*بیرۆکەی پیاوسالاری کۆنەو ماوە،*
*ئەو شێوە بیرۆکەش کە مرۆڤ*
*باشترین و گەورەترین بوونەوەرە*
*(هەبووە)، بەشێوەیەک*
*لە ناخی هەموو*
*مرۆڤایەتییدا*
*ڕەگی داکوتاوە.*

وەردەدەن، تەنانەت پەنجە لە داهاتووی خەڵک وەردەدەن، خۆ دەوڵەتەکان نیین کە ئەوەندە دەستیان دەڕوات، دەوڵەت و مەجلیس و هەموو ئەو پێکهاتانە پیاوی ئەوانەن. حیزبە سیاسییەکان خۆی ئامرازن کە بە دەستی ئەو جۆرە کەسانەوەن، کەس هەن کە لە سەر حیزب شەڕ دەکات و خۆی بە کوشت دەدا و کەس دەکوژێ، کەچی بە خۆی نازانێ کە ئەو تەنیا کەرەسەیەکە، کە لە کۆی نەزمێکدا بە کار دێت. دواتر تێگەیشتن لەم دیاردە فیکر و عەقڵێکی قووڵی دەوێ، تا تۆ بتوانی خەڵک بە قەناعەت بگەیێنی، تا خەڵک هاوڕات بێ، بەڵام با زۆر نەچینە نێو ئەو خانەوە، چونگە گێژاوە درووست دەکات، با بگەڕێینەوە سەر باسە تایبەتەکەی خۆمان. بیرۆکەیەکی دیمۆکراسی سەوز، یا بیرۆکەی ئێکۆسۆسیالیزمی دیموکراتیک، ئەوە دەبێ ئێمە خوازیاری ئاوەها بیرۆکەیەک بین، با ئێمە ئەو ڕوانگەی خۆمان لە گەڵ سۆسیالیزمدا یا لە گەڵ لیبڕالیزمدا بەراورد بکەین، یاخۆ لە گەڵ ئاییندا، ئەوکات بیرۆکەکەی ئێمە دەتوانێ درێژخایەنی و مانەوەی بوێ.

**هیما:** من دەقاودەق لە تەک ئەو ڕوانگەدام، بەڵام شتێک کە لەو بەستێنەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە، کە ئێمە هەموومان گیرۆدەی نیزامی سەرمایەدارین، هەربۆیە هەموو ڕەخنەکانمان ڕوو دەکەنە ئەو نیزامە. بۆ وێنە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر دیموکراسی سەوز، یا ژینگەپارێزی، یا سەر بیرۆکەیەکی قووڵ و شیاو و بەردەوام کە داهاتوو لە یاد نەکات، یا خۆ بیرۆکەیەک کە لەو شێوە ژیانەی ئەمرۆمان دوور بخاتەوە. ڕووبەڕووەکەمان نیزامی سەرمایە، با بڕوانینە گەورەترین کامپانیەکان، خۆی ئەوانەن دەوڵەتەکان، ئەوانن کە هێڵی سیاسی داهاتوو دیاری دەکەن. ئایا دەستەواژەی شۆڕش، جا شۆڕشێکی فیکری بێت، یاخۆ شۆڕشێکی تێکنۆلۆجی تازەتر، ئێمە چۆن دەتوانین کە خزمەت بە درووستبوونی شۆڕشێک بکەین کە ئەو نیزامە بێڕەحمە لە بنەوە هەڵتەکێنێ؟ یا خۆ هیچ نەبێت دەربیجەیەکی تازەمان بە سەردا بکاتەوە، هەتا ئێمە بەرەو داهاتوویەکی باشتر بڕۆین، خۆ زۆر سیستەمی فیکری دیکە هەبوون کە لە بەرامبەر نیزامی سەرمایەداریدا دۆڕان، نەیانتوانی سەرکەوتوو بن.

**د. مەنسوور:** بەڵێ، نیزامی

هیما
وەرزنامەیەکی فەلسەفی، فیکری و سیاسییە
ژمارە (٢) * ساڵی یەکەم * زستانی ٢٠٢٢

سەرمایەداری ڕاناوەستێت، ئەویش کاری خۆی دەکات و بەرەنگاری زۆر گەشە و دیاردەی دیکەش دەبێتەوە، ئەویش لە بەدیل و ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێ، دیاردەی دژی خۆی لاواز دەکات، واتە ئەو نیزامەش بۆ خودی خۆی زۆر باش کار دەکات. من وەک خۆم گەشبین نیم، من خۆشبین نیم، چونکە پێم وایە کە مرۆڤ لە ئاکامدا هەم خۆی و هەم زەوی و هەم سروشت نابوود دەکات. ڕەنگە پێنجسەد یاخۆ شەشسەد ساڵی دیکە بەم شێوەیە درێژەی هەبێ، یاخۆ ڕەنگە ئێرە بەجێ بهێڵێت و بەرەو هەسارەیەکی دیکە بڕوات. من وەک خۆم گەشبین نییم. چونکە مرۆڤ بەو شێوەی کە ئەمڕۆ لە سەر زەوی دەژی هێشتا بە گوێرەی پێویست عاقڵ نییە، ئەمە خۆی گرفتێکی گەورەیە، بە مەرجێ من خۆم بە شێوەیەکی نیسبی لە عاقڵبوون دەڕوانم. ئەمڕۆ هیچ نەبێت پێنج میلیارد خەڵک هێشتا هەر وابەستە و گیرۆدەی دینە، من کە تەنیا باس لە موسڵمانە تەواو توندڕەوەکەش ناکەم، ئەوە یەهوودیە کە بە شێوەیەکی دیکە، یاخۆ مەسیحیەکەش بە شێوەی خۆی، واتە تەنیا یەک لە هەشتی مرۆڤی سەر ڕووی زەوی بیرێکی تا ڕادەیەک باش و بێگەردی هەبێ، تەنانەت ئەوەش مەحاڵە. ئەگەر واقعبین بین، ڕەنگە تەنیا سەد میلیۆن یا هەشتا میلیۆنی خەڵک بیری جوان و باشی هەبێ. جا چۆن بتوانی بیری بەشێکی زۆر کەم لە خەڵک بە سەر بیری هەرەزۆرییدا زاڵ بکەین، بە مەرجێ تۆ کەرەسەی پێویستیشت نەبێ، خۆ ئێمە دەرفەتی هاوشێوەی نیزامی سەرمایەدارییمان نییە، هەتا جەزابیەتی خێرا بخولقێنین، ئێمە دەبێ تەنیا پێشنیار بکەین و داوا بکەین، هەی ئەمە مەکە و هەی سروشت خاپوور مەکە و ئەم جۆرە شتانە، ئەوەی کە کۆمەڵێک کەسیش ئەو داواکاریە دەکەنە دەغدەغەی خۆیان، لە بەر ترسە، لە بەر لەناوچوونی خۆیەتی، بەڵام هێشتا وا بیرناکاتەوە کە دانیشیت و دیسانەوە خۆی لەو نەزمەدا پێناسە بکات. وتەکان ئەمەن: کاکە ئاو نامێنێ، وەڵات خاپوور دەبێ، لە کۆتایدا ئێمەش لەناو دەچین، واوەتر فیکری ئەوەی نییە کە ژینگە بە گشتی لە ناو دەچێ، بەڵکە هەر دەڵێت ئێمە لەناو دەچین، ئێمە دەبێ کۆچ بکەێن. مرۆڤ هێشتا هەر لە سەر ئەو عەقڵە دێرینەی خۆی بیردەکاتەوە، چۆن لەلای ئێمە بیرۆکەی پیاوسالاری کۆنەو ماوە، ئەو شێوە بیرۆکەش کە مرۆڤ باشترین و گەورەترین بوونەوەرە (هەبووە)، بەشێوەیەک لە ناخی هەموو مرۆڤایەتییدا ڕەگی داکوتاوە. هەربۆیە لەو بەستێنەدا چالاکی زۆر گەورە و کاریگەر پێویستن، جا لە پەروەردەوە بگرە هەتا دەگاتە زۆر ئاستی دیکە، بیرمەندی باش و باشترت دەوێ، ئەگەرچی بیرمەند هەبوون و هەن کە ئاماژەیان بەو پرسە گرینگە داوە، «سپینۆزا» شتی باشی وتووە، واتە گەشەی کۆمەڵایەتی و گەشەی نێو سروشت، ئەو دوو گەشە بە جۆرێک هاوشێوەی یەکن. بۆ وێنە کۆمەڵگای فرەڕەنگ کە دەبێ هەر شتێک لە جێگەی خۆیدا جێگیر بێ و تەبایی و هارمۆنی تێیدا باڵادەست بێ. بەڵام جەزابیەتی دونیای سەرمایەداری بۆ کۆمەڵێک خەڵک، بۆ سەرمایەدارەکان، دواتر تاریفکردن و پێناسەکردنی ژیان

کە تەنیا لە چوارچێوەی تەمەنی خۆیاندا قەتیس دەکرێتەوە، چونکە زۆر جار وەک مرۆڤ چاو لە دیاردەکان ناکەین، بەڵکە تەنیا وەک من و وەک خۆم، واتە خۆ منێک حەفتا یاخۆ نەوەد ساڵ دەژیم، ئیتر پێناسەی ژیان بۆ ئەو نەوەد ساڵە دەکەم. من چی کەم کە ئەو نەوەد ساڵە باش بژیم و خۆش بژیم، نەک وەک مرۆڤێک کە ژێنۆمت هەبێ و ئەو ژێنۆمانە دەمێننەوە و درێژە بە هەبوونی خۆی دەدات. ئەمەیە کە ئێمە کارمان زۆر ئەستەمە، بەڵام خۆ نابێ کۆڵبدەین، ئێمە دەبێ درێژە بە هەوڵەکانمان بدەین، بە کاری پەروەردە، ڕاهێنان، خوێندن، باسکردن و نووسین و ئەوەی کە لە دەستمان دێت.

**هێما**: بەڵێ، من لەو خاڵەدا پرسیارێکم بۆ هاتە پێشەوە، زۆر جار لە پرسی گەشەدا دەگوترێ: مرۆڤ ئەوەی کە خۆی بۆ خۆی دەسازێنێ، تەنیا هەر ئەوەشی ڕایەدەکەوێ، واتە ئەو گەشەی کە ئەمڕۆ بە ڕێگەیەکی تایبەتدا دەڕوا، ئەوە بەبێ هۆ نیە و مرۆڤیش تەنیا ئەمەی قابیلە. کۆمەڵێک بیرمەندیش هەن کە بە گشتی ڕەشبینن و دەڵێن، مرۆڤ لە کۆتاییدا هەر خۆی بە دەستی خۆی خۆ لە ناو دەبات، لەو لاشەوە گەشبینەکان دەڵێن، نا مرۆڤ قابیلی گۆڕان و گەشەی ئەرێنییە، ڕەنگە ئەو گەشە ئەرێنییە بۆ ژیان و تەمەنی من و تۆ و تاک زۆر بخایەنێت، بەڵام خۆ قەزەیەی سەرەکی تەنیا من و تۆ و تەمەنی ئێمە نییە، کەوایە با بە هیچ شێوە واز لەو بیرۆکە جوانە نەهێنین کە مرۆڤ دەتوانێ بە ئەوجی گەشەی جوان و ئەرێنی خۆی بگات.

**د. مەنسوور:** من وەک خۆم پێم وایە کە دەبێ بەردەوام بین، بەڵام بەو خوێندنەوەی کە من بۆ بەشەر بۆ مرۆڤ هەمە، دواتر بەپێی ئەو فاکتانەی کە ئەمڕۆ لە بەردەستدان، گەشبین نینم.

# ناساندنی نوسەرانی ئەم ژمارە

## پرۆفسۆر دوکتور باقر فەرەنگیس

سالّی ١٩٦١ی زاینی لە شاری سنە لە دایک بووە. سالّی ١٩٨٨ی زاینی لە ئوروپا پەنابەر بووە و زانستی فیزیای لە زانستگاکانی هایدلبیرگ، گیسن-ی ئالّمان و، زانستگای کانزاس و تاقیگەی بیرکلی ئامریکا خوێندووە و، بەلّگەنامەی بەدەسهێناوە. سالّی ٢٠٠٣ی زاینی بڕوانامەی دوکتورای فیزیا و سالّی ٢٠٠٧ی زاینی بڕوانامەی فەوق دوکتورای وەرگرتوە. دامەزرێنەری زانکۆی زانستی سروشتی لە زانستگای هیراتی ئافغانستان بووە. لە زانستگای عادیگراتی ئەتیوپی ناوەندی تۆژینەوە و لێکۆلّینەوەی وزەی نوێکراوەی دامەزراندووە. بەخوێندکارانی زانستگاکانی گیسن، هیرات و عادیگرات وانەی گوتوەتەوە. ئێستا ئوستادی زانستگای فریدبێرگی ولّاتی ئالّمانە.

## ڕەشاد مستەفا سولّتانی

لە سالّی ١٣٢٧ی هەتاوی لە ڕۆژهەلّاتی کوردستان، لە ئاوایی «ئالّمانە» لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ئالّمانە و لە شاری سنە تەواو کردووە. پاشان خوێندنی بالّای لە شاری سنە بە ئاکام گەیاندووە. ناوبراو بە گشتیی چوارجار بۆ ماوەی کورت لە شارەکانی بانە و نەهاوەند و تاران زیندانیی کراوە؛ هەر بە بۆنەوە «ساواک» ڕێگری لێکردووە و نەیهێشتووە لە هەرێمەکانی (ئوستان) ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان کاری مامۆستایی بکات. پاشان شاری نەهاوەندیان بۆ تەرخان کردووە و وادار بەوە کراوە لەوێ دەرس بلّێتەوە. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە و لە چەند دەبیرستانی جۆراوجۆر کاری مامۆستایی درێژە پێداوە.

لە بواری کاری سیاسییدا بۆ ماوەی دە سالّ لە ناو ڕێکخراوەی کۆمەلّدا چالاکی سیاسی هەبووە و ئەرک و بەرپرسیاریەتیی جۆراوجۆری لە ئەستۆ گرتووە. لە بواری نووسین و بلّاوکردنەوەدا چالاکی زۆری هەبووە و هەیە، هەر لە وەرگێڕانەوە هەتا کۆمەلّێ بابەتی خۆی بە زمانی کوردی «بیرەوەرییەکانی خۆی» بابەت و وتاری زۆری پەخشکردۆتەوە.

**لاله عەبدە ئەمین**

لە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، دواتر پەیمانگای هونەرە جوانەکەنی بەغدادو ئاکادیمی هونەری فلۆرەنسای وڵاتی ئیتالیای خوێندوە و خاوەنی چەندین پیشەنگای هونەریە لە جیهاندا، بەتایبەت لە ئەوروپا. ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئەڵەمانیایە.

**د. مەنسوور سۆهرابی**

لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە، دواتر "پی اچ دی PhD" ئەگروئێکۆلوژی لە تاران وەرگرتوە و بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لە ئێران مامۆستای زانکۆ بووە؛ ئێستا لە ئالمان بە کاری لێکۆلینەوە سەرگەرمە و هاوکات لە بواری تەخەسوسییدا هاوکاری مێدیا دەکات.

**ئەحمەد ئەسکەندەری**

ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سەقز لە دایکبووە و هەر لەم شارە خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە. لە زانکۆی پەهلەوی شیراز BSc وەرگرتووە لە بواری جیۆلۆجی. دوو ساڵ وەکوو ئەندازیاری نەوت لە باشووری ئێران کاری کردووە. بۆ خوێندنی باڵا چووتە فەڕانسە و لە نێوان ١٩٧٦ تا ١٩٧٨ لە شاری بۆردۆ ماستێر و هەروەها D.E.Aی وەرگرتووە لە بواری زانستی ئاو. لە گەرمەی شۆڕشی ئێران دژ بە ڕژیمی شا گەڕاوەتەوە وڵات و لە ناوشاری سەقز چالاکانە بەشداریی کردووە لە شۆڕشدا. دواتر لە دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی هەتا ساڵی ١٩٨٣ کاری سیاسی کردووە. پاشان دە ساڵ لە ڕێکخراوی کۆمەڵەدا بووە، لە ڕادیۆ کۆمەڵە و هەروەها لە نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات چالاکانە بەشداری خەبات بووە. لە زمانەکانی ئینگلیسی، فەرانسە و سوئێدییەوە ژمارەیەکی زۆر وتاری سەبارەت بە مێژووی کوردستان، پرسی یەکسانی و مافی ژنان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و فارسی. چەند کتێبێکی لە ئیگلیسییەوە وەرگێڕاوە. سێ بەرگ لە بیرەوەرییەکانی بە فارسی و کوردی بڵاوکراوەتەوە. لە کۆمەڵێک کۆڕ و سێمینار و کونفرانسدا چالاکانە بەشداریی کردووە.

**د. هیوا عەلیدوست**

ساڵی١٩٨٠ لە شاری بانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایک بووە. ناوبراو خوێندنی سەرەتایی لە شاری بانە تەواو دەکات و دواتر بە بنەماڵەوە ڕوو دەکەنە شاری سلێمانی کوردستانی باشوور؛ پاش دوو ساڵ مانەوە، شاری سلێمانی بەجێ دەهێڵن و لە وڵاتی ئاڵمان دەبنە پەنابەری سیاسی. بەڕێز هیوا لە وڵاتی ئاڵمان درێژە بە خوێندن دەدات و لە زانکۆی شاری دارمشتات خوێندی باڵا لە بواری زانستی سیاسی و کۆمەڵناسییدا بە ئاکام دەگەیێنێت، تا لە دوایین هەنگاودا لە بواری فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا دوکتۆراکەی دەگرێت. دوکتۆر هیوا ئێستا لە زانکۆی شاری «هیلدیسهایم» دەرسی فەلسەفە دەڵێتەوە و بابەتەکانی بریتین لە: دەستەواژەی ئازادی، دادپەروەری، بەڕەسمیەتناسین، خوێندنگای ڕەخنەگرانەی فڕانکفورت و فەلسەفەی هاوچەرخ بە گشتیی.